# بــۆڕژان

# بــۆرژان

## دڵزار حەسەن


- نەخشەسازیی ناوەوە و بەرگ: محەمەد زاری
- بابەت: ڕۆمان
- چاپ: یەکەم ٢٠١٩
- بەرگ: یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٥٠٠٠ دینار
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەڕتووکخانەگشتییەکان ژمارە (٤٣٥)ـی ساڵی ٢٠١٩ـی دراوەتێ.

# بــۆرژان

## دڵزار حەسەن

ڕۆمان

٢٠١٩

مدخل

## ١

نزیکترین، یادەوەری تاڵم، لەو ماڵەی سی ساڵی تەمەنم لێوە بەڕێکرد، کۆچی دوایی دایکم بوو، هێشتا سێ مانگ بەسەر گیان سپاردنی دایکی ئازیزم تێپەڕی نەکرد، دوا بڕیاری خۆمدا، هیچ بژاردەیەکی دیکەم نەبوو، جگە لەم کۆچە، بۆیە بە چاوی قەتیس ماوی پڕ فرمێسکەوە، کۆڵە پشتەکەم، دەپێچایەوە و دەستم بۆ ئەو شتانە دەبرد، کە بەنیازبووم لەگەڵ خۆمدا ببیانبەم، هەرچەند نەمدەویست ئەو گەشتە ڕێکخەم و چارەونووسی خۆم بدەمە دەست ئەو ڕێگایەوە. ئاخر مرۆڤ بەدەست خۆی نییە، هەمیشە شتێک، کەڵکەڵەیەک، ئارەزوویەک ناچار بە کۆچی دەکات. منیش ناچاریەک، کە پیس خەمباری کردووم، بێ ئەوەی خۆی بۆ ئامادە بکەم، یان بیرم لێکردبێتەوە ئیدی منی خستۆتە سەر ئەم کۆچەوە. لە پێشتردا دەم بیست خەڵک، لاوان و گەنجانمان، بە هۆکاری جیا جیا، ئەم ڕێگایەیان ئەزموون کردووە و گیان و خاو خێزانیان خستۆتە مەترسیەوە، دەریا کە بۆ ئێمەی کورد، بە گۆڕستانی خەونەکانمان ناسراوە، ئەو دەریا و ڕێگایە، ئەم کۆچە بێ حەوسەڵەیە، بەردەوام بۆ ئێمە مایەی نیگەرانی و شووم

بووە. دەریای ئیجە بۆ گەنجانمان باوەشێکی مەرگ دۆستانەی هەبووە، گۆرستان بووە نەک دەریا، دڵێکی وشکی هەبووە نەک تەڕ، لەم چەند دەیەی رابردوو خەونی هەزاران کوردی لە گۆڕناوە .

بەس بۆ من ئەم کۆچە هەمان کۆچ نییە، هەمان مانا نییە، ئەوەی من کۆچی خەون و خەیاڵەکانمە، نەک کۆچی جەستە، لە خاکەوە، بۆ خاکێکی دیکە، یان لە زەویەوە بۆ زەوی، ئەوەی من گەڕانە بەدوای چارەنووسی هزرێک، بیرکردنەوەیەک، کە تا ئەم ساتەش لێم ونە و نایدۆزمەوە. ئەوانەی کۆچ بۆ دۆزینەوەی خاکێکی دیکە دەکەن، بۆ ژیان، هێشتا لەمانای کۆچ تێنەگەیشتوون، ڕانەهاتوون، دان بە نیشتمانێک دابنێن، کە لەناخی خۆیاندا ونیان کردووە، ئەوانەی لایانوایە جێهێشتنی خاک جێهێشتنی نیشتمانە، بەهەڵە داچووینە، نیشتمان جێ ناهێڵدرێت، بەڵکۆ دەبێ بەدوایدابگەڕێیت، دەبێ بیدۆزیتەوە. خاک نیشتمان نییە، نیشتمانیش خاک نییە، خاک ئەوەیە لەسەری دەژیت، نیشتمان ئەوەیە بۆی دەژیت، نیشتمانی ئینسان ناخیەتی، هەست و خەیاڵ و خەونەکانیەتی، بۆیە هەمیشە بەدوای دادەگەڕێین، منیش هێشتا لەم خەیاڵ و خەونە دەربازم نەبووە، ناخم پڕیەتی لەم گەڕیدەییە، هەناوم سووتاوە بۆ ئەم کۆچە، کۆچی گەڕان بەدوای نیشتماندا.

کۆڵەپشتەکەم، پڕکرد لەو یادەوەریانەی ئاشنام دەکەنەوە بە نیشتمان، بە ماچ، ماچی گۆنایی دایکم. تەنانەت ئەو دوو چووتە پێڵاوەی دایە گیانیشم برد، کە پڕی بوو لە ڕۆیشتن، پڕی بوو لە تەماشا، لە ڕوانین، لە گومان.

لەم ماڵە، تەنها باوکمان، فەرمانی بەسەرمان دەبەخشیەوە، وشەکانی دڵنیایی دەتۆراند، دڵی ژوور بە ژووری ماڵەکەمانی نیگەران دەکرد .

باوکم، شەست و هەشت ساڵی تەمەنبوو، کاتێک دوا وەسیەتی بۆمان خوێندەوە، وەسیەتەکەی باوکم بۆ دابەشکردنی سەروەت و سامان نەبوو، بۆ دابەشکردنی زەویی و موڵک و ئاژەڵ و ماڵاتەکانی نەبوو بەسەر کوڕوو کچەکانیدا، بەڵکو چنینەوەی ئامۆژکاریەکانی بوو، ئەو دەیویست پێمان بڵێت، ئەمڕۆ ڕۆژی چنینەوەی ئاکار و قسە و گفتارەکانتانە.

هەفتەیەک پێش خودا حافیزی یەکجارەیەکی و گیان سپاردنی بە یەزدانی مزن. باوکم لەگەڵ دایکم، ئەو وەسیەتەیان دەنووسیەوە، ئێستاش تێنەگەیشتم بۆ دایکم لەگەڵ باوەم، خەیاڵیان جووت بووە و شەیدای ئەم وەسیەتەن، خۆ دەشکرا بێ وەسیەتیش مردنێکی شەرەفمەندانە بمریت، ئەوانەی وەسیەت دەنووسن ئاخۆ لە شەرفمەندانەیخۆیان دەترسن،

شــــەرم لەو مەرگەیانـــدەکەنەوە، بڕوانـــاکەم کەســـێ هەبێــت وەسیەتداربێت و قەرزاری پیاوەتی خۆشی بێت.

بــاوکم پیاوێــک نەبــوو ترســی لە جــوامێری خــۆی هەبێــت، قەرزاری کەس نەبــوو، کەســێکی رێــزدار و خــاوەن پــایەی کۆمەڵایەتی بــوو، بەس بێدەنگی ئەوی کوشـتبوو، تـا مـردیش نەیتــوانی باوەشــێک قســـەی تامــدار وەک بــزەیەک بخـــاتە سـەرلێوانی دایکـم. دایکـم، جگە لە هەنـدێک رەخـنە و تێبینـی و قسەو کردارەکانی لەبارەی چەند پرسێک و چەند کێشـەیەکی خێزانیمـان، تەنهـا ئەو گلەییەی لە بـاوکم هەبـوو، کە کەسـێکی بێـدەنگ بــوو، ئەگینــا بــۆ خێــزان و ژن و منــداڵەکانی خــوا هەڵناگرێت بێ عەیب بوو. نووسینەوەی وەسیەتنامەکەشـی بە دوو قۆڵی لەگەڵ دایکم، گەواهـی ئەو هەقیقەتەن، کە شـکور تـا مردیش دڵمان گەردی نەگرتبوو لێی.

دایە و باوە، بە هەردووگیان، وەسیەتنامەکەیان بۆ خوێندینەوە، ئـــێمەش گریـــان لە دڵ و دەروون وقوڕگمـــان گڵپەیـــدەدا، رووخسـارمان وەک مـانگی ڕەشـەمێ ڕەش ڕەش هەڵگەڕابـوو. کەی خۆشــە گـوێ لە وەسـیەتنامەی کەســە نزیکەکـانی خـۆت بگریت، نەخاسـمە ئەو کەسـەش باوکت بێت. لە وەسـیەتنامەکە دوو شــت زۆر ســەرنجی ڕاکێشــام، بــاوکم هەشــت خــاڵی نووسـیبوو، پێدەچوو دایکیشـم دوو خـاڵی بـۆ زیادکردبێت. بە چی زانیم ئەو دوو خاڵە هی دایکمە، چونکە بـاوکم ڕانەهـاتبوو

قسـه بـۆ سـبەی بکـات، بـاوەکە گیـانم، تـا مـردیش لە ڕابـردوو ڕادەمـا، تـا مـردیش بـاس باسـی ئەوێ ڕۆژێ بـوو، لای بـاوکم شـتێک نیـیە بەنـاوی سـبەی، دوێنـێ هەیە لەگەڵ ئەمـڕۆ، زۆر بەکەمیش گرینگی بە ئەمڕۆ دەدا، ئەو پێیوابوو دوێنێمان ئەمـڕۆ و سبەشمانە .

بیـرمە باوەگیـانم ڕۆژێـک قسـەی بـۆ منداڵێک دەکرد، هەرچەنـد بـاوکم کەسـێکی بێدەنگ و کەمـدوو ناسـرابوو، بەس ئەو ڕۆژە دەتگـوت زمــانی بــژاوە ئەوەنــدەی گــۆت هەر نەیــدەبڕیەوە، دەتگـوت واعیـزە و مێگەلـی بەپـێش خـۆی داداوە. بـاوکم زۆر قسەی کرد، زۆر ئەو ڕۆژە. ئامۆژگاری منداڵە ١١ سـاڵانیەکەی بەو جــۆرە دەکــرد و دەیگــوت، بەوەبــزانە، کە دوێنێمــــان لەمڕۆکەمـان باشـترە، چـونکە هەمیشـە خـۆزگە دەخـوازین بە ڕۆژانی لە دەست چوومان، بەردەوام  بەو یادەوەریانە دەژیـن، کە لە دوێنێکەدا لێی ژیـاوەین. قەت بیسـتووتە کەسـێک خـۆزگە بەسـبەی بخوازێـت؟! ئەوەی سـبەی خەونە و ئەوی دوێنـێش هەقــیقەت. خەون، ئینســان دەکوژێــت، دووری دەخــاتەوە لە واقیـع. ئەوانەی لەگەڵ خەونەکانیـان دەژیـن، بە راسـتەقینەیی نەژیـاون؟!. سـاردی و گەرمـی و ترشـی و شـیرینی ژیانیـان نەبینیووە، بەدوای ئاییندەدا وێڵن، وێڵن لەناو گێژاوی خەیاڵ.

منداڵە بچوکە تەمەن یانزە ساڵیەکەش وەک ئەوەی لەنـاو پۆلـدا دانیشـتبێت و مامۆسـتای وانە لەبەردەمـی بێت، قنج قنج گـوێی

بۆ قسەکانی باوکم ڕاخستبوو. کوڕە بچکۆڵە نیازی نەبوو قسەیەک بکات، لەتەنها گوێگرتن زیاتر.

من دەمزانی باوکم وەک دایکم بیرناکاتەوە، بۆیە دڵنیابووم لەوەی ئەو دوو خاڵە هی دایکمە، لە ڕاستیدا خۆشم هەر ئەو دوو خاڵەم بەلاوە پەسند بوو، کە دایکم بۆ وەسیەتنامەکەی باوکم زیادی کردبوو.

(بەیانی، زۆر شت دەگۆڕێت) مەبەستم وتەکەی دایەمە ئەو لەم خاڵەدا، کە لە ناو وەسیەتنامەکەی باوکم زیادیکردبوو، دەیەوێت، شتێک بۆ سبەی بڵێت. لە مەنزوری دایکم سبەی جەوهەری ژیانە، نەک ئەمڕۆ و دوێنێ. بۆیە لە بڕگەی دووەم کە لە نۆیەم خاڵدا دایبنابوو، پێمان دەڵێت: (سبەی مەبەستنەوە بە ئەمڕۆتان، با ئەمڕۆتان وەک دوێنێ نەبێت). لەم جوملە مەتاتیەدا فەلسەفەیەک هەیە، ئاخر دایکم فەیلەسووفانە دەیڕوانیە ژیان، سەیر بیری دەکردەوە بەکەس نەدەچوو، هەمیشە دەیویست بەو ڕێگایەدا نەڕواتەوە کەلێهاتبوو، جیاوازی ئاگایی ئەو لەگەڵ خەڵکی لە ڕوانگەی جودایی تێڕوانینی ئەو بۆ شتەکان، باشتر بەدیار دەکەوت.

## ٢

دایکــم لە ســـەرەتای هەشـــتاکانی ســـەدەی بیســـت، بەشـــی ژمێریـــاری لە زانکـــۆی بەغـــدا تەواو کردبـــوو، بەس شـــەیدای خوێنـدنەوە و کتێـب و نووسـین و ئەدەب و فکـر و فەلسـەفە، بەتەواوی دووریخستبۆوە لە بوارەکەی خۆی.

دنیـابینی ئەو پەیوەنـدی نەبـوو بە کتێـب خوێنـدنەوە، بەڵکـو ڕووداوێک، روانگە و تێڕوانینی دایکمی بە یەکجاری بۆ ژیان گۆڕیبـوو، خـۆی بـۆی گێـڕامەوە ئەو کـاتەی لە بەغـدا دەی خوێنـد، سـەردانی کـارگەیەکی دروسـتکردنی کەرەسـتەی بـێ گیانی وەک گوڵ و مەرکانە و باڵندە و چەندان شتی دیکەیان کە لە دار دەتاشی کرد. ئەوان داری دارستانەکانیان دەبڕیەوە بۆ ئەوەی بیانکەن، بە وێنە و دیمەنێک و دواجار لە بازاڕ بیان فرۆشـنەوە. لێرەدا دایکـم دوای بەرکەوتنـی ئەودیمەنـانە ئیـدی تێڕوانینـی بـۆ جـوانی دەگۆڕێـت و لەســەر ئەم چـرکە سـاتە دەوەستێت، زۆر بەلایەوە سەیر دەبێت و دەپرسێت، دار خـۆی زیندووە و پڕە لە جوانی، پڕە لە ئیستاتیکا، پڕە لە ئیحا بۆ چاو و دڵ و ڕۆحمـان، ئـاخۆ چ پێویسـتی بەوە هەیە بیتاشـیت و شـتێکی دیکەی بـێ گیـانی لـێ دروسـت بکەیت. بـۆ دایکـم ئەو

دیمەنـــانە، گــۆڕانی گەورەیـــان بەســـەر دیــدگای دایەم هێنــا، وایلێکـرد ئیـدی ژیـان وەک خـۆی ببینێت و بەتەواوی مەیلـی چــووە ســـەر سروشــت و تێڕامـــان لە دنیـــای پــڕ لە جــوانی سروشــت. ئەو کــاتەی دایەم ئەو قســانەی بــۆ دەکــردم ڕێــک سوهراپی سەپهەری شـاعیری ئێرانیم کەوتەوە بیر، کە دەڵێت: دەبێ چاوەکانمـان بشـۆین و بەچـاوێکی دیـکەوە سـەیری دنیـا بکەینەوە.

زۆر جار لە دەمی ئەو و ئەمەوە دەبیستین فلان، کتێ یان فلان رووداو و یان فلان کەس و قسـە منـی گـۆڕی، دەروونـی مـرۆڤ کەم کـــات پەیوەنــدی بە ئاگـــاییەوە هەیە، دەروون شـــتێکە و ئاگایی شتێکی دیکەیە. ئاگـایی دروست ئەوکـاتە بەرکەوتەکـانی دیـــاردەبن، کە هۆشــــیاری لێـــوە بڕوێـــت. بەس دەروون، ڕووداوەکان، هەستەکان، ژینگە و دەورووبەری دەیان گۆڕێت.

دایکم دەرچوی ژمێریاری بـوو، بەس ژمێریـارێکی بـاش نەبوو، بـاش نەبوو لەبەر ئەوەی ژمێریـاری نەیتوانی دڵخۆشـی بکـات، ئەو بەدوای دڵخۆشــیدا دەگەڕا، وێــڵ بــوو بەدوای دڵئارامیــدا، نەک پارە و حیسابات. هەرچەند ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا زیـاتر بە کـاربەر ناسـراون، نەک بـکەر، کەڵـچەرەکە واهـاتووە، ژن بەردەوام سـەرفدەکات پەیدای ناکـات. دایەشـم، جیـاواز لەم نەریتە دەیڕوانیە پارە و پێداویستیەکانی ژیـان، ژیـان لای دایەم بەو جـۆرە نەبـوو کە ئەوانـی دیـکە تێیانـدەڕوانی، یـان بیریـان

لێدەکردەوە، دایەم زۆر چارەی پارەی نەدەویست و حەزی بە ژماردنی نەدەکرد؟! لەم جۆرە ژیانەدا جوانیەک هەیە، کە کەم کەس هەستی پێدەکات، جوانی خاکی بوون، ئاوێتەبوون لەگەڵ دنیای دەرەوە و نەبوون بە بت و کۆیلەی پارە و سەرمایە. دایکم چەپ نەبوو بەس هەموو ژیانی رۆچووبووە نێو ئایدیالیستی چەپەکانەوە، رەوشت و بیرکردنەوەی زۆر چەپانە بوو، روانگەی بۆ ژیان ریالیستانە بووە، کاریگەری زۆری فێمێنیست خوازەکانی ئەمریکای لاتینی بەسەرەوە بوو، ئازادی لە نانەوە نەدەبینی، بەڵکو ئازادی لە بیر و بیرکردنەوەوە دەبینی. ئەو پێیوابوو، ئەو تایتڵەی کە دەڵێت نان و ئازدای ئینسان دەکوژێت، وتەیەکی خۆخنکێنە و دوورە لە سروشتی ئینسان، بەڵکو دەبێ بگوترێت "تەنها ئازادی ."

دەبێ لەوە بگەین، بەدەست هێنانی نان شتێکە و دواجار لە فۆرمدا بۆ هەموومان وەک یەکە، هەرچەندە ئێستا دنیا گۆڕاوە و ئەوانەی لە تێری دەمرن لەگەڵ ئەوانەی لە برسانە گیان لەدەستدەدەن لە میتۆدی زانستی پزیشکیەوە دەرئەنجامەکەی لە رووی جەوهەرەوە وەک یەکن، بۆ نموونە لە ئەمریکا خەڵک بەزۆر خۆر ناسراوە و رێژەی نەخۆشی دڵ و چەوری لەچاو وڵاتانی دیکە لەسەری سەرەوەیە، لە باشوری ئەفریقاش خەڵک لە برسان دەمرن. بێگومان لە جیهانی نیو لیبراڵی کە ئێستاکە شوناسێکی بان سیاسی وەرگرتووە، کە ئابوری پاوانکراوە بۆ

دەستەیەکی سیاسی و کۆمپانیا قازانج هێنەرەکانی جیهان کە ئەو دۆخەی خوڵقاندووە، بەیەک چاوو سەیری هەردوو حاڵەت دەکات، ئەوەی لەبرسان دەمرێت یان ئەوەی لە تێربووندا گیان لەدەست دەدات، ئەوەی لای ئەو کۆمپانیا بازرگانە مۆنۆپۆڵیە گرینگە، سوود و قازانج و گەشەی سەرمایەکەیانە لەو بازاڕی ئازادەدا. هەڵبەتە هەردوو هەوڵدان بۆ نانە کە لە جەوهەردا هیچ چێژێکی راستەقینانەی مرۆڤانەی نییە، بەڵکو چێژ لە ئازادی دایە، کە بەگەیشتن بە ئازادی ئینساندۆستانە کۆی مرۆڤایەتی روانگەی بۆ ژیان دەگۆڕێت، لە مرۆڤێکی ماکدۆناڵدیەوە دەبێت، بە ژیاندۆست .

بەڕاستی ئەو کاتەی نامەکەی کارڵ مارکسی بیرمەندم بینی کە بۆ هاوسەرەکەی ناردبووی، ئینجا تێگەیشتم کە دایکم مارکسی نەبووە، بەس چەپانە ژیاوە. هەر ئەمەش وایلێکردم ئیدی نامەکە لە نێو رۆمانەکەمدا بڵاو بکەمەوە، کە پێشرە و محەمەد وەریگێڕاوە بۆ ئەوەی ئێوەش و منیش لەوە بگەین، کە دایکم بە چی مارکس سەرسام بوو، یان چی وای لەدایکم کردووە نامەکەی مارکس بۆ "یەنا"ی هاوسەری، ئەوها بەگرینگی سەیربکات و لای خۆی یاداشتی بکات.

## مەعشوقەی دڵی من

ئەوە دووبارە نامەت بۆ دەنووسم، چونکە من تەنهام و هەمیشەش ئەوە بۆ من کێشە بووە بەتەنها و لە مێشکمدا بیر لەگەڵتدا گفتوگۆ بکەم، بەبێ ئەوەی تۆ شتێک دەربارەی ئەو شتە بزانی کە من لەبارەی تۆوە لەزەینمدایە، یان بیبیستیی و یاخود تەنانەت بتوانی وەڵامیشی بدەیتەوە .

هەندێک ونبوونی کورت مەودا، باشە، چونکە ئەگەر دوو کەس بۆ هەمیشە و سەقامگیر بەیەکەوە بن مەسەلەکانی ژیان زۆر لەیەک دەچن و ناتوانین بە ئاسانی لەیەکتریان جیابکەینەوە و بیانناسینەوە .

دووریی، تەنانەت بورج و قەڵاکانیش بچووک دەکاتەوە؛ لەکاتێکدا شتە چکۆلە و پاتاڵەکان، لەنیگایەکی نزیکدا دەبن بە شتگەلی گەورە .

خووونەریتە بچووکەکان ڕەنگە لە فۆرمە هەستیارییەکان و فۆرمە فیزیکییەکاندا ئەزییەتی ئینسان بدەن، کاتێک ئەو شتە لەبەرچاومان هەڵدەگیرێت، ئیتر بوونی نامێنێت.هەستە قوڵەکان کە بەهۆی نزیکیی تاکەکانەوە، فۆرمێکی چکۆلە و دووبارەوەبووی بەخۆوە گرتووە، بەهۆی سیحری مەوداوە، گەشەی کردووە و دەگەڕێتەوە بۆ ڕەهەندە سروشتییەکانی خۆی. مەودا دەبێتە هۆی ئەوەی تۆ تەنها لە من و خەونەکانی

تەنهاییمەوە دزراوی؛ و من بە عەشق و خۆشەویستییمەوە بۆ تۆ، زۆر بەخێرایی تێدەگەم کە دەبێت کاتی دووری تەنها وەک خۆر و باران کە بۆ گەشەی گژ و گیاکان پێویستە، بەکاربهێنرێت .

کاتێک تۆ لێرە نیت، عەشقی من بۆ تۆ، خۆی دەردەخات و ئەو شتەش هێندە گەورەیە و لەو هەموو وزە کۆکراوەی نێو ڕۆح و گیانم و هەموو خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی دڵمەوە، دروست بووە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی من دووبارەهەست بکەم کە ئینسانم؛ چونکە من ئەزموونی هەستێکی قوڵ و جۆربەجۆردەکەم؛

موتاڵەعە و پەروەردە و فێربوونی نوێ، ئێمەی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە؛ هەروەها گومانگەرایی بووەتە هۆی ئەوەی ئێمە لە سەرجەمی تێگەیشتن و دەرککردنە ئوبێکتیڤ و سوبێکتیڤ(بابەتیی و زەینیی)یەکانماندا، بەدوای هەڵەدا بگەڕێین؛ هەموو ئەمانە، بەجۆرێک دیزاین و ڕێکخراون کە ئێمەی بچووک، لاواز و کەڕ کردووە. بەڵام عەشق نەک عەشقی فۆیەرباخی - نەک بۆ میتابۆلیزم و نەک بۆ پرۆلیتاریا – بەڵکو عەشق بۆ مەعشوق و بەدیاریکراوی عەشق و خۆشەویستیی بۆ تۆ، دەبێتە هۆی ئەوەی ئینسانێک دووبارە هەست بکات کە ئینسانە. لەم دنیایەدا ژنانێکی زۆر بوونیان هەیە لەنێوانیاندا ژمارەیەک لەوان ڕووخساریان جوانە. بەڵام

لەکویَ من دەتوانم ڕووخسارێک ببینمەوە کە هەر بەشێکی و تەنـــانەت هەر جـــوڵەیەکی گەورەتـــرین و شـــیرینترین یادەوەرییەکانی ژیانمم بیردەخاتەوە؟

تەنانەت لەگەڵ بوونی ئەو هەموو ڕووبەڕووبوونەوانە لەگەڵ ئـازار و دەردە ناکۆتاکـان و ئەو زیـانە قەرەبـوونەکراوانەی بەرمن کەوتوون، تۆ هێشتا گلەییەکت نەکرد .

مـن بە مـاچکردن ئـازار لەخـۆم دوردەخەمەوە، ئەویـش ئەو کاتەیە کە کە ڕووخساری شیرینی تۆ ماچ دەکەم.

**خۆشەویستییم بۆتۆ ئازیزی دڵم**
**هەزاران جار تۆ و منداڵەکان ماچ دەکەم**
**کارڵی خۆت**
**٢١ی جونی ١٨٦٥، مانچستەر، بریتانیا**

بـاوکم کە وەسـیەتنامەکەی دەرهێنـا و لەگەڵ دایکـم پەلەی خوێنـدنەوەیان بـوو، چاکمـان دەزانـی ئەم وەسـیەتنامەیە بـۆ دابەشـکردنی پـارەو موڵـک و مـاڵەکەی باوکمـان نیـیە. بە غەمبـاریەوە گوێمـانگرد، بـۆ ئـێمە ئەو وەسـیەتنامەیە جـگە

لەدڵتەنگیمـان بە لەدەسـتدانی باوکمـان، چیتـری تێدا نەبـوو، کە دڵنەواییمان پێبدات، ئایە سبەی چدەکەین و چ بۆ ژیانی خۆمـان بکەیـن باشــە، جـگەلەم دوو خــاڵەی دایکمــان نەبێـت، کە بـۆ وەسیەتنامەکەی باوکمان زیادی کردبوو.

## ٣

ماڵی دارین دەکەوێتە  بەردەم مزگەوتێ، ئەو مزگەوتەی لەناو ژنـان بە مزگەوتـی مەلا قـادری تەبـیعەت ژنـانی ناوبـانگی رۆیشتبوو، ژنان ئەو ناوەیان لێنابوو، ژنانیش ماڵیان ئاوابێت ڕەنگ نییە ناو و ناتۆرە لەکەسێک بنێت ئیدی تەوا و وەک قیرو و بنێشت ئەم ناوەی پێوە دەنووسێت و بە مردنیش لێی نابێتەوە، فەرموو مەلاقادر پێنج ساڵیش دەبێ مردووە، بەس ژنان لە گۆڕەکەش وازی لێناهێنن و هەر دەڵێن مزگەوتی مەلا قادری تەبیعەت ژنانی، تا ئێستا ئەو مزگەوتە سێ مەلایانی گۆڕیـووە، بەس نـاوەکەی وەک خـۆی مـاوەتەوە و هەر مزگەوتـی مەلا قـادری تەبـیعەت ژنـانییە. ژنێـک لەو ژنـانەی دەوری هەبووە لە پێدانی ئەو ناسناوە بە مەلا قادری، خەجێی ژنـی دەروێـش نەجیـب بـووە، دەروێـش نەجیـب، پۆلیسـی خانەنیشینە و چوار جاران ژنی هێناوە، خەجێ ژنی چوارم یەتی، ئەوانی دیکەشی دووی مردووەو یەکێشی تەلاقداوە، خەجێشی تەلاقدابوو ئەگەر خزمان و کەس و کاری نەبوونایە. دەڵێن دەروێش نەجیب پیاوێکی گەلە ڕەق و توند تەبیعەت بووە، کەللەی قسانی زۆر ڕەقبووە، دەگێڕنەوە شەوێک ماڵی

دەرویش نەجیب پڕی بوو لە میوان، شەست پیاوێکی داوەتی ماڵیکردبوو، خواردنێکی چاکی بۆ کردبوون.هەر خۆشی بە کەسێکی دەست و دڵ دەوڵەمەندو و نانـدەر ناسـرابوو، میوانەکان وەک عادەتی کۆڕ و مەجلیسی پیاوان لە نێوان خۆیاندا گاڵتەیاندەکردوو باسی ژنی دووەم و ژنهێنان و ئەوشتانەیاندەکرد، لە پڕ بۆ بەخێرهاتن ژنی دەروێش نەجیب هاتە دیواخانێ و بەخێرهاتنێکی گەرمی میوانانیکرد،ئەو دەم یەکێک لە میوانەکان بەگاڵتەوە گوتی: برا ژن ئەوە دەرویش نەجیب دەڵێت ژنێ دێنم، بووە پێکەنین، هەرکەسە و لە ڕاستەو خۆی ئاگری باسەکەی گەرمدەکردوو هەبوو دەیگۆت ناوێرێت و هەبوو بە شۆخیەوە دەیگوت، کەی دەروێش لەو عومرەی ماوە ژن بێنێت. ئەسمەری ژنی دەروێش نەجیبیش نازانم ئەو قسەیەی بۆ لە دەم دەرچوو، گوتی زەلام ئەو گووانە هەر دەخۆن؟! کاکە دوایی ئەو قسەیەی ئەسمەر، چ ڕوویدا هەر مەپرسە، دەروێش نەجیب چاوی سۆربوو چ قسەی ناشیرین و جنێو هەبوو بەو ژنەی دا، دەمە و دەستیش تەلاقیدا و گوتی بەهەرسێ تەلاقم تۆ لە ژێر نیکاحی من نەمایت و تەلاقمدای.

ئەسمەری تەلاقدرا و سێ منداڵیشی لەلای دەروێش نەجیب بەجێهێشت، دەروێشیش هەر چەند مانگێک دوای ئەو، خەجێی مارەکرد. خەجێش زمانی گەرم و بەقسە و قسەلۆک بوو، کەس نەیدەوێرا بە دەروێش نەجیب بڵێت، کە خەجێ دەمشڕە

و ناو و،ناتۆر لە خەڵکی دەنێت. ئەو ناوی مەلا قادری ژنانیەش خەجێی ژنی چوارەمی دەروێش نەجیب لێینابوو. جگە لەو، ناوی لە ژنی مەلاش نابوو، پێیدەگوت ڕەشێی دڵتەڕ.

کۆڵان ترسیان لێدەنیشت، کاتێک خەجێی لە کونی دەرگاوە، تیچاوێکی لە ماڵە هاوسێیان و گوێی بۆ دەنگە دەنگ و کێشە و هاواریان ڕادەخست، خۆ چاوی ئەو تەنها یەک چاو نەبوو، جاوی هەزار چاو بوو، کەس نەیدەوێرا بەدوو دەستی پڕعەلاگەوە بەبەردەم ماڵەکەی خەجێوە تێپەڕ ببێت. ئەم ڕەوشتەی خەجێ، خەڵک و هاوسێی و کۆلانەکەی زۆر نیگەرانکردبوو، دوو هاوسێیان هەر لەبەر ئەو خەجێیەوە، خانووەکانیان هەرزانفرۆش کردوو، ڕۆیشتن بۆ گەڕەکێکی دیکە.

دایکی دارین، ترسی قەت لەم ژنە نەبوو، چونکە دەیزانی بای چەندە و چۆنیش مامەڵەی لەگەڵدا بکات، قەت رووی نەدەدایێ، کارێکی واشی نەدەکرد، کە ببێتە مایەی توڕەبوونی ئەو. ژنان راهاتبوون بۆ نوێژان دەچوونە مزگەوتێ، بەس دایکی دارین قەت نەدەچوو بۆ مزگەوت وەک ئەو ژنانەی هەندێ جار لە ڕۆژی هەینی، کۆمەڵ کۆمەڵ بۆ نوێژی هەینی دەکشێن، یان لە مانگی ڕەمەزان، بۆ نوێژی تەراویح مزگوتیان دەکردە نوێژخانەی ژنان. لەپیاوانی گەڕەک و ئەهلی مزگەوت، بەتایبەت پیر و جوامێرەکان زۆرمان لێیان دەبیست و

دەیــانگوت ژن و مــزگەوت و ژن و شــۆفێرییان نەگوتــووە. بەپێکەنیـنەوە، بـۆ یەکیـان باسـدەکردوو جـاری واش هەبـوو جنێــویی سێکسیشــیان پێــدەدان. لای پیــاوی کــورد، ژن کەرەستەیەکی بێ هەستە، وەک ئەشیای نـاو مـاڵ حیسـابی بۆ دەکـات. ئەم تێگەیشـتنە، تـا ناوەڕاسـتی سـاڵانی نەوەدەکـانیش برەوی هەبوو، دیارە پاشخانی ئەو ڕوانینەی پیاو بۆ ژن، هەم ئـایین، هەمـیش نەریتـی کـۆمەڵگە هۆکـاربووە. مـامێکم هەبـو تەمەنـی هەفتـا سـاڵ زیـاتربوو بە حیسـاب کۆنە چەپیشـە، بەو دواییـانە عەمرەشــی کـرد، خـراپ دەیـڕوانیە ژن و مافەکـانی دەیگـوت: ژن واتـا مـاڵ، ژن چـۆن دەبـێ وەزیـفەی هەبێـت و کاربکــات، خــۆی مامۆســتاش بــوو کـۆلێژی تەواوکردبــوو، کچەکانیشی تا ئێستاش حەزرەتیان خوێندن و شـاهادەیەکە، کە هەموویان لە سەرەتایی و ناوەندی وازیـان لە خوێندن هێنـاوە. کەوایە بیرکــردنەوەی بەشــی زۆری پیــاوی کــورد بــۆ ژن تێگەیشتنەکی نا دادپەروەرانە بووە. پێتان سـەیر نەبێت ڕێژەی ژن کوشــتن و خۆســووتاندنی ژنــان  لە چــاو ئەم وڵاتــانەی دەورووبەرمان زۆر زۆرتر بووە. کە جێگەی هەڵوەستەکردنە.

ژنبوون لەم هەرێمەی ئێمە گرفتێکی دەروونییە، کەم کچ هەیە ترســـێکی گەورەی لە کـــچ بـــوونی خـــۆی نەبێـــت، هەر بەرکەوتەیەکی کچ لەم کۆمەڵگەیە، جێگەی پرسیار و گومـانە، هەمــوو پیاوێــک، یــان بــا بڵــێن هەمــوو خێزانێـک لای ئـێمە

کچەکانیـــان بە میـــوان دەزانـــن لای خۆیـــان،دەڵێن ئەمـــانە ئەمـانەتێکن و ڕۆژێـک پیاوێـک دێت دەیبـات. لە زهنـی کـچ لەم لەحزەیە تەنها مێردێک نییە، بەڵکو ناچاریەکە هەر دەبیَ ئەم ڕۆیشـتنە بکـات، ئەم کـۆچە بکـات، کـۆچ بـۆ مـاڵێکی دیـکە و باوەشــی کەســێکی دیــکەوە، کە تــا ئێســتا ئاشــنای نەبــووە و نەیناســـیووە، هـــیچ کاتێـــک بەرهەســـتەکانی نەکەوتـــووە، بیرکردنەوەی کچ لە ماڵی باوکی بیرکردنەوەیەکی ڕاڕایانە و بێکەسـانەیە، هەمیشـە شـعورێکی نـا جێگیری هەیە، بینینی ئەو بۆماڵ لەگەڵ بینینی براکانی بۆ ئەم ماڵە کە لێی لە دایک بووە و لێی ژیاوە و گەورەبووە جیایە، کوڕ ئەم ماڵە بە هیی خۆی دەزانێـــت، کـــچ وەک ئەوەی ڕاســـتەوخۆ و بە کـــردار بـــۆی سەلماوە کە لەم ماڵە میوانە و ئیدی ئەمڕۆ یان سبەی پیاوێک دێت خوازبێنی دەکات و دەی بات، بۆیە ئەو هەستە لای کچان دواجـار شـکانی هەمـوو بەهـا کۆمەلایـەتی و ئینسـانیەکانیەتی، لەهەمـان کـات هەسـتێکی نـا دڵنیـایی لە ناخیاندا گەشـە دەکـات، لەم مـــاڵەدا و.هەروەهـــا لەم کـــۆمەڵگە نەریتیـــانە ئەرکـــی کـــچ قورسـترە، بەتـایبەت لەرووی دەروونـیەوە، کچـان لە نێـو دوو خەیاڵ دەژیت، ماڵی ئێستایی و ئەوەی سبەی .

بینیتـان وەسـیەتە هەشـت خـاڵیەکەی بـاوکم لەگەڵ دوو خـاڵە زیـات کـراوەکەی دایکـم چ جیاوازیەکیـان هەیە، ئێســتا حـاڵی بـوون بـۆ دایکـم قسـە لەسـەر سـبەی دەکـردوو، بـۆ ئەم دوو

خاڵەی بە وەسیەتنامەکەی باوکم زیاتکرد، لەوەش گەیشتن بۆ باوکیشـم هەمیشـە باسـی دوێنێـدەکات. لایمـن ژنـان جیـا لە پیـاوان دەژیـن، ژن بـۆ سـبەی دەژیـت، پیـاو بـۆ دوێنـێ و ئەمڕۆکەی دەژێت. ژیانی ژن لە سەبەیدایە، هـی پیاو لە دوێنـێ کەدایە. هەمیشـە ئەم چـاوەنوارییەی کـچ بـۆ مـاڵی مێـردی، مێردێکی نادیار، بۆ ژن کوشتنی سۆزە بۆ ماڵی یەکەمی. کچ کە داخـوازی دێـت، ئینجـا لەوە دەگـات، چەنـد میـوانێکی بێچارەبووە، چەند بێکەسە. ئاخر تۆ کۆچێک بکەیت و باوکت و براکانـت شـەرم بکـات، ماڵئـاوایی ئەم سـەفەرە چـارەنووس سـازەت لێـبکەن، بێگومـان لات وەک گومـان و پرسـیار دەمێنێـتەوە، بـۆ شـەرم لەم کـۆچەم دەکەن، بـۆ نەهـاتن ئەم خۆشیەم لەگەڵ بەش بکەن، ئەگەر بڕیارە ئەمە خۆشی بێت بۆ من؟! ئەی بۆ نایەن وەفای ئەو هەموو ساڵەم بدەنەوە، کە لەم ماڵە تاڵی و سوێری گەرمی و ساردییمان بەیەکەوە چێشتووە، بۆنـایەن بەشـێک لەم سـۆزەم پێبـدەنەوە. کە مـن بە درێژاییـی تەمەنم بۆیانم هەبووە.

## ٤

بەم ڕێگـایەدا نەڕۆیشـتەوە، کە پێیـدا هـاتبوو. ڕێگـا لە دیـدی دارین بەرکەوتنی خەونەکانە، ئەو نەیدەویست، بەهەمـان ڕێگـا هەمان خەیاڵ بیباتەوە، هەمیشە ئارەزووی، بۆ گۆڕینی خەیـاڵ، دووری ڕیگاکـانی دوورتـر دەکـردەوە، کـام ڕێگـا دووربـوایە پێڵاوەکـانی بـۆ ڕۆیشـتن بەم ڕێگـایە ڕادەخسـت. رووخسـاری دەنـا بەلێواری شوسـتەکە و بێ ئەوەی ئـاوڕ لە هـیچ بـداتەوە، باوەشـی بە شـەقامەکە دەکـردەوە، زۆر شـەیدایانە قاچەکـانی هەنگاوی دەنـا، پەرۆشـی خەیـاڵکردنی بەدەم ڕێگـاوە ئەوەندەی دیکە ڕۆیشتنیان لا ئازیزترکردبوو. تاکە شـتێک لەم دنیـا پـان و بەرینەدا بۆ ئەو مابێتەوە یادەوەریەکانی دایکی و ئەو خەیـاڵانە بـــووە، کە بێـــدەنگی ڕێگاکـــان پێیاندەبەخشـــی. تـــا ئاســـتی شەیدابوون، ئولفەتی بە خەیاڵ گرتبوو.

داریـن، لەگەڵ دایکـی تەنهـا کـوڕ و دایـک نەبـوون هـاوڕێ بـوو کـاتی زۆریـان بـۆ قسـەکردن و پرسـیار و گفتوگـۆ لەگەڵ یەک بەشـــدەکرد، داریـــن بەوتەمەنەوەش هـــاوڕێی نەبـــوو، دایکـــی هەمـوو شـتێک بـوو بۆ ئەو قوتابجـانە، مـاڵ، دەرەوە.  هەمیشـە

نیگای لەسەردایکی لانەدەبرد، بە روانینێکی ئاشقانە دەیڕوانیە دایکی.

-دایە، وەی کە پێم خۆشە هەر بەرێگاوەبین و هەرنەگەین .

دەزانــی دایە، ژیـان لەنـاو خەیـاڵ و خەونەکانـدا زۆر جیـایە، لەگەڵ ژیـان لە نێو واقیعدا. ئەوانەی بەر رووودا و کارەسـات و خوشی و ناخۆشـیەکانی نێو واقیع دەکەون، هەمیشـە دڵیـان لە نێو دەسـتیاندایە، هەسـتیان خامۆشـە بە کۆکردنەوەی ژیـان لە نێـو گیرفـانی زەمەنـدا. کەسـێک چێـژ لە ژیـان دەبینێـت زەمەن نەناسـێت، کـات هـیچ مانـایەکی بـۆ ئەو نەبێـت، کـات ژیانمـان دەکوژێــت، رۆحــی جوانیەکانمــان بەهەدەر دەدات، روانینمــان لێدەسـتێنیت و تـابلۆیەکی بێ رەنگمـان پێ دەبەخشـێت، پـارە و سەروەت و سامانمان لەبری هەموو شتێک، بۆ دەکاتە ژیان .

ئەوە ئێمەین مانـای جیـاواز جیـاواز بە ژیـان دەدەیـن، چۆنمـان بووێـت ژیـان ئەوهـا رەنـگ دەکەیـن. هەموومـان بەشـێک لەو نیگەرانیەمان تێدایە، کە بۆتە پرسیار لامـان، ئـاخۆ ژیـان چییە؟ ئەی ژیـان بـۆ خـۆی چ واتـایەکی هەیە؟. تـا کۆتـایی دنیـا لەم پریسارگەلە دەربازمـان نابێت، کەم کەس هەیە ئەو پرسـیارەی لە خۆی نەکردبێت، وەک ئەو پرسیارەی کە هەمیشە منداڵەکان لە باوک و دایکیان دەکەن، "ئێمەتان بـۆ هێنـاوەتە دنیـا" ئێمەتـان بـۆ خسـتۆتە نێـو ژیـانێکی نادیـارەوە، ئەم نادیـاریە لای منـداڵ

وەک گومـانێکی فەلسـەفی نـاکەوێتەوە، منـداڵ لای وایە ژیـان ئەوەندەیە، کە لە هەست و ئارەزوو و خۆشیەکانیدا سنووری بۆ کێشاوە. سنووری ژیانی منداڵ ئێستایەتی، بۆیە ژیان لای منداڵ ئێستایە و لای پیاوان دوێنێ یە و لای ژنانیش بەیانی ژیانە. کەواتە ئەوەی لەم نێوەدا بە نەمری دەمێنێتەوە پیاوەکان و منداڵەکان نیین ژنە، کەواتە ژن ژیانە. بۆیە دەڵێم ژن ژیانە، چونکە تەنها ئەو بۆ بەیانی دەژیت، تەنها خەیاڵی ژن پڕیەتی لە سبەی ئەو رابردوو و ئێستای لا نە بۆتە ژیان، چونکە ئەگەر ئەو لە رابـروو بژێـت و ئێسـتای بە گرینـگ بزانێـت چـۆن دەتوانێـت وەچە بنێـتەوە، ئەوانەی هەڵگـری نەوە و منـداڵ و وەچە و دایەنگەی راستەقینەی مرۆڤایەتین، بێگومان ژنە، بۆیە لە روانـگەی مـن، ژن ژیـانە. ئەوەی لای منیش بەردەوام بۆتە چشتێک لە گومان جۆری پرسیارکردن مانە لە سەر شتەکان، دەبێ بزانین بۆ لە ژیانی خۆمان رادەمێنین، لەبەرچشتێک وا ڕاهـاتووین، هەسـتەکانمان نزیـک بکەیـنەوە لە تێگەیشـتن، لە وەڵامـی ئەم پرسـیارانەی نـاخ و هەسـتمان کە سـات بە سـات چرۆ دەر دەکەن .

تێبینیەکـی دایکـم قەت بیرنـاچێتەوە لەسـەر شـێوەی ژیانمـان، بەتایبەت ئەو قسەیەی تەنها و تەنها بۆ مـن دەکـرد (ژیـان هـیچ مانـایەکی نیـیە ئەگەر خـۆت مانـایەکی بـۆ نەدۆزیـتەوە، بـڕوا بەوانە مەکە کە باسی ژیانت بۆ دەکەن، ئەوانەی باسـی ژیـانی

خۆی بۆت دەکات، بەراستەقینەیی نەژیاوە، بەڵکو دەیەوێت ئەوشتەت بۆ باسبکات، کە هێشتا پێی نەگەیشتووە. ئەوانەی لێرە و لەویَ لە تی ڤی و کتێب و ئینتەرنێتەوە باسی سەرکەوتنەکانی خۆی دەکات لە ژیان، پێچەوانەی ئەو بیربکەرەوە و بەهیچ شێوەیەک وەک ئەو مەکە، ئەو بۆ ئەوە ژیاوە، کە کردوویەتی، ئەو ژیانەی ئەو بۆ تۆ ژیان نییە، ژیانی تۆ ئەوەیە کە لەبەر دەستی خۆتدایە نەک ئەوەی لە نێو ژیان و بژاردەکانی ئەوی دیکەوە ئەزموونکراوە). لەگەڵ ئەم قسانە و زۆرێک لە گفتوگۆکانی دیکەمان، ئەو تێکستە شیعریەی سەروین دەرویێش ی هاورێی تەمەنی چەند جارێک بۆ دەخوێندمەوە، وەکو ئەوەی لە پەنای ئەو دەقەدا، بییەوێت قسەیەکم بە گوێدا بچرپێنێت:

چەندین ساڵە

کچێکی بچوک

دامێنی قەمیسەکەم ڕادەکێشێت

لە کویَ بم بەدوامەوەیە!!

بەنێو گەڕەکە هەژار نشینەکان بەهەلهەلەوە جلی بوکێنیم دەفرۆشێت

دەم بات بۆ ژێر خێوەتێک کچێک وێنەی مۆم دەکێشێت

بایەک دێت مۆمەکە دەکوژێنێتەوە!

دنیام تاریک دادێت
من دەمەوێ کەسێک یارمەتیمان بدا
کەسێک گوێی لە هاوارم بێت
ئەو دەم بات
بە پیــاوێکم دەناســێنێ حەوت ســاڵە لەدەرگــای ســەرۆکی
وڵاتەکەی دەدات...
ماندوو دەبم...
دەچمە سوجدەیەکی درێژ
ئەو پێم پێدەکەنێت
بەگوێم دەچرپێنێت:
هەستە چیتر بەدرۆ خودات خۆش نەوێ
ئەو نوێژە ساختانە ببەوە بۆ مزگەوتەکان
دەمی دەگرم
ئەستەغفیڕوڵا کچم
دەستم دەگرێ
دەم بات بۆلای مەلا عەلی
بە پێکەنینەوە
لەگوێی چەپم گۆرانیەک دەڵێت :
(ژیانی ئەمڕۆم دەفرۆشم بۆکڕینی نانی سبەی)
لێی دووردەکەومەوە و
هەڵدێم...
قوتابخانەکەی منداڵیم دۆزیەوە

سەیرم کرد پێڵاو لە پێی کەس مان دا نیە
زەنگ لێ دەدات لەڕیزەکە وەستام
(ڕاپ)ێک بووە بە سرودی نیشتمانی
(گەواد، هەڵەی تۆیە)...
من نازانم ئەوکچە کێیە؟
من تێناگەم ئێرە کوێیە؟
ئاوێنە ئەفسوناویەکەی منداڵیم دۆزیەوە
لێم پرسی من کێم؟
پێی گووتم
ئەو کچە بچوکە خۆتی و
ئێرە دووبارە بونەوەیەکی مێژووییە!!

دایکم لەوەدا زۆر سەیر دەردەکەوت، ئەوەی بە منی دەگووت، بە خوشـــک و براکـــانمی نەدەگـــوت، ئێســـتا بەو تەمەنەوە، تێگەیشـــتم کە دایکـــم بـــۆچی ئەوەی بە منـــی دەگـــوت بە بـــرا و خوشکەکانمی نەدەگوت، ئەو باش دەیزانی مـن تەنهـا گوێگرێک نـیم، ئەوشـتانەی دەبێتە بـاوەڕ و یەقـین لام ئیـدی ئەزموونیـان دەکەم، لە هەمـــوو شـــتێکم ڕەنـــگ دەداتەوە. لە قســـە و ڕەفتارەکـانم ڕەنـگ دەداتەوە، بـۆیە دایکـم قسـەکانی لەنـاو هۆشـــمدا دەچانـــدو و لە منیشـــەوە یەک بەیەکـــی قســـە و گوفتارەکـانی لە نێـو ماڵـدا چرۆیـان دەکـرد، مـن لەو مـاڵەدا

خـاکێکی بەپیتـی وەرزی رواندنی تێگەیشـتن و ئەزموونەکـانی دایکم بووم ، ئەو باخەوانێکی باش بوو دەیزانـی کـام دار بەری زۆر دەگرێـت و کـامە میـوە بەرهەمـدارە و لەخـاکەکەی ئـێمە دەڕوێـت. دایکـم بـۆ ئەوەی لە ماڵەکەمانـدا ژیـان بڕوێـت، کـام کتێبی مەزنی دنیا هەیە، خستیە مێشکمەوە .

دایەم خوویەکی دیکەی هەبوو وەک گوتم بە منـی گرتبـوو، ئەو لەمنەوە پەیڤەکانی دەنـارد بـۆ ئەوانـی دی، ئەم ئاکـارەی دایکـم سـەیربوو، لەوەش سـەیرتر وەک یەکەم دێـڕی شـانۆگەریەکەی شێکسـپیر دەیگـوت: مـن ئێـوە فێـری جیاوازیەکـان دەکەم. نیـازخوازیەکی تـازەی هەبـوو دایەم بـۆ ئـێمە بەتـایبەت بـۆ مـن، چـونکە رووی قسـانی هەمیشـە لەسـەر مـن بـووە و نیگاکـانی دەنـارد بـۆ لای مـن, منـیش گـوێم دەگـرت، لەشـوێنێکیش بمویستبوایە قسەم پێدەبڕی و نەمدەهێشـت درێـژە بەقسـەکانی بـدا، لە راسـتیدا دایکـم ئەم شـێوازەی منـی بەدڵ نەبـوو، بەس هەسـتم دەکـرد نەشـی دەویسـت، رێگـری لەم (نـا) یـانەی مـن بکـات، لەمەشـیان جیـاواز لە دایکـان بەتـایبەت لە باوکەکانمـان بیـری دەکـردەوە، (ن، ا) وشـەیەکە لە دوو پیـت پێـک هـاتووە، بەس دنیـایەکی تـازە بەسـەر ئەو کەسـە دەکـاتەوە، کە فێـری دەبێت، نەک بەس کە فێری دەبێت بیڵێـت " نـا " بەڵکـو وشـەی نەخێـر یـان " نـا "هەم وەسـتانە بەرامـبەر کەسـانی دیـکەوە، هەمیش کردنەوەی دەرگایەکە بـۆ شـتێکی تـازە. منیش عـادەتم

بەوەگرتبوو ناوە ناوە بەدایکم بڵێم نەخێر، نا، هیچ نایەک و نەخێرێکیشم گوێرانە دەرنەبڕیووە و ئیلا و بیلا قسەی خۆم بۆ نەخێر و نا یەکە هەبووە .

منداڵی ئێمە ڕانەهێندراوە " نا و نەخێر " بکات بۆ ئەو شتەی لای ئەو پەسند نییە، وشەگەلی (بەڵێ و وایە) لە کۆتاییدا دوو وشەن، بەس بەڕاستی سەرگەردانی کردووین. ئاخر دەست بردن بۆ سێوە حەرام کراوەکەی بە هەشت لای ئادەم گوتنی نەخێر بوو، نایەک بوو، کە بە گەیشتن بە خۆناسین لای ئینسان کۆتایی هاتووە. کەواتە نا و نەخێر لەو حاڵەتەدا خۆ ناسینە، ئادەم بەم نەخێر و نا و دەستبردنە بۆ سێوێک خۆی ناسی وەک مرۆڤ، وەک بوونەوەرێکی غەریزی، کە چێژ لە خێر و شەڕ دەبینێت. ئەم کارەی ئادەم وای کردووە ئێمەش ئەو بەرهەڵستیە زاتیە بکەین بە نەریت و ئەنجامی بدەین.

دایکم نەی دەویست وەک ئەو هەموو خەڵکە منیش سەرگردانبم و دیلی ئەم وشە دەستەمۆکراوانە بم، بۆیە نیگەرانی خۆی بۆ ئەو نەخێر و نایەی من قەت دەرنەدەبڕی. ئەم شەوە دایەم وتەی شانۆگەریەکەی شێکسپیری بۆ ئەوە هێنایەوە تا درۆی ناو زمانمان بۆ شی بکاتەوە. ئەو شەوە بەس من و دایکم تەنها و تەنها بووین، شەو درەنگ بوو، دایکم بەلایەوە مەبەستی بوو ئەو باسەم بۆ تەواو بکات، بەڵام کات ئەو شەوە بۆمان نەبوو بە دۆستی هەمیشەیی، بۆیە هەردەم

ئـێمه خوازیـاری ئەوەیـن، کـات بخەیـنه نێـو پەنجەکانمـان و بیـانژمێرین بـێ ئاگـا لەوەی  ڕۆح و گیانمـان بە گـوێرەی کـات سـازێندراوە. درەنـگ لەوه گەیشـتین کـات هەمیشـه له نەمـری رادەمێنێت و بیردەکـاتەوە، کـات پـێش ئـێمه بیردەکـاتەوە، پـێش ئێمه خەیاڵ دەبێت. کات جۆرێکی دیکەی ئیشقە، مرۆڤ ناتوانێ تـا سـەر هـاوڕێیی بێـت. زۆر لەسـەر ئەم قسـانەی له بـارەی کاتەوه نه ڕۆیشت و وتـی: دارین گیـان تۆ جگه لەوەی کوڕی منیـت و له گۆشـت و خـوێنی منیـت، بەس خـۆت هەسـتت پێکـردووە، زۆر شـت هەیه لەگەڵ تـۆ باسـی دەکەم بەس لای کەسـی دیـکه باسـی نـاکەم، ئەم شـەویش دەمەیـت درێـژە به هەمان باس و خواسی خۆمان بدەین و هەندێک لەسـەر درۆی زمـان و فریـودانی زمـان قسـەت بـۆ بـکەم، ئـاخۆ چـۆن زمـان ئێمەی فریوداوە؟!. بەس کات درەنگه و منیش زۆر خەوم دێت، دەبێت بخەوم دەی شەوێکی شاد.

## ٥

دایکی دارین، بەردەوام ئامۆژگاری دڵئارامەکەی خۆی دەکردو و دەیگوت کوڕم: ئینسـان دەبێ بژیت بۆ ئەوەی بیربکاتەوە، نەک بیربکاتەوە بۆ ئەوەی بژیت، کوڕم ژیانی خۆت خۆش بووێت، خۆشەویستی لە دڵی خۆت بڕوێنە، تا لە بری رق، ژیانت خونچەی ئیشق بگرێت. مرۆڤ دەبێ هەمیشە هەست بەدڵخۆشی بکات، نابێ چاوەڕێیی دڵخۆشی بکات، بەختەوەری بۆت نایەت، ئەوەی چاوەڕوانی بەختەوەری دەکات، هەمیشە ئـازار دەکێشێت، دڵی نادرەوشێتەوە. ئەوانەی دەگەن بە دڵخۆشی ئەوانەن، لە وێستگەی چاوەنواڕی نامێننەوە. نەنگییە بۆ مرۆڤ لە چاوەڕوانیدا رۆحی خۆی شەکەت بکات، ئەوانەی دەیانەوێت شتێک بەدەست بهێنن نابێت کات بۆ گەیشتنی دیاری بکەن، کات خۆ دڵداری تۆ نییە تا ژوانی لەگەڵ دابنێیت، ئەوەی کات، وەک دۆست سەیر دەکات، خۆ کوشتنی هەڵبژاردووە .

کوڕی خۆم، دوو شت لە ژیانت فێربە، بێگومان دڵخۆشی بەدەست دەهێنێت. (پێش ئەوەی واز بێنیت، هەوڵبدە)، (بەرلەوەی بمریت، بۆ خۆت بژی). لێ مەگەڕێ کەس کاتت

لەگەڵ بەش بکات، کاتی خۆت بۆ هیچ شتێک مەسووتێنە، تەنها بۆ چەند شتێک نەبێت بێگومان ئەم چەند شتەش ژیان فێرتدەکات، بۆیە پێویست ناکات بۆت باسبکەم دەبێ بەری بکەویت و لێکەوتەکانی ببینیت ئینجا تێ دەگەیت. هەندێ کەس گیان دەبەخشن، بۆ ئەوەی گیانی دیکە ئاسوودەبێت؟!!. گەیشتن بە ترۆپکی ئەم قوربانیدانە کوڕم بە قسەنابێت، ئەمە کتێب نییە پاڵەوانی وەهمیت بۆ دروست بکات، کارەکتەرت بۆ بخوڵقێنێت، واقیع شتێکە و قسەی کتێبان شتێکی دیکەیە .

– باشە با لێت بپرسم قوربانی چییە؟ ئەی بەخشین چییە؟ ئەوە چییە وا لە ئینسان دەکات گیان و رۆحی بکاتە قوربانی؟ ئایە چ شتێک لەم ئاستەدایە گیانتی بۆ بکەیتە قوربانی؟ غاندی دەیگوت: (ئەگەر هەموو هیند، بە گیانی هیندیەک ئازاد بکرێت، من ئەوە ناکەم). ئەم تێگەیشتنە لە کوێی تێگەیشتنی ئێمەدایە؟ ئەم پیاوە بۆ ئەوها رۆحی لاشیرین بووە، ئەی ئازادی، ئەی خاک، ئەی ئایین، ئەی مرۆڤ، ئەی ئیشق؟!!. ئایە هەموو ئەمانەی باسم کردن، دواجار قوربانی ناوێ؟.

– دارین ویستی وەڵامی دایکی بداتەوە.

– دایکی دەستی خستە سەر ئەژنۆی دارین و گوتی: وەڵام مەدەرەوە، کوڕی خۆم. زۆر شت، لە دنیادا ئەزموون ناکرێت و چێژوو ئازار و ساردی و گەرمیەکەی ناتواندرێت بۆ کەسی

دیکە بگێڕدرێتەوە، چونکە زمان ناتوانێ ئەوەی ئەو بینیویەتی، وەک خـۆی بیگەیێنێـت. مـردن، قوربانیـدان، بەخشـین، ئیمـان. هەمـوو ئەمـانە شـت گەلێـک نیـین، ئەزمـوون بکرێـت و لە دەمێکەوە بۆ دەمێک بگوازرێتەوە. هەستی ئەو کەسـەی لەساتە وەختـی گیـان بەخشـین، ئیـدی بـۆ هەر شـتێک بێت، چـۆن ئەم هەستە وەک خۆی کە هەیە بۆ من دەگوازرێتەوە؟ .

ئیمانی کەسێک بە من چی، قوربانی دانی کەسانێک چ هەستێک لای من دروست دەکات، کورد دەڵێت: (مردنی خەڵکی لای مـن، وەک ئەوەوایە خەوتبێت) تـۆ لە هەسـتە سـۆزداریەکەی گەڕێ، سـۆز، هـیچ بنەمـایەکی زانسـتی و ئەقڵانـی نیـیە، دڵڕەقـی و رەوشـتە هۆڤیەکـانیش بەهەمـان جـۆر تێگەیشـتن لە دڵڕەقـی کەسێک، ئاسان نییە .

بیرت ماوە کوڕم، زۆر جاران بـۆم باسکردوویت، ئەنیشـتاینی بیرمەنـد لە نامەکەیـدا، کە بـۆ سـیگمۆند فرۆیـدی دەروونـنـاس نـاردبووی، کاتێـک لێیدەپرسـێت (کەی شـەڕانگێزی لەنـاخی مرۆڤەکاندا، کۆتـایی پێدێت)؟. سـەیری وەڵامەکەی فرۆیـد بکە، چەند بەشێنەیی دێتە سـەر باسـە جەوهەریەکـانی تێگەیشـتن لە دەروون و نـاخی ئینسـان و چەنـد جـوان لێکـدانەوە بـۆ حـاڵی دەروونـی مرۆڤەکـان دەکـات، ئەو بـاش لەوە گەیشـتبوو غەریزەی جەنگێک بۆ هەمیشـە لە نـاخی مرۆڤەکانـدا دەگوڵێت، ئیشـقێک تـا ئەبەد ملمـلانـێ لەگەڵ ئەم دۆخە سـایکۆیەی

مرۆڤەکان دەکات، بۆ سەرکەوتنی هێزی خێر بەسەر شەڕدا، بۆیە دەڵێت: مرۆڤ لەبارەی دەروونیەوە لەسەر دوو غەریزە کاردەکات.

یەکەم: غەریزەی ئیشق و خۆشەویستی و مەیلکردن بۆ مرۆدۆستی؟.

دووەم: غەریزەی شەڕ و وێرانگاری و مەیلی مەرگ دۆستی؟

فرۆید ئەم سەنگی مەحەکە دەداتە دەست مرۆڤەکان و دەڵێت: ئەگەر مرۆڤایەتی بییەوێت دەتوانێت غەریزەی دووەم ئەزموون داربکەن و جاریکی دیکە ژیان لە نێو گوڵزاری ئیشق و خۆشەویستی بڕوێننەوە .

- دڵئارامەکەم کوڕی خۆم دارین گیان، باش گوێم لێ بگرە تەمەنت بەشی ئەوە ناکات، وەک خۆی کە هەیە لە ژیان بگەیت، یان لە مرۆڤ بگەیت، ئینسان تا رۆژی تەمەنی ئاوا دەبێت، گەڕی دەیە. ئەوانەی بیردەکەنەوە جیاوازن لەوانەی بەس دەخۆن و دەخۆنەوە .

کوڕم گەمژەیی وەک رووەک وایە، لە ناخی ئینسانەکان دەڕوێت. هەموو کەسێک نانی تێگەیشتن و ئاگایی خۆی دەخوات. بیرت نەچێت کتێب، فریوت نەدات، لە نێو کتێبدا

خەون مەبینە، بەدیار وشەکانی خەیاڵ نەبیت، خەیاڵت بۆ لای پاڵەوانی نێو رۆمانەکان نەڕوات.

کــوڕە شــیرینەکەم، کــاردانەوە بە ئیمــان مەزانە. کەســتان دەتوانێـت باوەڕتـان لە گوفتـار و رەفتارەکانتـان جیابکـاتەوە؟ ئەوانەی دەیکەن و دەیڵێن ئیمان نییە، ئیمان رەگی لە ناختانەوە چەقیوە، بێدەنگی و خەیاڵەکانتان ئیمانتانن .

کەی روویداوە، باوەڕ بەیـان بکرێت، بـاوەڕ، پێش ئەوەی قسـە بێت هەستە. پێش کردار، دڵنیاییە. ئـاخر گەر دڵنیاییت نەبـوو، چ خـاوەن ئیمـانێکی. خۆ ئیمـان خاوەنداری نییـە تـا بیبەخشـیەوە، ئەوانەی لەســـەر مینـــبەر و کتێـــب و پەرســـتگاکاندا ئیمـــان دەبەخشنەوە، بێ باوەڕی لەناخی ئێوە دەڕوێنن؟. پێت وانەبێت ئەوانەی ئیمانیان کردۆتە بەرگ و ئیدی ئیمان پۆشن .

کوڕی خۆم هەوڵدە رووت بە، لە رووتیدا جـوانتر بێ باوەڕیت دەردەکەوێت، تـا وەک بـێ بـاوەڕ گیانـت رۆشـنایی دەرنەکـات، ئیمـان لە ناختـان ناڕوێت، ئیمـان لە دەروونـی کەسـێک چـرۆ دەکات، لە رواڵەت رووت و لە ناخدا ئیمان پۆش بێت.

- دارین کەوتە پرسیارکردن لە دایکی.

- ئەوێ رۆژێ لە کتێبخانەکەمانـدا، کتێبـی (مەزرای ئـاژەڵانی) جۆرج ئۆرۆیل م خوێندەوە، "مێیجەر" لە نـامەی ماڵئاواییدا، کە

وەک وەسیەتنامەیەک وابوو، شتێک دەورووژێنێت و دەیخاتە دەنگ دانەوە .

ئایە (مشک) کە ئاژەڵێکی ماڵی نەکراوە، لەم مەزرایە بمێنێتەوە یان نا؟

(پشیلە) دەنگی هەم بە "بەڵێ" و هەمیش بە "نەخێر" دابوو، بۆ؟

– دایکی دارین وەڵامی بۆ ئەم پێ بوو، بەس ویستی پرسیارێک لە دارین بکات، هەر تایبەت بەو کتێبەوە.

– باشە بۆ لەنێو ئەم کتێبەدا تەنها خەیاڵت خستۆتە سەر ئەم دیمەنە؟.

– ئەمە پرسیارە، یان تێ بینییە؟

– نەخێر، پرسیارە و هەمیش تێ بینەکیشە؟ .!!

– ئەم ڕۆمانە زۆر شتی تێدایە، بەس تەنها ئەو شتە سەرنجی منی ڕاکێشا .

دیارە ڕۆمانەکە قسەکردنە لەسەر یەک دنیا، بەس لە دوو کێڵگەی جیاوازدا. دنیای مرۆڤ و ئاژەڵ، ئۆڕۆیڵ ماهیەت و بوونی ئینسان دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لە دید و ڕوانگەی دنیای ئاژەڵانەوە دەیەوێت قسە لە نا دادپەروەری و دڵڕەقی مرۆڤەکان بکات. بەڕاستی ئەمن خۆشیم بەو حیکایەتانە نایەت،

بەلای منیشەوە ئەم ئۆرۆیلە زۆر گەمژە بووە؟ هیچ شتێکی نوێ ناکات و قسەیەکی تازەی پێ نییە، هەمان قەوانەکانی شیرین و فەرهاد و رۆمیۆ و جۆلیت و خەجێ و سیامەند و لەیل و مەجنونەکانە، لێدەداتەوە .

بێگومان جیاوازی چینایەتی، کۆتایی نایەت و پەیوەندی بە کەینوونەی بەشەریەوە هەیە. لەملاوە بۆ گەیاندنی پەیامە سواوەکەی خۆی، دێت کودەتا بەسەر ئینسان دەکات و ئاژەڵ دەهێنێتە جێگەی ئەو،!!. لەوە گەمژەتر هەیە، تێنەگات کێشەی ئینسان نان نییە، بەڵکو گەیشتنە بە ترۆپکی ئاگایی و ئەوجی خەیاڵ .

ئایە زۆرکات خۆزگەمان بەوکەسانە نەخواستووە، کە جەستەیەکی ماندوویان هەیە، بەس لەملاوە مێشکێکی ئارامیان هەیە. ئەوانە تێرن، کێشەی برسێتییان نییە، بۆیە ئەوها بێ خەم رۆژگاریان تێدەپەڕێنن. کەواتە ئەوەی بیردەکاتەوە، بە گژخۆیدا دەچێتەوە و پرسیار و گومان بەرهەم دێنێت، برسیەکانن؟.

– نەخێر وانییە، ئەم تێگەیشتنەی تۆ بۆ خوێندنەوەی جیاوازی کۆمەڵگە و مرۆڤەکان، زۆر کۆنە کورم؟!. با بیرت خەمەوە کتێبێکمان هەبوو، ئەوەی خاڵت لەم گەشتەیدا بۆی

هێنابووم, که بەناوی ( شەیتان)بوو، کورتە رۆمانێکی "لیۆ تۆلستۆیە" دەزانی لەم کتێبەدا تۆلستۆی چ دەڵێت؟

- بێگومان نازانم، خۆ نەم خوێندۆتەوە.

- باشە من بۆت دەخوێنمەوە کوڕی خۆم، نووسیویەتی: (دەڵێن پیرەکان کۆنەپەرستن و گەنجەکان نوێخوازن، بەڵام ئەم روانگەیە پێچەوانە کەوتەوە. لە زۆر کایەوە، گەنجان رابوردوو خوازترن، لە پیرەکان. ئەوان دەیانهەوێت بژین و نازانن چۆن بگەن بەو ژیانە. دەرفەتی بیرکردنەوەیان نییە و ناتوانن باشترین شێوەی ژیان بدۆزنەوە، ناچار رێگەیەک دەگرنەبەر، کە پێشینان بۆیان کێشاون)

- تۆلستۆش شەکری شکاند!!. واتکرد رۆمانەکەی هەر نەخوێنمەوە، قسەیەکی زۆر بێکەلکی کردووە، هەرتێنەگەیشتووە لە بەرکەوتەکانی ئینسان، لە دنیای خۆیدا. هێشتا تێنەگەیشتووە لە خواستی ئینسان، گەنجەکان لە دایک و باوکێک هاتوونەتە دنیاوە، بەس منداڵی ئەوان نیین. خۆشەویستی و سۆز لەوان وەردەگرن، بەڵام ئەندێشە و خەیاڵەکانیان هی خۆیانن. پیرەکان دەتوانن جەستەی منداڵەکانیان لەنێو واعیزەکانیان زیندانی بکەن، بەس رۆحیان لە بەرزایی دەنوارێت و لەماڵی سبەی دایە. لەوەدا و قەتا و

قەت سەرناکەون، ئێمە وەک خۆتان لێبکەن، لێگەڕێن با خۆمان چۆنین با وادەرکەوین.

لێرەدا ئەو وتەیەی دلێر بابانم بیرکەوتەوە، کە دەڵێت: "مرۆڤ لەتوانایدا هەیە، خۆشی فریو بدات."

- وەرەوە سەر وەڵامی پرسیارەکەی من، بۆچی پشیلەکە دەنگی بە نەخێر و بەڵێدا لەمەر چارەنووسی مشکەکەوە؟.

- دایکی گوتی: گیاندارەکان، ئەوانەی گۆشت خۆرن، کەمتر هاوڕیەتی نێچیرەکانیان دەکەن، هەمیشە ئارەزوویانە شەکەتبن بەدوای راوکردنیان، شێرە مێیەکان زۆر کەم چارەی ئەو نێچیرانەیان دەوێت، کە توانای راوکردنیان نییە، ئەمە شکۆ و شەهامەتێکە شێر بۆ خۆی دروستی کردووە، ئەو چێژ لەم تیژڕۆیشتن و راکردنەی دەبینێت، کە بڕیویەتیە ئاسکێک. شێرە نێرەکان هەر بە سروشت چێژ لە مشەخۆری وەردەگرن و ئەوان پێچەوانەی شێرە مێیەکان چارەی نێچیرەکانیان ناوێ؟ پشیلەش ئەم خۆ بەکەم زانینەی قبوڵ نییە و دەڵێت: نەخێر با مشک لەم مەزرایە نەمێنێت، چونکە پشیلە باش لە یاسای دارستان و مەزراکە گەیشتووە، کە نابێت کەس کەس بخوات؟!!. کاتێکیش دەنگ بەبەڵێ بۆ مانەوەی مشک دەدات، بۆ ئەوەیەتی هەمیشە نێچیرەکەی لە بەرچاوانی بێت .

وەک گوتوویانە، چاو پێش گەدە نان دەخوات. خوانێکی رازاوە بە جۆرەها خواردن و میوە و شیرینیەوە هۆش لەبەین دەبات و چێژ و ئارەزوو دێتە دیدەنی، ئاژەڵیش وەک مرۆڤ پێش گەدەی چاو دەبڕێتە خواردنەکەی. دەزانی چەند بە بەها دەبوو، بە بۆنی سروشت بژیا باین. ئەمە چ خۆ کوشتنێکە، گەدەت بە گۆشتی ئەوی دیکە تێربکەیت. خۆزیا وەک رووەک، بە تیشکی خۆر هەناسەمان بدایە .

مرۆڤ و ئاژەڵ ژینگەیەکی هاوبەشیان هەیە، ئەوەی جیایان دەکاتەوە، هۆشمەندی نییە؟، بەڵکو غەریزەی ژیان دۆستییانە، نەک ئەقڵ و مەعریفە .

ئەوەی گوتوویەتی ژێری پێوانەی جەوهەری جیاکردنەوەی دنیای ئاژەڵ و مرۆڤەکانە، بەهەڵەداچووە. روانگەی ئاژەڵ بۆ ژیان، بۆ مانەوەیەتی لەم جیهانەدا. کەوایە چۆن دەشێ، هەمان روانین دەرهەق بە ئینسان بگوترێت. شەڕ، یان ململانێ لە پێناوی مانەوە، بەکوشتنی بەرامبەر تەواو دەبێت. ئینسان لەوەتەی بە بوون هاتووە، ئەمەیە کێشەکەی، هەمیشە لە نێوان ژیان کردن و ژیان دۆستی قەساوەتێکی نا ئینسانانەی کردووە. بەردەوام بەلای مەرگ دۆستی زیاتر لە ژیان دۆستی شکاوەتەوە. ئارەزوویەکی سەیری هەیە مرۆڤ تێر نابێت، تێر .

چـارڵس داروین ی زانـا، ڕەنجـی کێشـا بـۆ ئەوەی بگـات بە کەناری زانین، لەبارەی ڕەچەڵەکی چەشن.

دەمەوێـت لەسـەر ئەو قسـە و گفتوگـۆەی نێوانمـان هەنـدێک ئامـاژە بە چەنـد کتێبێـک و بۆچـوونی برمەنـدانت بـۆ بـکەم لەبارەی مرۆڤ و خەمەکانی، ئەناخسیماندەر ( ٦١٠- ٥٤٦ی پ ز ) سـەبارەت بە دۆخـی مـرۆڤ لەبەردەم گۆڕانکـاریە سروشتیەکاندا پێی وابووە، چونکە کۆرپەی مرۆڤ ناتوانێت بێ یـارمەتی بژیـت، کەواتە ئەگەر یەکەم مـرۆڤ کـۆرپە بووبێـت نەدەما؟!!. بەلای ستیڤن هـۆوکینگی زانـای فیزیـایی نایشـارێتەوە کە ئەم ڕوانیـنەی ئەناخسـیماندەر ئامـاژەیەکە بـۆ بیـردۆزی پەرەسەندن .

سروشـت ناسـان، بەتـایبەت چـارلز داروین، زانـای بەناوبـانگی بەریتـانی، بە سـوود وەرگـرتن لە دوو شـێوازی گەیشـتن بە دەرئەنجـامی بیـرۆکەی گەشەسـەندن. گەڕان و وردبـوونەوە لە تـاقیگە شـیکاریەکانی تـایبەت بە دۆزیـنەوەی ڕەچەڵەکـی بوونەوەرەکان، توانی ئاکامی زانستی باش بۆ سروشت ناسـان بەرهەم بهێنێـت و کتێبـی ( ڕەچەڵەکـی چەشـن) بنووسـێت و لەسـەر ئەم کتێبەش سـەدان کتێب لە دژی نووسـرا، بەتـایبەتی لەسـەر بۆچونی لەبارەی گەشـەی مەیمـونەوە بۆ مـرۆڤ، کە لە پـێش ئەو ئەناخسـیماندەر گومـان دەخـاتە سـەر ڕەچەڵەکـی مـرۆڤ، پێـوایە ئەگەر مـرۆڤ وەک کـۆرپە خولقابێـت، ئەوە

توانای خۆ بەڕێوەبردنی نییە، بۆیە زوو لەناو دەچێت، ئێستا کە ماوە، کەوایە هۆیەکی دیکە بۆ ئەفراندنی مرۆڤ لە ئارادایە، کە لای ستیڤن هۆوکینگ لە کتێبی (گەردوون لە تویکڵە گوێزێکدا) دەریدەخات، گەردوون خۆی توانای دروستکردنی شتەکانی هەیە، بە مرۆڤی شەوە، کە دەری دەخات مرۆڤ خۆی خۆی خوڵقاندوە؟!!! لای ستیڤن، ئافرێنەر، خودی گەردوونە، بەلای ئەو سروشت ئۆرگالیزەیەکی وزەبەخشە، خۆی ئیمکانیەتی خوڵقاندنی گەردیلەکانی خۆی هەیە، ئەم تێگەیشتنەی زانایەکی وەک ستیڤن بۆ سروشت کاریگەری روانگەی زانایان بۆ ئەفرێنەر، سروشت، گەردوون گۆڕیوە. لە کتێبی (دیزاینی مەزن) ستیڤن، پێداگری زانستیانە لەسەر مەقایسی کەونی دەکات و پێیوایە، سروشت خۆی توانای دروستکردن و راگرتنی ئەندازەی کۆی شتەکانی ناو گەردوونی هەیە .

ئەندازەی پێوانەیی و ئەفراندن و بەڕێوەبردن، جۆرێکە لە سروشتی بوونەوەر، بۆیە ستیڤن لە کتێبی (کورتەیەک لە مێژووی کات) جیاوازتر لە تێڕوانینی زانایان بۆ مێژووی گەردون بۆچونی خۆی دەردەبڕێت، لەم پەرتووکەدا ستیڤن دەچێتە سەر دۆخی کات لە نێو گەردووندا. راماندەهێنێت،کە لە دۆخی کاتدا پێوانەیی فیزیایی و گریمانەی نێو سروشت دەخەملێندرێت بە مێژووی خەڵقەتەوە، لەمەدا ئەم تێزەی

ستیڤن لای بەشی زۆری زانایانی فیزیایی و سروشت ناسان دەبێتە پرسیار، پرسیار لە سەرەتای بوون و پێش بوون، ئەفرێنەر و دوای ئەفرێنەر، بەلای کەسێکی وەک ریچارد داوکینز، کە بلیمەتێکی بەریتانییە و لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (وەهمێک) قسە لەبارەی فەلسەفەی ئەتایستەکان و بونیادی ئەم ئایدیایە دەکات، وەک دژە خوا، یان دژە ئایین و باوەڕەکان، لای ئەو ئاسان نییە لە دەرەوەی خودا بیر لە سروشت و بوون و گەردوون بکەیتەوە، پێشی وایە، خوای تاکی، کە ئەنیشتاین سەرەتا ئەم زاراوەی بەکارهێناوە و دواجار بۆتە بابەتێکی لێوردبوونەوە لە نێو پیاوانی ئاینی کڵێسادا، ریچارد لەم کتێبەدا دنیایەکی فراوانی بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ئایین و خودا خوڵقاندووە، کێشەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە ستۆتەوە بە شێوازی تێگەیشتن لەخودا و ئایین لای ئاینداران.

لێرەدا دوو شێوە تێڕوانین بۆ تێگەیشتن لە خودا و ئایین تێدا ئاراوە، بەشی زۆری تێگەیشتنی ئینسان بۆ ئایین و خودا تێگەیشتنێکی غەریزی و فیزیکییە، لەکاتێکدا خودا ئەوەندەی لەنێو سروشت و گەردوونە، ئەوەندەی لە دەروونی مرۆڤەکان ناخەملێندرێت، مرۆڤ هەمیشە ویستوویەتی لە هەست و نەست و دەروونی خۆیەوە خودا وێنابکات، کە ئەمە شتێکی کەینوونییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت،

ریچارد له کتێبەکەیدا(وەهمێک) نموونەی کەسێک دەهێنێتەوە، کە دواجار بۆتە قەشە و مامۆستای ئەو، دەڵێت: ڕۆژێک مامۆستاکەم لە شوێنێکی دڵڕفین دادەنیشێت و خەیاڵی جوانی ژیان بۆ خۆی رایدەکێشێت، لە پڕێک کارەساتێکی سروشتی رودەدات و ئەو دەربازی دەبێت، دوای ئەمە ئەو دەبێتە قەشە و باوەڕدار؟!!! ریچارد دەڵێت: رەنگە هەر هەمان نموونە بۆ کەسێکی دیکە پێچەوانە بکەوێتەوە و کەسەکە ببێت بە ئەتایست؟!!. کەوایە ژینگە و گۆڕانکاریە سروشتی و گەردونیەکان، مەرج نییە یەک ئامانج بپێکن، یان یەک وێنە بخوڵقێنن لە ناخی مرۆڤدا.

فەیلەسوفی ئەڵمانی فریدریک نیچە لە کتێبی(دژە مەسیح) جگ لەوەی بە خوێنەرەکانی دەڵێت ئەگەر کتێبی (وای گوت زەردەشت)ان نەخوێندبێتەوە لەم کتێبەشم ناگەن. نیچە سەبارەت بە ئایین و کوشتنی مەودای ئەقڵ و هۆش، بە وردی، وردە خواکان، خوای دەروون، خودای نێو نا ئاگایی بە ئەنجامدەری بێدەنگ کردنی کۆی ئەو شتانە دەزانێت، لای نیچە مەسیح، هەمیشە دەمانکۆژێت، بە یۆتۆپیاکانی، بە وێنە و خەیاڵە دۆزەخیەکانی.

– کەوایە ئینسان گیریخواردووە، بەدەست ناسینی خۆیەوە؟ پێش ئەوەی قسەکەت تەواو بکەیت، هەندێ تێبینیم لەسەر بیرکردنەوەکانت هەیە دایەگیان، بەتایبەت لەبارەی ئینسان و

ئیمـــان و قوربانیـــدان و ئەوانەی پەیوەنـــدییان بە کەینـــوونەی بەشـەریەوە هەیە. لایمـن ئینسـان چەقـی هەمووشـتێکە، جگە لە مـرۆڤ هـیچ شـتێکی دیـکە لەم گەردوونە نیـیە، کە قسـە بـۆ ئینسان بکات، مرۆڤ تاکە بونەوەری قسەکەری نێو ژیانە، هیچ هێزێک، لەدەرەوەی ئینسان بوونی نییە؟

– هاوڕاتنیم، ئەوەی تۆ دەیڵێیت کوڕی خۆم ئەمەی تۆ پێشـتر گـــوتراوە، دەیەهـــا ســـاڵە دەگـــوترێتەوە، جـــگە لەمەش ئەمە بۆچوونی ئەتائیستەکانیشە، کەوایە شتێکی تازە ناڵێیت؟

– تۆ گوێت نەگرتوو، قسـەی کۆتـایی خۆشـتکرد. دایە گیـان، پـێم بـاش نیـیە وابیـردەکەیتەوە، پاشـان مەرج نیـیە قسـەیەک، تێگەیشتنێک، هزرێک، کە پێشتر، یان لە پێش ئێمەوە گوترابێت و باسکرابێت ئیدی، نابێت، دەردەشـەی بکەیـن؟ پێمـوایە، لەمەدا هەڵەیەک هەیە، لە تێڕوانینی ئێوە بۆ ناونانی ئەتائیستەکان.

– بـانی چـی هەڵەیەک هەیە، لەنـاو هێنـانی ئەتائیسـتەکان، یـان مەبەستت لەوە چییە، کوڕی خۆم کە دەڵێت ئەوەی لە پێشـتردا گوتراوە مەرج نییە بۆ ئێستا مانا و دەستەواژەکانی وەک خۆی مابێت، یان هەمان مەدلولیان هەبێت.

– مەبەستم ئاشکرایە، جارێ شـتێک لەم گەردوونە نییە پێیـی بگـوترێـت، ئەتائیسـت، (بێبـاوەڕ)، لەنـاخی ئینسـان چەنـدان مـن

هەیە، ئەو منــانە، هەمیشــە لەگەڵ خۆیــان و دەورووی بەریانــدا بەریەک دەکەن.

ئەوەی زۆر بێباوەڕە هەمیشە منێکی باوەڕدار، لەناخیدا هەیە و بەردەوام ململانێی لەگەڵدەکات و بانگی دەکات بوسەر خوانی ئیمان، لە هەست و ناخی ئیمانداریێکیش هەمیشە منێکی بێباوەڕ هەیە و پڕی دەکات لە گومان و پرسیار.

دارین هەوڵیدەدا باسەکە بە دایکی بگۆڕێت، بۆیە پێی گوت:

- باشە دایە با من پرسیارێک لە تۆ بکەم، باوکمت دەناسی؟.!!

- مەبەستت چ ناسینێکە، بانی پێش ئەوەی شوی پێبکەم ناسیبێتم؟!!

- مەبەستم باوکمت وەک خۆی ناسیوە؟.!

- باوکی رەحمەتیت مێردی من بوو، چل ساڵان بەیەکەوە ژیاوین، چۆن نەمناسیوە؟.

- دەئەمن پێت دەڵێم نەتناسیوە.

- دەزانی دارین، خەریکە لەخۆت دەردەچیت و دەم بەیتە ناو موناقەشەی لابەلاوە، تۆ دەتەوێت ناچاری وەڵام دانەوەیەکم بکەیت، کە خۆت دەتەوێت؟

- نا بۆ ئەوها لیم تێدەگەی مەبەست و پرسیارەکەم ئاشکرایە، پاشان زۆر بێ شەرمانەش پێم وتی تۆ باوکمت نەدەناسی وەک خۆی، بشمبورە ئەم بێ ئەدەبیەش لە بەردەم تۆوەش دەکەم. تۆش دەتوانین وڵامم بدەیتەوە، ئاخۆ ناسیوتە یان نا؟.!!

- دەتەوێت باسی چی باوکت، بکەم. رەوشت و ئاکاری، هەڵس و کەوتی، تورەیی و هێمنیەکەی، دڵپیسی و بەخیلیەکەی،

جوانی وناشیرینی، ئەقڵ و مەعریفەداریەکەی، یان هتد.... خۆ ناشکرێت باسی شتی تایبەتی خۆشمانت، بۆ بکەم.

- کەواتە نەتناسیوە.

- یانی هەموو ئەوانەی بۆم باسکردی ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە من مێردەکەی خۆم ناسیوە.

- نەخێر، ناسین ئەوها نییە؟

- ئەی چۆنە ناسین، فەرموو ئەتۆ پێمان بڵێ جەناب؟

- باشە بۆ هەڵچویت، دایەگیان، ئەگەر بزانم تورە دەبیت و نیگەران دەبیت بەو باسە بمبورە باسی ناکەم.

- تازە لێم بووە مەراق، هەر دەبێ باسیبکەیت و بزانم چۆن مێردەکەی خۆم نەناسیوە.

- با پرسیارێکی دیکەت لێبگەم. تۆ باوکمت خۆشدەویست؟!

- بەڵێ خۆشمدەویست.

- چۆن بزانم خۆشدەویست. بوەستە پێش ئەوەی وڵام بدەیتەوە، پرسیارێکی دیکەش دەکەم و هەردووکیانم پێکەوە وڵام بدەرەوە، باوکم هەستی بەوە دەکرد، کە تۆ ئەوت خۆشدەویست، یانی ئەو هەستەی لا دروست ببوو کە واتێبگات تۆ ئەوت خۆشدەوێت؟.!!

- مەبەستت لە هەست، چییە؟

- یانی هەستی بەو ئیشقەی تۆ دەکرد، کە بۆ ئەو هەتە؟.

- نازانم دەبێ لەو بپرسی، یانی دەبێ ئەم پرسیارە لە باوکت بکەیت، پێویستە وڵام بداتەوە.

- باشە ئەوە دەساڵیش دەبێ باوکم مردووە، کەواتە ناکرێ خۆ پرسیار لە مردوو بکرێت. بەس خۆم لە جیاتی ئەو وڵام دەدەمەوە، بەس دوای هەندێ پرسیاری دیکە.

- لەم چل ساڵەی بەیەکەوە بوون، قوربانی، بۆ داوی؟

- بەڵێ

- بەگیان قوربانی، بۆ داوی؟

- نەخێر

- بینیت قوربانی لە کویَ بەهای خۆی وەردەگرێت، لە شتێک کە پێوانەکەی لە خۆی زیاتر بێت، سەنگی لە خەملاندنەکەی سەنگینتر بێت. قوربانی بە گیان مەرج نییە بۆ کەسێک بێت کە خۆشت بوێت، لە نێوان هاوسەرەکان، ژیانکردن هەیە نەک ژیان، ئەم شێوە ژیانەی نێوان هاوژینەکان، پڕیەتی لەقەرز، پڕیەتی لە بەخشینەوەی، ئەوەی تۆ بۆمنی دەکەیت. پیاو لە جەنگی خێزاندا، جەنگاوەرێکی دۆڕاوە. ژن لەم ماڵە رۆحێکی ماندووی هەیە، رۆحی ژن لە ماڵی پیاودا، قوربانییە .

ئەو کاپتنەی کەشتی تایتانیکی لە دەریاوە ئاراستە دەکرد، دوای بەرکەوتنی بە کلۆ بەفرەکان و ژێرئاوکەوتنی کەشتیەکەیان، رۆحی خۆی کردە قوربانی هەموویان، گوتی: دەبیَ بەدیار رزگارکردنی گیانی ئەو خەڵکە، لەسەرپێی خۆم بووەستم. بەلای منەوە ئەم جۆرە قوربانیدانە، زۆر جیاوازترە لەوەی، کە تۆ بۆ کەسێک بیدەیت، ئەم قوربانیدانە لە هیچ قوربانیدانێکی دیکە ناچێت .

- دایکی دارین بە پەنچەی ئاماژەی بە دەفتەری یاداشتەکانیدا و گوتی: دارینی ئازیز، کوڕی خۆم ئەم دەفتەرە دەبینی، ٣٠٠ لاپەڕەیەکە ورد و درشتی ژیانی خۆمی تێدایە لەوەتەی فاممکردووە، تا ئەمڕۆکە هەموویانم یاداشتکردووە،

شته تایبەتیەکانم، نامەی دڵداریم، شیعر و وتە و سەرنجەکانم، ئەو شتانەی دەمبینی دەمنووسین، تەنانەت خەیاڵ و خەونی هاوڕێ و دایک وباوکم و برا و خوشکەکانیشم دەنووسیەوە، ئارەزوویەکی سەیرم هەبوو، هەرچی بە مێشک و دڵمدا هاتبوا دەم نووسی، لێکدانەوەم بۆ هەموو شتێک هەبوو، بە گومانەوە دەمڕوانیە ژیان و ئەو شتانەی لە دەوروبەرم روویاندەدا، باسی خۆمم زۆر کردووە، باسی ژن بوون و ئینسان و خەون و خەیاڵ، باسی بیرکردنەوە و ئەقڵ و ئاگایی، باسی تێگەیشتنی خۆممکردووە لەسەر زۆر شت، ئەو کتێبانەی خوێندبێتمەوە، کە دەوری هەزار کتێبێک دەبێت ئەوەی توانیبێتم و هەستی جۆلاندبێتم و بەقسەی هێنام و تێبینیم لەسەریان تۆمارکردووە، یان، قسەی خۆم لەبارەیانەوە کردووە، بۆیە دارین گیان کوڕی خۆم بەڵێنم داوە تەمەنت تا نەگاتە سی ساڵ پێت نادەم بیخوێنیتەوە، کە مردیشم بیپاریزە و خۆشت نووسەریت و دەتوانی بلاویان بکەیتەوە، بەلام وەک خۆی، چونکە ئەو یاداشتنامەیە دواجار منم لەلات و دەبێت وەک ئەمانەتێک، پێویستە پارێزگاری لێبکەیت.

- یانی هێشتا ساڵێکم ماوە، تا ئەم یاداشتەم دەست بکەوێت .

- بێگومان

- دارین دەبا پێت بڵێم و لێک ئاشکرابین، پێنچ ساڵیش دەبێت، خەریکم رۆمانێک لەسەر تۆ بنووسم، دایەگیان، ئەو هەموو قسە و گفتوگۆیانەشم لەگەڵ تۆ ویستوومە لە ژیانی تایبەتیت نزیک بکەوەمەوە، جگە لەدایک و کوڕ وەک هاوڕێیەکیش لە تێگەیشتن و بیرکردنەوە و ژیان و شتە تایبەتیەکانت هێواش نزیک بکەومەوە.

بەس بیرکردنەوەمان زۆر لێک جیایە،

- دایکی دارین، سێ کتێبی دەرهێنا لە کتێبخانەکەیی و وتی ئەم مانگە ئەمانەم خوێندۆتەوە. ئەگەر کرا تۆش بیانخوێنەوە .

هەمیشە دایکی دارین، گەر بیویستایە کۆتایی بە هەر قسە و گفتوگۆیەک بهێنێت بەبەرامبەرەکەی دەگوت، من ئەم کتێبانەم خوێندۆتەوە، پێم باشە تۆش بیخوێنیتەوە، یان لە رۆژنامە و گۆڤار و لەفەیسبووک ئەو نووسینەی فلان کەسم پێباش بووە، تۆش ئەگەر بوارت بوو، بیخوێنەوە، یاخۆت دەیگوت ئەم شەو فیلمێکی نایابم سەیرکردووە هەوڵدە تۆش سەیری بکە .

- دارین سێ کتێبەکەی لەدایکی وەرگرت و ماڵئاوایی کردوو رۆیشت .

## ٦

بەڵێ هەرچی بوو ئەوەندە بوو، کە هات و نیسکێک مایەوە و تێپەڕی، چەشنی سێبەری شەو، کەلەبەر نێزەی ئاڵتوونی شازادەی بەیان ڕائەکا، یا زەردەی نیوەڕەنگی هەتا و لەسەر لووتکەی کێو بەبزەیەکەوە، کە تۆ هەرگیز بۆت دەرناکەوێت، بزەی بەزەییە یان، ئاخۆ ماڵئاوایی، ئاوا ئەبێ و بۆ تۆی دڵئاوساو هەر ئەوەندە ئەمێنێتەوە، کە دانیشی و بیربکەیتەوە، ئاخۆ لەودیو سنووری خۆرئاوا هەتا و چی ئەکات؟!! سەر لەکام گوڵ و گیا ئەدات؟ بەسەر کام دەریا پڕشنگ ئەداتەوە و لەخەو رای ئەچڵەکێنێت؟ .

بەڵام داخێک و سەد مخابن، گەلۆ، لەم وەحشەت خانەیە! ئەمڕۆ تەنها منم و هەواڵی هەمیشەییم، گەرمتر لە هەمووشتێک دەستەملانم بووە و هەر ئەڵێی لە دڵما لێدانە، لە خوێنمدا بزووتنە، لەسەرچاوم دوو تنۆکی قەتیس ماوی فرمێسکە، بەخەم ئەڵێم برادەر. خەمێ وەک رۆژێکی زەردی پایزی بەرە و زستان لەگەڵمدا یەک ماڵە و بێ جیاوازی، تۆ بڵێ دۆستی گیانی بە گیانیم نەبێت؟.

رۆژێـک بـوو ئەمگـوت ئەویـن واتەی ژیـانە، ئەویـن نەسـیمی بەیـانە، تروسکایی ئومێد و دەریـای بێ بنـی گیـانمە، ئەمگـوت، دڵێـک بـۆ ئەویـن نەسـازێت، کەی دڵە، دڵ ئەو دڵەیە خـونچەی ئەشق بگرێت، کامەرانی لێ بڕوێت و شادی لێ سەوزبێت.

ماوەیەکە زهنم خزاندۆتە نێو خۆم و لەخۆم ڕادەمێنم، گوێ لە ترپەی دڵی مانای نێو وشەکان دەگرم، هەست دەکەم لەوەتەی نیگـام ڕژاوەتە نێـو دیـدەنیت، ئەویـنم لێـڕواوە، گەڵای ئەشـق دەردەکەم. ئەویـن جـۆرێکی دیکەی ژیـانە، ئەوانەی دڵیـان هەیە تێدەگەن تامی ئەوین چ تامێکە، چێژی ئەوین چ هەستێکە. دەبوا نـاو لە ئەویـن بنێـین، شـیرینترین بەری درەختـی ژیـان. ئەویـن ئیمـان هێنـانە بە جوانی مـروڤ، تـا ئەویـندار نەبیـت، لە جـوانی ئینسـان تێناگەیـت، ئەوانەی راهـاتوون بەدڵڕەقـی، بە نائومێدی، بە ناسـۆری، ژیـان بگـوزەرێنن، تامیـان لە بـوونی خۆیـان نەکـردووە، یـان هەر نەژیـاون. ژیـان وەک بەهـار، لەکـاتی چرۆکردنـی ئیشـق بـۆن دەردەکـات. تەنهـا ئەویـنداران لەم بەهاری ژیانە، دڵیان بە نەغمەی ئیشق دەپشکوێت.

وەک بەختیـار عەلـی وتەنـی دەمەوێـت بە بێـدەنگی بـژیم، بـۆیە دەڵێـت: مـن لە قەراغـی دەریایەکدا دەوەسـتم و هێمـنم، دەزانـم هێمنـیم لەو شـەپۆلە دوورانە دەمپارێزێـت کە بـۆنی کەشـتی خنکاویان لێدێت، هێمنیم وادەکات ئەو بەلەمـانە نەمبینن کە لە دوورەوە بـۆ دوژمـن دەگەڕێـن، هێمنـیم لە بـای ساردی شـەو

دەمپارێزێت کە بۆ مەستەکان دەگەڕێت، لەسەر لمی کەنارەکان دادەنیشم و هێمنیم وا دەکات ئەستێرەکان نەمبینن، بە خۆم دەڵێم کەس پیاوێک نابینێت کە لە قەراغی دەریادا بە هێمنی دانیشتبێت. گەردەلوولەکان دێن و سەیری هەموو شتێک دەکەن، سەدەفی شکاو، مرواری شکاو، دڵی نەورەسی شکاو. بەڵام من نابینن، من بە جۆرێک هێمنم کەناری دەریا نازانێت من لەوێم، با نازانێت، هەتا یەک دڵۆپ ئاوی بچکۆلانەش نازانێت، من لەوێم. من کەسێکم کەنار و کەشتییەکان دەتوانن لەبیرمبکەن... هەموو کەسێک، هەموو شتێک، دەتوانێت لەبیرمبکات... من لەسەر ئەو لێوارە دەوەستم و دەزانم، دەریا نازانێت، یەکێک تەماشی دەکات، کەشتییەکان تەقە لە یەکتر دەکەن و نازانن من دەیانبینم، من بە جۆرێک هێمنم گوێم لە دەنگی خەیاڵی ماسیگرەکانە، گوێم لە دەنگی تۆڕەکانە کە ئەمشەو بەر ئاو دەکەون، گوێم لە هێلکەی ماسییەکانە کە دەتروکێن... گەر دەتەوێت وەک من گوێت لە دەنگی خنکاوەکان بێت لە ژێر ئاودا پێدەکەنن، گەر دەتەوێت ئاسمان نەتدۆزێتەوە، دەبێت وەکو من هێمن بیت، وەرە سەیرمکە... من بەچەشنێک هێمنم ڕوناکی نامبینێت... بە جۆرێک هێمنم ئەستێرە نامدۆزێتەوە...

دایکی دارین باش سایکۆلۆژیەتی کوڕەکەی خوێندبۆوە، دەیزانی ئەو هەموو پرسیار و دەردەشەیەی لەگەڵ ئەو

سەردەکێشـێت بـۆ شـتەگەلێک کە دایکـی نـاوی نـابوو (شـکانی بەهاکـان) بـۆیە بەردەوام هەوڵیـدەدا داریـن بـاش بیربکـاتەوە، ئەوەی ئەم دەیەوێت وابکـات، یـان هـیچ نەبێت ئەوە نەکـات کە خۆی دەیەوێت، بەلای دایکیەوە ئەوەی دارین بیری لێدەکاتەوە، بەگژداچـــوونەوەی هەمـــوو ئەو بەهایـــانەیە، کە مـــرۆڤ خولقاندوویەتی .

بـۆیە هەمیشـە دەیگـوت: ئەوانەی بـاش دەنووسـن، باشـیش دەژیـــن، بەمانـــا خۆشـــگوزەرانیەکەی نـــا، بەڵکـــوو بەمانـــا کوالیتیەکەی، ئینسان دەبێ، بەدوای جۆری ژیاندا بگەڕێت، نەک ژیانکردن. هەمووومان دەژین ، بەلام هەمووومان وەک یەک چێژ لە ژیان ناکەین .

ئەوانەی مەحکومن بەیەک جـۆر لە ژیـان، گیـرۆدەی مـانەوەن، نەک ژیانکردن، وابەستەی هەناسـەدانن، نەک چێژ وەرگرتن لە بەهای ژیان.

سـەیر لەوەدایە تەواوی عـومرت، لە خـانوویەک لە شـارێک لە ولاتێک لە مەملەکەتێک بەسـەربریت، کۆی ژیانت مەحکومکەی بەیەک جـۆر ڕامۆسـان، یەک جـۆر بیـنن، یەک ڕوانـین. دەبـێ تێـبگەی ئەوانەی گـۆرانیەکی جـوان ئەدا دەکەن، زەوقـی ئەو جیـاوازترە لە شـاعیرێک هێشـتا نەیتوانیـوە سـوڕەیەک بەقسـە

بهێنێت، ئاخر شاعیر دەبێ وشە و مانا بە وێنە بدات، ژن چییە لە ڕواڵەتدا گەر لە جەوهەریدا ڕۆنەچی.

مارکیز، ئەگەر بێعاریەکەی نەبوایە، ئەو پیاوەبوو، وابنووسێت .

ئەدیبێک کە باسی ماچ دەکات دەبێ شەرم لە مانا نەکاتەوە، ماچ تەنها لێو مژین نییە، هەستە بۆ خودی ماچ، بۆ چێژی ماچ.

ئاخر خۆ یەک جۆر لە ژیان نییە، دنیایەک ژیان هەیە. ئەوانەی باش ژیاون، ئەوانەن بەدوای ژیانەوەن، نەک ژیانکردن

ئەم هەستەی دارین سەیر دەردەکەوت، هەمیشە بیرکردنەوەکانی ڕەنگیدەدایەوە لە گوفتار و کردارەکانی ، دایکی هەرچەند دەیویست دارینی لەگەڵ جۆرێکی دیکەی ژیان رابهێنێت، بۆ نموون سەرقاڵی دەکرد بە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کە ئەو دەیویست بیخوێنێتەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە زۆر سەرسام بوو پێیەوە، نەیدەویست درۆ لەگەڵ خۆیدا بکات، دەیزانی حاڵەتێکی سەیر لە هەستی کوڕەکەیدایە و توانا و توانستێکی باشی لەبیرکردنەوە و ڕوانین بۆ شتەکان هەیە، بەتایبەت ڕوانگەی لەبارەی بوون و ژیان و ئەوین و قوربانی و ئینسان دۆستیەوە .

دارین، لە روخساردا نەرم و لە بڕیاردان و بیری جیاوازدا زۆر کوشندانە دەڕوانێتە شتەکان، لە ناخدا یاخی و لە رواڵەتدا

کەسێکی ئارام دەردەکەوێت، باسکردنی ئەم یاداشتانە لەلایەن دایکیەوە حەسرەتی دارینی بۆ دەست خستنی ئەو دەفتەر یاداشتە زیاترکرد، دارین نەیدەویست ئەم سێ کتێبەی دایکی، کە پێیداوە بیانخوێنێتەوە، تا یاداشتەکانی وەدەست نەخات، دەشیزانی وائاسان نیە گەیشتن بەم دەفتەر یاداشتەی دایکی. چاکی لەبیرە کە دەیگوت: دەبێ ببیت بە سی ساڵ، ئینجا پێت دەدەم بیخوێنیتەوە.

لەملاوەش دارین لە خەمی تەواوکردنی رۆمانەکەیدا بوو، بەشی زۆری رۆمانەکەشی پەیوەندی بە ژیانی دایکیەوە هەبوو، بۆیە بەردەوام دایکی بەقسان دەهێناو گفتوگۆی لەگەڵ دەکرد.

- رۆژێک دایکی لێ پرسی بیرتە ئەو رۆژە گفتوگۆمان دەکردوو ئەتۆش گوتت ماوەیەکە خەریکی رۆمانێکم، ئەگەر هەڵەنەبم گوتت لەسەر تۆیە؟

- نا لەسەر تۆ نییە، بەس تۆ پاڵەوانی رۆمانەکەمی.

- بۆ دەتەوێت من بکەیت، بە پاڵەوان؟.

- لە تۆوە زۆر شت دەبینم

- وەک چی؟

- ژنبوون

- ئێی چیتر؟

- جوانبینی،

- باشە چیتر؟

- روانینی باش، لەبارەی ئەو شتانەی دەبێ تێیانبڕوانین.

- پاشان؟

- جۆرێک لە شێتی لە تۆدا هەیە، خۆزگەی پێدەخوازم.

- بەس رۆمان نووسین وانابێت، دەبێ لەدەرەوەی من شتێک بخوڵقێنیت, کە منت نووسیەوە یانی چی؟!! ئەوانەی شت دەگێڕنەوە رۆمان نووس نین، بەڵکو تەنها ئەو شتانە دەگێڕنەوە کە بینیوەیانە، یان گوێیان لێبووە.

گێڕانەوە نابێتە رۆمان، رۆمان جیایە لەگەڵ ئەو حیکایەتانەی، کە نووسەر دەیانگێڕێتەوە. پاشان دەبێ زمانت باش بێت، کوردیەکی باش بزانیت. بەلای کەمی دەبێ چەند سەت رۆمانێکت خوێندبێتەوە ئینجا توانای نووسینی رۆمانت دەبێت.

- چییە بۆ واسەیرم دەکەیت کوڕم، پێدەچێت قسەکانمت بەدڵ نەبێت .

- باشە خۆ منیش، ڕێک ئەوها دەکەم.

- ئەی بۆ چی من پاڵەوانم، مادامەکێ ئەوها دەکەیت؟ تۆ خۆشت نازانی چی دەڵێت.

- چۆن نازانم چ دەڵێم. من ئەوە دەڵێم، کە دەیکەم.

- فەرموو تۆ من دەکەیت بە پاڵەوان و لەملاوەش دەڵێت لەگەڵ قسەکەی تۆدایمە؟ دەزانی من پێشتر چیمگوت؟ .

دایکی دەیویست دارین ئەم ڕۆمانە نەنووسێت، بۆیە هەوڵیدەدا دووری بخاتەوە لە کەلکەڵەی نووسینی ئەم ڕۆمانە، بۆ ئەمە پەنای بۆ ئەو جۆرە گفتوگۆیانە دەبرد، تا ساردی بکاتەوە لەسەر نووسینی. نیگەرانی دایکی لەسەر ڕۆمان نووسین نەبوو وەک ڕۆمان، بەڵکو لەوەگەیشتووە، ئەوەی دارین دەینووسێت، ڕۆمانێکی ئاسایی نییە، ئەوەی ئەو دەینووسێت، ئەو شتانەن، کە بیریان لێدەکاتەوە، بیرکردنەوەی دارینیش شکاندنی شکۆی بەهاکانە، هەر لەبەر ئەوەش دەبێ ڕێگا نەدەین ئەو ڕۆمانە بنووسێت، من لە لەلایەنی خۆمەوە پێداگری دەکەم، ئێوەش، مەبەستم خوێنەرەکانیەتی پشتگیریم بکەن و خواستی نووسینی ڕۆمانەکەی لە مێشکی کەم کەنەوە. من چیتر نایدوێنم و ناکەومە نێو دەردەشەوە لەگەڵی، قسەی بۆ ناکەم. داوا لە چاپخانەکان دەکەم کەس بۆی چاپنەکات، ئەگەر چاپیشی کرد، مەیکڕن تا پێتان دەکرێت، دووریخەنەوە

لە بـــازاڕ، (ئەم ڕۆمـــانە مەخـــوێننەوە، مێشـــکتان تێکـــدەدات)، چـــونکە ئەم ڕۆمـــانە گرفتـــی گەورە دەخوڵقێنێـــت. ئـــاژاوەیەک سازدەکات نەبنی دیاربێت نەسـەری، لەدەرگـای هەمـوو ماڵێک دەدات و گشـــت پەنـــچەرەیەک دەکـــاتەوە، شـــار دەهەژێنێـــت، دەمانبـاتەوە بـۆ دیرۆکێک، گومـان لە بوونیـان دەکـات، مـرۆڤ دەباتەوە دۆخـی خـۆی، دەیکـاتەوە قـوڕ, ئـایین بەقسـە دێنێت و ڕۆح وەبەر یاخیبووەکـان دەکـاتەوە، هەرچـی کتێبـی دنیـایە بەگژی دادەچێتەوە. نووسەرەکانی دادگایی دەکات و کـارەکتەر و ڕۆڵبینەکانی ناو ڕۆمان و کتێبان جارێکی دیکە دەدوێنێتەوە. ئەوەی خودا پێیناخۆشە لەگەڵیان دەکات.

دایکـی داریـن ئەم زانیاریانـەی لەسـەر ئەم ڕۆمـانە تـازەیەی کـــوڕەکەی لە ئەڕنەوازی دۆســـتی گیـــانی بە گیـــانی داریـــن بیستبوو.

– بەڵێ باش دەزانم چیت گوت دایەگیان، تۆ باسی جۆرێک لە ڕۆمـان دەکەیـت، کە فەزای گێـڕانەوەی زۆر کەم بێـت و زیـاتر قسەبکات، بەلای تۆوە ڕۆمان جـۆرێکی دیکەی قسـەیە. وانییە؟ کەوایە جـۆرێکی دیـکەی خولقاندنیشـە، ئەمەشـت گـوت وایە؟!!. پرسیارەکەشـــت ئەوە بـــوو ئەی مـــن بـــۆ دەکەی بە پـــاڵەوان لەکاتێکـــدا خوازیـــاری ئەوە نیـــیە ڕۆمـــانەکەت پـــڕی بێـــت لە سەرگوزەشتە و گێڕانەوە. بەر لە هەموو شتێک من لە ڕۆماندا

بـــاوەڕم بە یاداشـــتکردنی دۆخـــی کەس نیـــیە، بیـــری کەس نانوسمەوە، خەونی کەس وێناناکەمەوە .

گەربیـرت بێـت مـاوەیەک لەبەو پـێش مـحەمەد تەهـا حوسـێن لەبارەی ڕۆمان ...حیکایەت شتێکی بۆباسکردین و دەیگوت:

گێـڕانەوە نـابێ واقیعمـان وەک خـۆی بخـاتەوە زەیـن، ئەرکـی گێڕەرەوە کێشانی وێنەی نوێ و تازەن لە سەر ئەرشیفی وێنە تۆمارەکانی هۆش و واقیع.

ئەوەی ئێستا لە ژیـانی خۆماندا دەیـانبینین لەو بەنـاو ڕۆمانـانە زینـــدوو تـــرن کە یەکێـــک ڕووداوەکـــانی بەقەرزکردنـــی لە پەیامنێرەکـــانی گێـــڕەرەوەی نێـــو وڵاتەوە وەردەگرێـــت و دووبارە وەبەر چاومانی دەخاتەوە.

ڕۆمانی ڕاستەقینە و مۆدێرن بیرکردنەوەی لێ هەڵدەقوڵێ نەک بمانخـاتە حەیـف و ئـاخ و ئـۆفەوە، دنەدانـی ئـاوەزی تیـایە نەک سرکردن و جۆش و خرۆشاندنی سۆز و هەڵچوونەکان.

ڕۆمانی نوێ سازکردنی دنیایەکە لە خەیـاڵی نووسـەرەکەیدا کە هەم زەمەن و هەم فەزاکـــان و هەمـــیش کارەکتەرەکـــانی لە ئەوانەی لە واقیعـدا هەن تێـدەپەڕن، مەگەر نـا لە حیکـایەت و حیکایەت خوانەکەی زیاتر چیتر نیە و جۆرێک لە کرۆنۆلۆژیایە

ڕۆژانەی نێو ڕووداوەکانی نێو خۆمان بەزمانێکی لەرزۆک و گرینۆکەوە بۆ دەنووسێتەوە.

- باشە ئەی من بۆ پاڵەوانم؟ وەڵامی ئەمەم بدەرەوە؟.!

- تۆ هەوێنی ئەم رۆمانەمی، ئەگینا هیچ دەورێکت نییە؟!

- چییە کورڕم بە (پێکەنینەوە) لەقسەی پێشترت پاشگەزبوویەوە؟

- نەخێر بەس ویستم واتێنگەیت، دایە گیان من تۆم وەک پاڵەوان قبوڵە؟!

- یانی چی ئەو قسەیە کورڕم؟

- من رۆڵ بەکەس نادەم، ئینجا ئەو کەسە لە دیدی ئێوە باش یان خراپ بێت. بەمانایەکی دیکە کەس لای من نموونەی باڵا و فریاد ڕەس نییە تا بیکەمە ریبەر، کەس لای من پێشەنگ نییە؟

- کەواتە من هیچ رۆڵێکم لەم رۆمانەدا نییە؟

- چۆن نییتە؟

- بەڕاستی سەیرە دەمێک دەڵێت نیتە، دەمێک دەڵێت هەتە؟ لەم مەتەڵە تێناگەم.

- ئاخر دایەگیان رۆڵی تۆ وەکو رۆڵی ئەو رۆمانانە نییە، ملی پـاڵەوان دەگـرن و بە هەمووشـتێکی دادەدەن؟!!. پێشـم باشـە لەسـەر ئەم رۆمـانە نەڕۆیـن و، کە چـاپمکرد دەتـوانی لەبـازاڕ دانەیەک بکڕیت.

# نیشه*

**نیشه**: بیرەوەری نووسراو

## ١

که دەستم لێیدا، دەمزانی بەم دەست لێدانە، وابە ئاسانی ناتوانم پەڕی ئەو چەند کاغەزە هەڵدەمەوە، کە دەمویست پێی بگەم، لەوە گەیشتم ئیدی دەست لێدان بەتەنها بەس نییە، بۆ ئەوەی بزانیت ئەم کاغەزە چییە. یادەوەرناسەکان پێیانوایە، دەستبردن بۆ شتێک، کە دڵنیا نەبیت لە دەست لێدانی، دەستی لێ مەدە باشترە. پەنابردن بۆ هەر نیشانەیەکی نا ڕۆشن دەستبردنە بۆی، دەستبردنیش بۆ ئەو شتە ناڕۆشنە، خۆی لە خۆیدا وازێکە، کە مرۆڤ لە کەینوونەیەوە چارەی ئەو وازانەی ویستووە و ڕەنجی بۆ داوە. منیش ئارەزووی ئەو گوناهەم دەکرد، گوناهی دەستبردن بۆ سێوەکە وەک ئادەم، ئەو سێوەی من دەم ویست دەستی بۆ بەرم، نیشەکانی دایکم بوو، خەیاڵ و هزر و ئاوەزەکانی بوو.

دەستبردن بۆ گوناه، لایمن دەسبردنە بۆ ژینێکی تازە، بۆ چاوگەیەکی نوێ، بۆ دەربەندێک، کە گوناهی تێدا بڕوێت، گوناه ئەو دەنگەیە کە لە دوورەوە دێ و نەرم نەرم پەردەی دڵت

ئەلاوێنێتەوە و تاری دەروونت ئەلەرێنێتەوە؟! یاخوت ناوە دەبێتە ئەو بۆنە خۆشەی کە لە پرێسکەی نەسیمەوە ئەپێچرێ و لەبەر هەناسـەت ئەکـرێتەوە، گونـاە بـۆن دەردەکـات، تـامی یـاخیبوون دەدات، مرۆڤەکـان چێـژ لەکردنیـان دەبینێـت، بـۆیە لەگەڵ هەستەکانیان تێکەڵ دەبێت. بێ گوناە هەڵناکات مرۆڤ، ئەم راڕاییەی ئینسان درێژ دەبێتەوە بۆ قوڵایی ناخی، رۆژێک دادێ تەمێک تەواوی هەستت پڕدەکات، لە نێو هەناسـەی کتێب و ژێـر لێـوی وشـەکاندا بەشـوێن خـۆردا ئەگەڕێـت، لە هەوادا چاوت پەل ئەکوتێ بۆ مەلێکی تیژباڵ، بە هەمـوو توانستێکی هەسـتیەوە خـۆت مەلاس دەدەیـت، تـا چـپەیەک، جریـوەیەک، کـورکەی پێکەنینێـک، یـان تەنـانەت نـووکەی تراژیـدیایەک پێت بڵێـت، ئەی مــرۆڤ، لە نێــو گێــژاوی ئەو هەمــوو گونــاهەدا تۆمــاوی، تــۆ هێشــتا هەی؟!. ئەفســوس، ژیــان لە نێــو ئەم ئاشووبی گوناهەدا، لەم حەسارە بێدەرگا و پەنـچەرەیەدا ئیتر دڵـی ناپشـکوێ، نیگـای ناڕوانێـت، لێـوی زەردەی تێنـازێ. ئـێمە دەســتەیەکبووین لە گونـــاە، کەڵە گورگێــک بـــووین لە تەوبە، مێگەلێــک بـــووین لە قوربـــانی. ئــێمە هەمیشـــە لە بەســـتێنی دەریـایەکی بـێ شـەپۆڵدا ژیـاوین، شـەو و رۆژگارمـان بە لایە لایەی قورینگی دەریایی و حەیرانییەک، پڕ لە حیکایەت، لێوان لێـو لە کۆمێـدیا سـەرمان خسـتۆتە سەرسـەرینی چـارەنووس، ئێستا لەناچاریدا رۆچووین، کەوتووینەتە

باوەشی زەویەکی خامۆشەوە، لە نێو رۆحی بێدەنگیدا لەخاچ دراوین، لە ناچاریدا لە کەناری گوڵێکی بێ ڕەنگ دادەنیشین و چاودەبڕینە چاوی شەپۆڵە مردووەکان، کە بێ هەست، بێ ئەوەی ئاوڕێک بدەنەوە، شۆک بووە و بۆتە بەندەیەک بە دیار چارەنووسی خۆیەوە ژوانی گرتووە .

دەبێ لەو راستیە بگەین، کە مرۆڤ تاقە دارێکی لاتەریک نییە لەو پەڕی دنیا ژیابێت؟ کەوتبێتە شوێنێک نە ناسراوبێت، گەردوون، جێگەی مانەوە و ژیانی گشت ئادەمیزادە، گەر بە دروستی پێناسە داری بۆ بکەین دەبێ بگوترێت مرۆڤ بەشێکی دانەبڕاوە لەو پەیکەرە گەردوونییەی لەگەڵ تەواوی بوونەکانی دیکەدا ژیانی هاوبەش پێکەوەیان دەبەستێتەوە، ئادەمیزاد لەگەڵ یەکتردا ئەژیت و لە ناو ئەوشتانەدا ئەژیت کە دەوریانداوە، ئاخۆ ئەو هەوایە کە مرۆڤ هەڵی ئەمژێت، ئەو ئاوە کە ئەیخواتەوە، ئەو هەتاوە کە گەرمی ئەکاتەوە و گوڵی بۆ ئەپشکوێنێ و ئەو بارانە کەبەسەر کێڵگەیا ئەبارێت، هەموویان شت نین. تەنانەت ئەو دڕکە کە لە پێی رائەچێت و ئەو بەردەی کە سەری ئەشکێنێت، هەموو ئەو شتانەی کە خێر و خۆشی ئەدەنێ، یان خەم و تاڵی بۆ پێکئەهێنن، لە هەبوونی مرۆڤدا کارێکیان بەدەستە و دەورێک ئەگێڕن!. ئاخۆ لەزەت و خۆشی نابێتە مانای ژیان و خەم و پەژارە و دەردو کەسەر و

نەخۆشی لەوپەڕی خۆیدا ناگاتە مردن؟ ئایا مەرگ و ژیان دوو شت نین و ئێمە ناتوانین مانای شت ئەوەندە پەرتبکەین، کە تەنانەت مەرگ و ژیانیش لە هەرێمی دەسەڵاتیا جێی ببێتەوە؟

ئینسان کاتێک بەلەش و بە ئاوەز و تاقیکاری لەگەڵ شتدا روبەڕوو دەبێتەوە، بەهای زانست لەم سۆنگەیەوە دەردەکەوێت. بۆ نموونە هەوا سارده لەشی ئادەمیزاد ئەتەزێ و ئازار ئەکێشێت، جارێک دووان و سیان، دواتر پەنا بۆ کەولی ئاژەڵێک دەبات کە خۆی راویکردووە، بەخۆیا ئەپێچێت، دواجار هەست ئەکات گەرم بۆتەوە، ئەوجارە بۆ بەرگری لەسەرما کەوڵ بەخۆیدا ئەدات، بۆ ئەوەی کەوڵەکە باش بەلەشیەوە بچەسپێت و لە کەلێنەکانیەوە هەوا نەدات و لەشی ئازار نەکێشێت. ئینجا کەوڵەکە ئەدوورێ و وردە وردە ئەقڵ و تاقیکاری یارمەتی یەکتر دەدەن و جل و بەرگ بەو چەشنەی ئێستا هەیە دەنەخشێندرێت.

دایەم زۆر چاک لەوە حاڵی ببوو ئادەمیزاد هەڵگری چ خەیاڵێکە، بۆیە بەردەوام وەسیەتنامەکەی باوکمانی بیردەخستینەوە، کە پڕی بوو لەو ئاڵۆزیانەی دەروونی مرۆڤ، هەر ئەوەش وای لەدایکم کردبوو دوو خاڵ بۆ وەسیەتنامەکەی باوکم زیادبکات.

## ٢

نیگەرانــی کــۆچی دوایــی دایکــم، وای لێکردبــووم، دڵــم بە دەســتکەوتنی یاداشــتەکەی زۆر خــۆش نەبێــت، ئــاخر ئەو جێهێشـتنە بـۆ مـن کۆسـتێکی گەورەبـوو، دەزانـی چەنـد دڵـم بەدایکم دەکرایەوە، ئەو بۆ مـن هەمـوو شـتێک بـوو، هـاوڕێ و دایک و یادەوەری و کتێبەکانیشم بوو، زۆر زوو لێم ونبوو .

دڵ لە جێگەیەکــی دژواردایە و هەڵناکێشــرێت، یاداشــتەکەی دایەش، ڕەگــی لەنێــو ڕۆحــی ڕۆچــووە، بە ئاســانی کەس ناتوانێت، دەستی بۆ بەرێت. کەس جورئەتی ئەوەناکات، لێی نزیک ببێتەوە. گرمۆڵەبوونی عومرێک بەدیار خۆیدا، بەدیار نهێنیەکانیدا، وا ئاسان نیە بتوانیت لە دەستی دەربهێنیت. ئەم دەفـتەر یاداشــتە لای دایکـم تەنهـا دەفتەرێکـی سـادە نەبـوو وردەکاری هەموو ژیانی بوو، بۆیە لە ڕۆحی خۆی زیاتر دەی پاراست، خۆشی دەویست لەبەر ئەوەی نهێنیی گشت ژیانی ئەوەی تێدا پارێزراوە .

ئەوانەی بە بێـدەنگی راهــاتوون زمانیــان لە شــوێنی دیــکەوە دەگەڕێت و لە جێگەی دیکە قسـە بـۆ ژیـان دەکەن، کتێب ئەو

جـێگەیەیە، کە بـۆ کەسـە بێـدەنگەکان بـۆتە شـوێن، بـۆتە جوگرافیایەکی زیندوو، بۆتە دنیایەکی گەورە و فراوان لێیەوە مـرۆڤە بێـدەنگەکان قسـە لەگەڵ وشـە و زمـان و وێـنە و رووداوو کارەکتەری نێو کتێبەکان دەکەن .

دایەم وەک خۆی بۆی باسکردووم هەر شتێکی بینی بوایە یان بیبیسـت بـوایە یـان بـی خوێنـدبوایەوە یاداشـتی دەکـردوو پەراوێزێکی بۆی زیاد و کەم دەکرد. داپیرەم دایکی دایەم، کە نـاوی رەوشـەن بـوو، دایکم لە رووخسـاردا زۆر لەو دەچـوو، قژێکـی خەنەیـی، پەرچەم درێـژ، پێسـتی سـپی و چـاو شـین. خەزێمێکـی ئـاڵتۆنی بەلـوتە تەنـکەکەیەوە نووسـاندبوو، هەردووقـاچی بەخرخـاڵ نەخشـێندرابوو. لەنـاو کـوردان کەمـن لەو بەتەمەنـانەی چاویـان شـینبێت، ئـاخر چـاوی شـین، لە نێـو کۆمەڵگەی کوردەواریماندا پەسند نەبووە، تـوانجی لێدەدرێت و بەباش سەیر ناکرێت، بەس داپیرەم ئەوچاوە شینەی بۆ ببوو بە هەوێنی ئیشقێکی پاک لەگەڵ باپیرەم، چـوار سـاڵان بـاپیرەم ئەشقی داپیرەم ببوو، دەڵێن چەند جارێک چۆتە خـوازبێنی و بـاوکی داپیـرم رەزامەنـد نەبـووە. تـا سـاڵێک بـاوکی داپیـرەم دەچێـتە حەج و سـەردانی مـاڵی خـودا دەکـات، لەوێ خەونێـک دەبینێـت و لە خەویـدا فریشـتەی جـوانی و ئیشـق پێـی دەڵێـت: هەی بێ ویـژدان بۆ ئەو کـچەت نـادەی بەم کـوڕە، ئەی نـازانی یەکتریـان خۆشـدەوێت. ئیـدی کە گەڕایەوە بـاوکی داپیـرەم

کچەکەی پێشکەش بە باپیرەم کردوو، ئەم دایە نازدارەشم لەم دوو ئاشقە بووینە .

دایکم لە نیشەکانیدا هەمووشتێکی یاداشتکردبوو، بەرلەوەی شتێک بنووسێت، وشەیەک بخاتە سەر جەستەی پەڕاو، کتێبیی ژیانی دایکم قاقڕ قاقڕ وشک دەچۆوە. ئەو بۆ شتێک دەینووسی، کەس پەی پێ نەدەبرد. بۆ هەر شتێک دنیایەک قولاخی حازر بەدەستی هەبوو. دەم، دەم، وشە بە وشەی دەخستە سەرسینەی کتێب..

لە هەر کونجێکی ئەم ماڵە بۆنی دایکم دەهات، گوێم لە قسە و گۆرانی و لایلایەکانی دەبوو، سەرینەکەی پڕی بوو لە وردە مەراقی ژنانە، نیگای لە نیگای ئەو باڵندانە دەچوو کە باڵەکانیان بۆ لێرەوارەکان شۆڕدەکردەوە، ژنێک بوو وەک درەخت رەگی بەژێر زەویدا چەقی بوو، گەلا گەلا جوانی لێدەتکا، گۆڵمەکانی وەک بن پلەی درەختان شەونمیان لێوە نەخشێن درابوو، لێوی هەمیشە ژوانیان گرتبوو بە ماچ، دایکم لەکەس نەدەچوو، ژنانە دەیڕوانیە ژیان. دایکم منداڵی نەبینی بوو، کچێتی نەبینی بوو، بۆیە هەمیشە بە ئێمەی دەگووت ئێوە منداڵیی و کچێتی منن. خۆشی ئێوە، دڵخۆشبوونی منە, یاریکردنەکانتان وەکو ئەوەیە من بم، یاری بکەم، هەرچی بمان ویستیایە بۆی دەکڕین، نازی زۆر پێدەداین، بەس هەڵسوو کەوتی لەگەڵ من جیابوو، ئەو نازەی دەیدا بە برا و خوشکەکانم بە منی نەدەدا، لە جیاتی

ناز و سۆز هانی دەدام زیاتر بزانم، کتێبان زۆرتر بخوێنمەوە، زیاتر بیربکەمەوە، جیاوازتر بڕوانمە ژیان و مرۆڤ و بوون. بیرمە تەمەنم سیانزە ساڵێک دەبوو، تازە قۆناغی شەشی سەرەتاییم تێپەڕاندبوو، پێیگوتم دارین، بۆ ئەم هاوینە دەبێ بەیەکەوە شتێک بکەین، نابێ ئەو چوار مانگی پشووی هاوینە بەشتی بێ سوود تێپەڕ بکەیت، نابێ بیرت تەنها لای خەوتن و یاری و مۆبایل و پۆپجیی و ئینتەرنێت و ئەو شتانە بێت، سەیرم بەو قسانەی دایکم دەهات و لەبەر خۆمەوە دەمگوت: ئەو شتانە چییە ناویان دەهێنێت و باسیان دەکات، مۆبایل چییە؟! پۆپجی چییە؟! بە سەرسوڕمانەوە رووم لەدایەم کردوو، پرسیاری ئەو ناوانەم لێکرد کە تازە باسی دەکرد بۆم. وام دەزانی ئەوانە ناوی ئەو شتانانە کە لەکاتی خەو بینیندا دێتە بەرچاوانم، وام دەزانی دێوزمەن و دەم خۆن، وام دەزانی ناوی یاریەکانمن. بەڕاستی ئەو ئامۆژگاریانەی دایکم سەیربوو، ئەو لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیست و یەک ئەو قسانەی بۆ دەکردم، باسی مۆبایل و پۆبچی و ئینتەرنێتی دەکرد. ئەوکات بەلامەوە سەیر بوو نەم دەزانی ئەو ناوانە چین، کە دایکم ناویان دەهێنێت، ئێستاش بەلامەوە نا ئاساییە، کە دایکم ئەو شتانەی چۆن زانیووە، زۆر مەبەستمە بزانم دایکم بە چ شێوازێک گەیشتۆتە بەم ئاستەی کە خوێندنەوە بۆ سبەی بکات، دوارۆژ ببینێت. رابردوو چاولێبکات، کارێکی قورسە لەوە بگەیت دایەم چۆن ئەمەی زانیووە، من ئێستاش

ئەو وشـــانەی لە مێشــکم دەخــولێنەوە، مۆبایــل، ئینتەرنێــت، پــۆبچی، ئەو شـــتانەی کە تـــازە بە ئـــێمە گەیشـــتووە، هەر ناوەکانیــان زۆر تــازەن، ئەی دایکــم چــۆن بەوە گەیشــت، کە بزانێت ئەو ناوانە دواجار دەبن بەنـاو و بەوشـێوەیە لە هەمـوو دنیا لە نێو تاک بەتاکی گێتی بڵاودەبێتەوە. ئەی چۆن زانـی، کە ئەم شـــتانە ئینســـان ســـەرقاڵدەکەن، مێشـــکیان دەشـــۆنەوە، بەتایبەت منداڵەکان .

دەزانـــی ئێســـتا جیهــان بە تەواوی لە مەترســـی بەکارهێنــانی ئینتەرنێـت لەلایەن منـدالانەوە تێگەیشـتووە، وڵاتـی هیندسـتان، بەفەرمـی مەترسـیەکانی پـۆبچی بۆسـەر مێشـک و دەروونـی منـدالان راگەیانـد و پێشـنیاری قەدەغەکردنـی کـردووە. وڵاتـی چین، بەو زەخامەتەی خۆیەوە فەیس بووک لەناویدا قەدەغەیە. بەڕاســتی ســەیرە ئێســتاش لامشــۆکە چــۆن دایکــم بەمەی زانیـوە؟!. پێشـتر دەیـانگۆت ئەوەی لە غەیـب و شـتی داهـاتوو بزانێــت یــان (گەڕامەت دارە یــان ســاحیرە) ئەوەی دایکمـــی ناسیبێت، دەزانی ساحیر و فاڵگەرەوە نەبووە و خۆشیشـی بەم کار و پیشەیانەش نەهاتووە، نێوانیشـی لەگەل شـێخ و سـەید و مەشـایەخانیش زۆر بـاش نەبـووە. بیـرمە داپیـرەم دوعـایەکی هەبـوو زۆر جـاران لەو کەسـانەی دەکـرد، کە دەسـتگرەوەن و فـــاڵچین، دەیگـــوت، ڕەبـــی نەگەن بەســـبەی، کە بەم درۆ و

دەڵەسانە خەڵکی هەڵدەخەڵەتێنن، دایکیشم دەست بە دوعا و روو لە ئاسمان دیگوت ئامین .

باشە بۆ تەنها ناوی ئەو شتانەی هێنا، مەبەستی چی بوو، لەم قسانەی دایەو ناوهێنانیان بەو شێوەیە پێدەچێت زۆر ترسی لەو شتانە هەبووبێت، کە لە ئاکامدا کۆمەڵگە بەرە و ئاقارێکی خراپ ببات، مەبەست لەخراپ تێکچوونی بەها کۆمەڵایەتی و خێزان و هەستە ئینسانیەکانە. کەس هەیە نەزانێت خێزانەکانمان منداڵەکانمان گەنج و لاوەکانمان بە کچ و کوڕیانەوە، لە نێو وەیشوومە و گێژاوی ئەم نەگبەتیانە نە ئالابن، زۆر جاران گوێم لێ دەبوو دایکم بە باوکمی دەگوت، هۆکارەکە هەمووی تۆی، چەند پێم دەگوتی بۆ دوێنێ مەژی، ژیان لە نێو سبەی دایە، تۆ گوێت بۆ را نەدەگرتم. بەڵکو گاڵتەشت بەقسەی من دەهات و منداڵەکانیشت لەمن هاردەکردوو پێت دەگوتن بەقسەی دایکتان مەکەن، ئەو ژنە و هیچ نازانێت، فەرموو تۆ بزانە و ئەو ماڵە رێکخەوە، دڵی منداڵەکان ئاشتکەوە بە خۆشیەکانی خێزان، فێریان بکەوە سۆزیان هەبێت بۆمان، بۆ ئەم ماڵە رێز دابنێن. دەی فەرموو دەتوانی وایان لێ بکەیت گرینگی بە خوێندن و زانست و زانیاری بدەن، تۆ هەموویانت سەرگەردان کرد، مێشکیانت بە دوێنێ و دوێنێ و هەر ئێمە و ئێمە شۆرد بۆوە، فەرموو رایان بێنە وەک ئینسان بژین، مرۆڤ دۆست و ژیان دۆست بن، ئەم

ماڵەیـان خۆشـبوویت، بەهاکـانی بپـارێزن. پەنچەکـانی لە بـاوکم هەڵدەشەقاندوو ئەمجارە بە هەستێکی تەواو نیگەرانەوە گوتی: هەمووی تۆ بوویت، ئاوێکی خراپت ڕشتووە دەبێ هەر خۆشت چاکی بکەیتەوە .

تـا تەواوێـک گەورەش بـووم، ئەم ئاخـاوتنە ئـاگرینەی نێـوان دایکم و باوکم درێژەیان هەبوو. دایکم باش دەیزانـی ئەو مـاڵە بە بـاوکم چـاک ناکرێـت، ئـاخر ئەو بـاش لەوە گەیشـت بـوو ئەوانەی بۆ دوێنێکەیان دەژین، یان لەسـەر رابردوویـان دەژیـن قەت نـــاتوانن ژیـــان بگـــۆڕن، گۆڕانکـــاری لە چارەنووســـی ماڵەکەیـان و منـداڵەکانیان بـکەن. دایکـم زۆر بێومێـد بـوو لە بـاوکم هەر بەو چـاوەش سـەیری وەسـیەت نـامەکەی دەکـرد، بۆیە ئەم دوو خاڵەی بۆ زیادکردبوو، کە قسەکردن بوو لەسەر سبەیی و ژیان لە نێو دواڕۆژدا .

کاتێک سەیری ژیـانی دایکـم دەکەم لەو مـاڵە و گوێ لە قسـە و روانین و تێگەیشتنەکانی بۆ چـاککردنی ئەم مـاڵە دەگـرم، کە لە پێشـــتردا بـــۆی هەوڵـــداوە. ئینجـــا ئەوەم لا ئاســـایی دەبێـــت و دەگەمە ئەو بـاوەڕەی کە دایکـم توانـای دواڕۆژ خوێنـدنەوەی هەبـــووە؟!!. دەتوانێـــت قســـە لەســـەر ســـبەی بکـــات بە نـــاو و دەرکەوتەکانیشیەوە، ئەم رەوشتە یوسفیە لەدایکم باش رەنگی دابۆوە، بەڕاستی من لێم تێکچوو بوو، نەمدەزانی ئەو ئاکاری یوسـفیانەی هەیە یـان مـن، ئەی بـۆچی هەمـان وێنە و هەمـان

دیمەن لەماڵی ئێمە لە نێوان من و براکانم دووبارە بۆتەوە، دایکم جیا لە برا و خوشکەکانم گرینگی زیاتر بەمندەدا، ئەمەش رێک وەک باسم کرد لە دیمەنی حەزرەتی یەعقوب و کورەکانی لەلایەک و حەزرەتی یوسف لەلایەکی دیکە دەچوو، بەس ئێستا لێم تێکچووە،و گومانم لێڕواوە، باشە دایکم ئێستا لە یوسف دەچێت، وەک ئەو سبەی دەبینێت، دوارۆژ دەخوێنێتەوە. من خۆمم لێون بووە، دەبێ دایکمیش من نەبم، ئەویش من نەبێت .

ئەم دوارۆژ بینینەی دایکم، هەمیشە جێگەی پرسیار بووە لامان، بەردەوام پرسیارمان لەیەکتری دەکرد و دەمان پرسیی لە یەکتری و بە شێوەیەک ئەو دەنگۆی دوارۆژ بینینەی دایکی دارین بڵاوببۆوە، تەنانەت خزمان و هاوسێ و خەڵکی شار و ناوچە و خەڵکی وڵاتانیش بەمەیان زانی بوو. بەس تا کۆچی دواییشی کرد کەس نەیزانی ئەو ژنە دایکی منە کە دوارۆژ دەخوێنێتەوە، کەس نەیدەزانی ئەو ژنە هەر ئەو ژنەیە، کە ماڵیان لەبەرمبەر مزگەوتی، مزگەوتی مەلا قادری تەبیعەت ژنانەیە، کەسێک بە ئاشکرا نەیدەزانی ئەو ژنە کێیە کە سبەی دەبینێت و دوارۆژ دەخوێنێتەوە، کەسیش نەیدەزانی دایکی دارین، خاوەنی ئەو بیرتیژیەیە و توانای خوێندنەوەی بۆ ئەمرۆ و دوێنێ و دوا ڕۆژ هەیە .

هەموویـــان دەکەوتـــنە پرســـیار کـــردن لە یەکتـــری، چـــۆن بیرکـــردنەوەی ئەوهـــا تیژبـــووە؟ بەچ شـــتێک ئەم ئاســـتەی تێپەڕاندووە؟ کێ مامۆستای بووە؟ چی خوێندۆتەوە؟ .

چونکە هەرکەسێک توانستی زیرەکی بگاتە ئاستێک پێش بینی بکات، یان ناوی هەندێ شت بهێنێت، کە نەبیستڕابێت، یان نەبیندرابێت؟!!. ئاماژەیە، کە ئەم کەسە بیردەکاتەوە. ئەوانەی شـــتیان زانیـــوە یـــان گەیشـــتوون بە شـــتێک بێگومـــان بیریانکردۆتەوە. هەرچەند بیرمەندی ئەڵمانی دیکارت دەڵێت: (بیـــــــــــردەکەمەوە، کەواتە هەم) ئەم بیرکـــــــــــردنەوەیە، بیرکردنەوەیەکـــی وجـــودییە، نەک مەعریفـــی. هەســـتکردنە بە بوون، بە هۆشیاریی، ئاگایی شتێکە و هەستکردن بە وجودت شتێکی دیکەیە. ئێمە وەک ماددە هەست پێکراوەکانی نێو گەردوون، بەشـــێکین لە تەنێـــک لە ســـەر زەویداـــ بوونمـــان فیزیکییە، بەس بیرکردنەوەمان، هزرمان، هۆش و ئاگاییمان، گەیشـــتنە بە مەعـــریفەی بـــالآ، بەم وتەیەبێـــت هەرکەس، کەبیریکـردەوە کەواتە هەیە، ئەی ئەوانەی بیرناکەنەوە کەواتە نیین، باشە ئەم بوون و نەبوونە لە نێو باخچەی ژیاندا چ بەهـــایەکی هەیە؟!. دەتـــوانین جیایـــان کەیـــنەوە و دواجـــار بیرنەکەرەوە و بیرکەرەوە بخەینە دوو خانەوە .

دایکم لەو کەسانەبوو پیشبینی دەکرد، روانینەکانی بۆ ئایندە بۆ سبەی سەت دەر سەت دەردەچوو، ئاخر ئەم دوو خاڵەی

بۆ وەسیەت نامەکەی باوکیشم، کە زیادی کردبوو لەبارەی سبە و ئاییندەمانەوە ڕێک پەیوەندی بەم حاڵەتەی دایکمانەوە هەیە، کە ئەو دواڕۆژ دەبینێت .

ئەو دەیزانــی ئەمــڕۆکە چ ڕوودەدات، چ گۆڕانکــاریەک دێــتە ئاراوە. با بیرتـان خەمەوە، وەک باسم بۆتانکرد، دایکم ئەو ڕۆژە منی جیاکردەوە و پێیگوتم ئەو هاوینە وەرە با بەیەکەوە شتێک بکەین، ئێمە بەهەڵە لەم وتەیەی دیکارت گەیشتووین, هەستکردن بەبوون، نۆرمێکی مەعریفی نییە، هیچ پێویستیشی بە زانیاریی و بیرکردنەوە نییە. مەبەستی دایکم ئەوە بوو دەبێ وەک منــداڵان بیــر نەکەمەوە، وەک ئەوان کاتەکــانم بە فیــڕۆ نەدەم، منداڵێکی جیاواز بم، جیاواز تەنانەت جیاواز لە برا و خوشکەکانیشم، بەڕاستی خۆم وەک حەزرەتی یوسف دەهاتە بەرچاوان، لە نێو نۆ برا و چەندان خوشکدا باوکم تەنها گرینگی بەو دەدا، ئینجا هەر بەڕاستی وێنەی یویسف و برا و یەعقوبی باوکیان لە ماڵی ئێمە دووبارە ببۆوە، من بە ئاشکرا هەســتم بەوە دەکــردوو، خوشــک و براکانیشــم هەســتیان پێدەکرد، کە دایەم زۆر گرینگی بە من دەدا، ئەمجارە وێنەکەی پێچەوانە ببۆوە ئەو کات یەعقوبی باوک بوو ئەمجارە سارای دایکمە، ئاخر ساراش ناوی خێزانی ئیبراهیم پێغەمبەر بوو، دایەم لەسارایەک دەچوو بۆ ئیسماعیل شەیدا شەیدا بۆ قومێک ئاو لە سەحرا دەگەڕا، سارای دایەیی منیش بۆ ئەوەی من

تێـبگەم و پێـبگەم، ڕەنجـی زۆری لەگەڵ کێشــام، شــەونخونی زۆری بۆ کـردم، زۆری ویسـت تـا کردمـی بە خـۆم، تـا وایکـرد وەک خـۆم بیـربکەمەوە. ئەو نەیـدامە دەسـتی بـاوکم تـا سـەرم ببڕێــت، بــۆ ئەوەی بمکــا بە قوربــانی، ئەو لە چنکــی بــاوکم دەریهێنام و وایکرد لەسەر پێی خۆم بووەستم .

دایکـــم زۆر جـــاران قســـەیەکی ســـەیری دەکـــرد لەلای دەستەخوشکەکانی دەیگوت (ئەمن زۆر لەداریني کوڕم دەچـم). واباوە لە نـاوخەڵکی کە بگوترێت کـوڕەکەم یـان کـچەکەم زۆر لەمـن دەچێت بەس نابێت بڵێیت (مـن لە کـوڕەکەم دەچـم). ئەم وتەیەی دایەم بیری وتەیەکی هـاوڕێم (س،ع)مـی خسـتمەوە، کە لە نووسـینێکیدا بەگـژ باوکیـدا دەچێـتەوە و دەڵێـت (بـاوکم بە خۆم دەچوو.)

# ٣

لە ژووری دانیشتنەکەدا، لە ماڵی دارین، دایکی دارین و دارین، کە دەکاتە دایکی منیش مێزێکی بچووک داندرابوو، مێزەکەش بەسەر پارچە مەڕمەڕێکی ڕەنگین بەندبوو، کە پەیکەرێکی نیوە ڕوتی لە شێوەی پەیکەری "ڤینۆس"ی لەسەر داندرابوو، خوای جوانی یۆنانیەکان. لەدەستی چەپدا سێتارێکی هەڵگرتبوو، سێتارەکەش بەسەری پەیکەرەکە پەیوەستکرابوو، هەر پێنج پەنچەی دەستی ڕاستی بەدەم جووڵەیەکی پڕ لە قسەوە کەوانەیی کرابوونەوە، هەر وەک بڵێیت هەنووکە بەر ژێیەکان دەکەون. قاچەکانی وەک مەشکە یاری پێدەکرد، بەشێوەیەک دەیجوڵاندن کە لەوە بچێت هەنگاوی نابێت، سەری کەمێک لارکردبۆوە بۆ تەنیشت، وەک کەسێک رووخساری وەرگەڕاندبێت، یان کەسێک رووە و ئاسمان بڕوانێت وادەردەکەوت. دایکم لە جوانیدا دەتگوت، (دایان)ەی، کچە شاژنی ئینگلتەرایە، قژێکی کورت، بەس سپی لەشێوەدا لە ژنە خوێندەوەرا و بەگزادەکانی شار دەچوو، ئەم شێوە دەرکەوتنەی دایەم، لەناو حزمان و خەڵک و گەڕەکەکەمانەوە، هەندێ جار مایەی توانج لێدانبوو، چونکە لە نەریتی ئێمە وایە

ژن که جووه ناوتەمەنەوه دەبێ لەچەک بکات، قژی بۆ پیاو دەرنەجات، ئەوه حیشمەت بوو، واباوه و دەڵێن ژن به حەیا و بێدەنگیەوه جوانه، پیاویش به پیاوەتیەکەییەوه، بەهەرحاڵ، دایەم وابوو، زۆر کەم گوێی به قسه و دەنگه دەنگی خەڵکی دەدات، ئەو چاک لەوه دەگەیشت، خەڵک بیرناکەنەوه، تەنها ئەو شتانه دەڵێنەوه که بیستوویانه، وەک خۆیان شت نابیستن ئەوانه دەڵێنەوه که پێشتر بینیوویانه، ئیدی لەنێو ئەم دنیا ناچور به یەکەوه، دایکم باش خۆی لەسەر قاچ ڕاگرتبوو، باش باش دەیزانی سبەی ئەو خەڵکه وانامێننەوه، شتێک هەر دێته ئاراوه، ئەو دواڕۆژخوێندنەوەیەی دایکم لەوەوه سەرچاوەی گرتبوو، هەر لەبەر ئەم گەشبینیەی بۆ ئاییندەش دووخاڵەکەی لەوەسیەت نامەکەی باوکم بۆ ئێمه زیادکردبوو. ئەو مەڕمەڕە رەنگینەی پەیکەرەکەی لەسەر چەقێندرابوو، شێوەیەکی زۆر قەشەنگی کچانەی پێبەخشیبوو. یان دەتوانین بڵێین وێنەیەکی پڕ له جوانی و پاکیزەیی و خواهانەی دەنەخشاند. لەخۆڕا نییه ئێمەش بەو دیمەنانه دەڵێین خواهانه، خۆ بێهووده ئەم وشەیه دەرنابڕین. گەر بەچاوی هونەری سەیری ئەم دیمەنه بکەیت، جوان ڕوانینت دەرخەیت وەک هونەرمەندێک ئینجا لات ڕۆشن دەبێت، ئەوەی تۆ گوتووته، لەبارەی ئەو وێنه و دیمەنه خواهانه ڕاستت پێکاوه. زەوقێکی زۆر کچانەی هەبوو، بۆ ماڵ و پاک و خاوێنی، تەنانەت دیزاین و نەخشەسازی ماڵەوه گشتی خۆی دیاری دەکرد، هەموو ساڵێک دەستێکی بەو ماڵه

دادەهێنــاو زۆربەیــانی دەگــۆڕی لە فەرش و قەنەف و مێــزوو پەردەی ژوورەکــان و ئەگەر پێویســتی بکــردایە چەنــد ســاڵ جارێک ماڵەکەشی گشتی رەنگ دەکردەوە. چل و یەک ساڵی رێــکە لەو خــانووە دەژیــن، مــن لەو مــاڵە لەدایــک بــوویمە. خــانووەکەی بــاوکم، ٤٢١م دەبــوو، نــازانم شــارەوانی بــۆ ئەم زەویەی بەو شێوەیە هێشتبۆوە، ئێمە هاوسێمان نەبوو دەرگا بەدەرگا، بۆیە زەویەکەشمان وا رێککەوتبوو، سەری زاویەکە خانووی ئێمەیە، کەوتووینەتە نێوان دوو کۆڵان، بەردەمیشمان جگە لە مزگەوت، کۆڵانێکە، منداڵیم لەم گەڕەکە بەسەربردووە، کە جەنگی ئێران و ئێراق تەواو بوو ١٩٨٨/٨/٨ داپیرەم یەکجێ هەل هەلەیەکــی لێــدا، چــۆنکە کــوڕەکەی لە پێشــی پێشــەوەی جەنــگ بــوو لە (فــاو) چــوار مانــگ و نــۆ رۆژ بــوو نەگەڕابۆوە، بەس هەواڵــی ســەلامەتی زوو زوو دەهــات. ئەم دڵخۆشــیەی داپیــرە و دایکــم زۆری نەخایەنــد، خــاڵم بێســتوون دوای ئەوەی لەو شەڕە نەگریسە بەسەلامەتی گەڕایەوە لەنــاو شــار ســەیارە لێیدا و مرد .

کۆتــایی بەم شـــەڕەی نێـــوان ئێـــران و عێـــراق هـــات، بەس شەڕەکانی دیکە هێشتا درێژەیان هەیە، ئێمە لە شـەڕی هەشـت ســـاڵەی نێوانیـــان دەربازمـــانبوو، بەس هێشـــتا ســـێبەری ئایدۆلۆژیایەک، وەک دێوزمەیەک، بەسەرمانەوە وەستاوە. بۆ ئێمەی کــورد کۆتــایی شــەڕەکە دەســت پێکــی شــەڕەکانی دیــکە

بــوو، شـــەڕی کــورد و پێشـــمەرگە، شـــەڕی خـــاپورکردنی هەزارەها دێهات و لەناوبردنی سەرچاوەی سروشتی ژیانمان.

(ئیمـام خـومەینی، رابەری رۆحـی شۆڕشـی ئیسـلامی ئێران لە ئان و ساتی کۆتایی هاتنی جەنگەکە وتی: ئەم وەستانی شـەڕە بەو شـێوەیە بـۆمن، وەک ئەوەوایە لێوانێـک ژەهـر بخـۆمەوە) ئیمـــام بەم خـــواردنی ژەهـــرە، ئیـــدی ســـەددامی لەخـــۆی دوورخســـتەوە، بەس ســـەددام بـــۆ گیـــانی ئـــێمە بـــوو بە هەمووشتێک، ئەم ژەهرە بەڕاستی بۆ ئێمە بووە ژەهـر، بووە کیمیـایی و ئەنفـال، بـووە جینۆسـاید، بۆمـان بـووە مێژویەکـی مەرگەسات. شەڕ کۆتایی هات بەس دەروونمـان تـا ئێسـتاکەش لەشەڕێکدایە لەگەڵ ئەم کلتوورە خوێناویە، کە درێژەی هەیە و دەروونمان بۆ هەمیشە ئازار دەکێشێت.

ئەو ئاوەی بەعسیەکان ڕشتیان ئاوێکی دڵڕەقانە بوو، کوشـتنی بەهای ئینسانی کورد و جوامێری نەتەوەیەک بوو. ئەو ئێمەی فێـرە دڵڕەقـی کـرد، رایهێنـاین جـوانی نەبینـین، هەمووشـتێک بەڕەش، بە نەهـامەتی ببینـین، رۆحـی کوشـتین، خەونەکانمـانی گـۆڕیەوە بە جەنـگ، هۆشـی لێسـاندین و سـەرینێکی وشـکی پێـداین، ئاگـایی مـانی داشـۆری، هەرچـی قسـەی نێـو کتێبـان هەبـــوو، کـــردی بە بۆمبێـــک و لەبەردەممـــان داینـــا. ئەمە چارەنووســی نەتەوەکەمە، شوناســی کوردبوونمــانە بەدەســت نادیارەوە گیرمان خواردووە.

عیرفـــان مســـتەفا لە پێشـــەکی کتێبـــی بـــوونی مـــرۆڤ و دەرکەوتەکانی پێمان دەڵێت کوردبوون، چ کارەساتێکە، لە نێو ئەو بێ شوناسیەی دەوڵەت و نەتەوەدا:

راپەڕیـــنەکەی ســـاڵی١٩٩١ بـــۆ کـــورد خـــاڵی وەرچەرخـــانی هوشیاری کورد بوو بەبوونی جەستەی خۆی. کورد لە پێش ئەم ڕاپەڕینەدا جەستەی خۆی وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ نەدەبینی. ئەو جەستەی خۆی تەنها وەک بوارێک بۆ شـەڕەکان و ئەو کارەســاتانە دەبینـــی کە لە شـــەڕە وەحشـــیگەرییەکانی ئەوانـی تـر لەسـەر جەسـتەی دەکەوتـنەوە. لەدوای ڕاپەڕیـنەوە جەسـتەی کـورد دەردەکەوێـت، کـورد هەسـت بەوە دەکـات کە خاوەنی جەستەیەکی سـەربەخۆیە، بەڵام ئەمە لە هەستکردنێک زیاتر نییە.

لەسەرەتاکانی ڕاپەڕینەوە تا کۆتایی شەڕە ناوخۆییەکان، کورد تەنها دەتوانێت هەست بە بوونی ئەو جەستەیە بکات کە لە نـاو کارەســـاتەکانی خۆیـــدایە. لەم سەردەمەشـــدا روحـــی کـــورد هۆشـــیاری بەجەســـتەی خـــۆی پەیـــدا ناکـــات. ئەم روحە لەو سەردەمەدا جەستەی خۆی پڕ دەکات لە کارەسـات تـا هەسـت بە بـوونی بکـات. ئەم روحە لەڕێگەی شـەڕەکانی نـاو خـۆیەوە دەگـاتە ئەوەی کەبتوانێـت هەسـت بە بـوونی جەسـتەی خـۆی بکـــات، بەڵام هێشـــتا ناتوانێـــت بگـــات بەوەی هوشـــیاری بە جەستەی پەیدا بکات و خۆی لەناویدا ببینێتەوە. لەدوای شـەڕە

نـاو خۆییەکـانەوە ئەم ڕوحە بەرەو هەسـتکردن بە جەسـتەی خـۆی دەڕوات. لە دوای هـاتنی ئەمریکـاوە بـۆ عێـراق، روحـی کورد هەست بە جەستەی خۆی دەکات و بوونی خـۆی لە نـاو ئەو جەسـتەیەدا دەرکەوت پـێ دەکـات. بەم دەرکەوتکردنەشـی جەسـتەی وەک جەسـتەیەکی سـەربەخۆ بەرەو دامەزرانـدن دەڕوات.

لە ئێسـتادا هەسـتکردنی روحـی کـورد بەبـوونی جەسـتەکەی خۆی گەیشتووەتە ئاستێکی ئاوا کە تەواوی بوونی خۆی لەنـاو بـوونی ئەو جەسـتەیەدا ببینـێ و خـۆی لە جەستەکەی پـێ جیـا نەکـرێتەوە. هەمـوو بیرکـردنەوەی ئەم ڕوحە سـەرقاڵە بە جەستەیەوە، ئەوەندە بە نـاو جەسـتەی خۆیـدا رۆچـووە، جگە لەوەی کە لەجەسـتەیدا هەیە، هیچیتـر نـابینێ. لە ئێسـتادا ئەم روحە لە تـوانەوەو تەمـاهیکردنێکی کامڵـدایە لەگەڵ جەسـتەی خۆیـدا. بەمەش وەک عاشـقێک بـوونی خـۆی لەجەسـتەکەی خۆیدا بزرکردووەو توانای هەستکردنی بە بوونی سـەربەخۆی خـۆی لە جەسـتەکەی نەمـاوە. تـوانەوەی روحـی کـورد لەجەسـتەکەی خۆیـدا، گەیشـتنی ئەم رووحەیە بەو پەڕی هەسـتکردن بەجەسـتەکەی. لەم حـاڵەتی تـوانەوەیەدا روح دەکەوێتە نـاو مەسـتبوونەوە. ئەم مەسـتبوونەش وای لێدەکات، هوشـیاری بە خـۆی و هوشـیاری بە جەستەکەشـی لە دەسـت بدات.

هەستکردن بە بوون هوشیاریی نییە بە بوون. هەستکردن بە بوون روح توشی مەستی دەکات و بێهۆشی دەکات لە خۆی. هوشیاری روح بە خۆی بنەمای هۆشیاری روحە بەغەیری خۆی. روحی کورد هەتا هوشیاری بە بوونی خۆی پەیدا نەکات، ناتوانێت هوشیاری بەجەستەی خۆی پەیدا بکات و لەناو جەستەکەی خۆیدا بوونی خۆی بۆ خۆی بنوێنێتەوە. یەکەم هەنگاوی هوشیار بوونەوەی ڕوح بەخۆی، هەستکردنی روحە بە بوونی خۆی لەو ساتە وەختەدا کە لە ناو جەستەکەیدا لەوپەڕی تـوانەوەو مەستبووندایە. دوای ئەوەی روح هەستەکی بە بوونی خۆیکرد، ئەو مەستییە بەریدەدات کە بەهۆی عاشقبوونی بەجەستەی خۆی تێی کەوتووە. روح دەبێت لە ناوجەستەدا هەست بە بوونی خۆی بکات. روح لە دەرەوەی جەستەی خۆیدا پێویستی بەوە نییە هەست بە بوونی هیچ شتێک بکات، تەنانەت پێویستی بەوە نییە کەهەست بە بوونی خۆیشی بکات. روح لەڕێگەی بوونی لە ناوجەستەدا هەست بە بوونی جەستەی خۆی دەکات و عاشقی جەستەی دەبێت. بەبێ توانەوەی روح لە ناو جەستەدا روح ناگاتە ئەو قۆناغەی پەرەسەندنی خۆی کە تییایدا هەست بە بوونی خۆی بکات. بۆیە توانەوەی روح لەناو جەستەی خۆیدا بنچینەی هەستکردنی روحە بە بوونی خۆی. بەهەمان شێوە هەستکردنی روحیش بە بوونی خۆی بنەمای هوشیاری روحە بە بوونی خۆی. تا روحیش بە بوونی خۆی هوشیار نەبێت،

ناتوانێت بوونی خۆی لەناو جەستەی خۆیدا شێوەگیر بکات و جەســـــتەی بکـــاتە زەمیـــــنە بـــۆدەرکەوتنی شـــــوناس و تایبەتمەندییەکانی خۆی لە جیهاندا.

روحی کورد لە ئێستادا لەو قوناغەی پەرەسـەندنی خۆیدایە کە روح بوونی خۆی لە جەستەکەی خۆیدا بزر دەکات و دەگاتە ئەو پەڕی مەستبوون. ئەو قۆناغەش ئەو قونـاغەی پەرسـەندنی روحە کە دەبێتە بنچینە بۆ هەستکردنی روحی کورد بە بوونی خۆی. تا روحی کورد ئەو قۆناغەی ئێستا تێنەپەڕێنێ و بەرەو هەســـتکردن بە بـــوونی خـــۆی نەڕوات، ئــێمە ئەو مەســـتییە تێنـاپەڕێنین کە بە هـۆی هەسـتکردنمان بە بـوونی جەسـتەمان تێی کەوتووین. ئەو زەمینە ماددیی و دنیـاییەی کە روحـی ئێمە لە ئێستادا تیایـدا دەژی، زەمینـەیەکە ئەو روحەی تـا ئەو پەڕی مەستبوون بـردووە. پەرەسـەندنی ئەو زەمینـەیە پەیوەنـدی بە مەیلـــی روحـــی ئــێمەوە هەیە بـــۆ مەســـــتبوون و تـــوانەوە لەجەســـتەدا. ئەم مەسـتبوونەی روحمـان بە جەسـتەی خـۆی، بنچینەی سەر هەڵدانی هەستکردنی ڕوحمانە بە بوونی خۆی.

ئەوەی لە ئێســـتای ئەم روحەدا لەنـــاو زمیـــنە واقعیـــیەکەدا لەوپەڕی پەرەســـــەندنی خۆیـــدایە، ئەو مەســـــتبوونەیە، بەڵام ئەوەی ئەم روحە لە دوای ئەو مەســـتبوونە تێـــی دەکەوێـــت، زەمینەیەکی تـرەو ئەو زەمیـنەیەش هەڵگری کۆمەڵە بـابەتێکی تـری جیـاوازە لەو بابەتـانەی کە لە ئێسـتادا بیرکـردنەوەی ئێمە

گرنگییان پێدەدات. لەگەڵ هەستکردنی روحی ئێمەدا بە بوونی خــۆی بەرە بەرە ئەو بابەتــانەی کە لە ئێســتادا بیرکــردنەوە پێیــانەوە ســـەرقاڵە بەهـــای خۆیـــان لە دەســـت دەدەن و بیرکـردنەوە کـۆمەڵە بـابەتێکی تـر دەکـاتە بـابەتی خـۆی کە پەیوەنـدییان بە زەمیـنەی سـەرهەڵدانی ئەو قۆنـاغەوە هەیە کە روحـی ئـێمە تیایـدا هەسـت بە بـوونی خـۆی دەکـات. ئـێمە لە ئێسـتاوە دەبێـت خۆمـان بـۆ پێشـوازیکردن لەو واقـعە نـوێیە ئامـادەکەین کە بە هـۆی گەیشـتنی روحمـان بە هەسـتکردن بە بـــوونی خـــۆی دێـــتە ئـــاراوە. خـــۆ ئامـــادەکردن بـــۆ ئەم پێشـوازیکردنە پێش هەرشـتێک خـۆ ئامـادەکردنێکی فکرییە بـۆ تێگەیشتن لەو سەردەمەی کە بەهـۆی هەستکردنی روحمـان بە بـوونی خـۆی سـەر هەڵـدەدات. بیرکـردنەوەی ئـێمە لە ئێسـتادا بیرکــردنەوەیە لەو شــتانەی کە رۆژانە لە دەورو بەرمانــدا بە هۆی مەستبوونی روحمانەوە روودەدەن.

بــرەو پەیــداکردنی ئەو هەمــوو ڕۆژنــامەو گۆڤــارە هەواڵانە، بەڵگەیەکــی ئاشــکران لەســەر مەســتبوونی روحــی ئــێمە بە هەستکردن بەجەستەی خۆی.

بیرکردنەوە لە سەردەمی ئەم گۆڤارە هەواڵانەدا بیرکرنەوەیە لەپێنــاوی مــانەوەی روحمـــان لە نــاو ئەو مەســـتییەدا کە سەردەمێکە هەستمان پێ کردووە

ژیــان له نێــو جەنگەکانــدا، جەنگــی مــانەوە له ژیــان، جەنگــی داگیرکــاری و خۆخــۆری ئینســانەکان. ئــێمە له نێــو جەنگــدا له دایک بووین، بۆ جەنـگ ژیـاین، بـۆ جەنـگ مـردین. فێریـانکردین گـۆرانی بـۆ جەنـگ بڵـێن، شـیعرەکانمان پڕبێـت له جەنگـاوەر، ئەدەب و رۆمانەکانمــان تنــۆک تنــۆک رۆحــی قوربــانی لێــوە بتکێت. روخسارمان رەنگی جەنگی گرتووە، بـووین بەدنیـایەک لەشەڕ، رایانهێناین شەڕ لەگەڵ هەمووشتێک بکەین، ماڵەکانمان پـڕ بکەیـن له سـرودی بەرگری و وێـنەی پاڵەوانەکـانی جەنـگ، دەروونمانیــان پڕکــرد له وردە جەنگــاوەری دووڕا و، له وردە مەراقــی خــۆ ویســت. فێریــانکردین هەمووشــتێک بــۆ شــەڕو و شەڕیش له پێناوی مانەوە، لەشەڕی وڵاتـان و بـۆ شـەڕی شـار و کەڕەک و ماڵەکــان، قەت ئەو شـــەڕی نێــوان گەڕەکەکــانی شارم بیرناچێتەوە، لەم شەڕەشـدا ئـێمە قوربـانی بـووین، ئێمە قوربـانی ئەوە بـووین، کە شـەڕکەر نەبـووین، بەشـێک نەبـووین لەم شەڕەدا، بەڵام سەرم شکاوە بەبەردی وێڵـی هەردوولا، بێ ئەوەی بەشێک بم لەشەڕەکە .

ئێمە له نێو وەیشوومەی جەنگەکاندا منداڵیمان تێپەڕانـد، منداڵی و مێرمنداڵیم بە دنیـایەک گـرێ وە تێپەڕی، گرێـی ئۆدیبی چـی، ئەمەی من ئۆدیبیشی تێپەڕاندبوو، ئەوەی ئۆدیـب بەخیلـی بـوو، شەربوو له پێناو دایکی، ڕقی لەباوکی بوو کە دایکی لەبـاوەش دەگرێت و ماچی دەکات و لەگەڵی دەخەوێت، ئێ خۆ (کامۆ)ش

بەهەمان دەردگیری خواردبوو، کە دەڵێت: من ئاشقی کەسێکم کە قەت نـایگەمێ، یـان نابێـت بیگەمـی، ئەوە لەگەڵ دایکیەتـی کامۆ ئاشقی دایکی خۆی بوو. بەس عوقدەی من لەگەڵ خۆم بوو، لەشـەڕێکی قوڵی ناخی خۆمدابووم، جەنگێک تەنها خۆم تێیـدا شـەڕکەر بـووم، زینـدانیەکان خـۆم بـووم، دیـل و کوشتراوەکان هەر خۆم بووم، پاڵەوان و پاشاکەنیش هەرخۆم بـووم. خـۆم لەبەردەم گەورەتـرین جەنگـی دەروونـی خـۆم دەبینیەوە. لەپێناو خۆم شـەڕم دەکرد لە پێناو خۆم زیندانی دەکرام و گیانم دەستپارد، ئەم جەنگەم ناونابوو، (تارماییەکان، بەدوامەوەن) کە کتێبی میری ماکیاڤیلیم خوێندەوە، لەبارەی خۆویستی ئینسانەوە بۆگەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی، باشتر بـووم بەجەنگـاوەرێکی سەرسـەخت لەم جەنـگە نـاخیەدا. هەرکەسێک لەجەنگی ناخیدا سەرکەوت، هیچ جەنگێکی دیکە نایبەزێنێت .

شێرزاد حەسەن لە کتێبی کارگەکانی تابووت بەقسەمان دێنێت و دڵمان، هۆشمان راپێچی بیرکردنەوە دەکات و پێمان دەڵێت: ئەم چەرخە چـاخی پیـاوە بـۆش و بەتاڵەکـانە کە بە جانتـای رەشـی دیبلۆماسـیەوە لە ماشـێنە رەش و جـام تاریکەکـانەوە دادەبـزن و لە ژوورە داخراوەکانـدا سـەرگەرمی دیزاینـی دۆخێکـی تـازەن بەنـاوی بەهەشـتەوە. هەمیشـە ویسـتوومە بەدوای ئەم نهێنییە بگەڕێم کە (بۆچی مرۆڤ نازانێت بژی)،

بەو هەمـــوو پێشـــکەوتنەوە لەســـەر هەمـــوو ئاســـتەکان و بوارەکانی زانست و سروشتی و مرۆیی و تەکنەلۆژی، لەبەر چی تا ئێستا گیرۆدە و سەرگەردانە. ئەو داروخانە ئەخلاقی و گەمژەییە، لە کوێوە هاتووە کە پیاو لە شەڕکردن بەبەرد تا بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و کیمیای و نەسروەتووە؟ چی وا دەکـــات ئەو لقـــی درەخـــتە ببـــڕێتەوە کە خـــۆی لەســـەری دانیشـــتووە؟ ئەو رۆحە شـــەڕانگێزە لە کوێـــوە هـــاتووە کە لە هەموو هەوڵ و رەنجێکی مرۆڤدا بۆ پێشکەوتن گەیشتووە بە کوژانەوەی خۆی و ئەستێرە نازدارەکەی؟ سایکۆلۆژیا هەوڵی داوە وەڵام بەو ترسە بداتەوە، بەڵام تا هەنووکە سایکۆلۆژیا و باقیی زانستەکانی مرۆڤناسی نەیتوانیوە وابکەن مرۆڤ لە رۆحی خۆوێرانکردن پەشیمان بکاتەوە.!

لەپاڵ میراتێکی زۆری ئەقڵ زادەیی پیاو وازی لەوە نەهێناوە کە سروشت پیس نەکات، مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە لەسەر زەمـــین کە دنیـــای پڕکـــردووە لە پاشـــەڕۆک و خـــاپەڕۆک و زبلـــوزارێکی زۆری رۆژانە، تـــا دەگـــاتە بە زبـــڵ و خـــۆڵ و خاشاکی ئەتۆمی. پەروەردەکارانی رۆژئاوا بڕوایان وایە هەتا زووە پەلە بکرێت کە منداڵەکان و نەوەی ئایندە وەک نەوەی پێشین رەنجەڕۆ نەبن، کەچی رۆژهەڵاتی ناوینی ئێمە تازە بە تازە سەرگەرمی دروستکردنی کارگەکانی تابووتە و حەزی بەوەیە لە مـــۆبەقی سیاســـەت و ئاییـــندا وەک ئاشـــپەززانی

خوێناوی خەریکی ئەوەن خوانێکی چەوری سەروپێی بنیادەم ئامادەبکەن. ئەوەی دەگوزەرێت تەجەللای خودی هاری و شێتبوونە کە سەردەمانی داهاتوو بە خوێن دەنووسێتەوە، ئەوانی دیکە لەودیو زەریاکانەوە دەڵێن با فریابکەوین منداڵێکی تازەی پاکتر لە خۆمان دروستبکەین، کەچی ئێمە سەرگەرمی ئەوەین هەتا زووە خێڵێکی جەنگاوەر لەو توفلە مەعسوومانە بخولقێنین. ئەوان دەترسن و گومانیان لە رەوشتی کێویانەی هەزار ساڵەی خۆیان هەیە و لە خەمی ئەوەدان کە نەوەیەکی ئاشتیخواز بێتە کایەوە، کە وەک نەوەی کۆن کوشتارگەکان ئاوەدان نەکاتەوە. کەچی لەم ناوچەیە مێشکی دەشۆنەوە و فێری دەکەن چۆن رقی لە خۆی و ژیان و جوانی و ئاشتەوایی ببێتەوە، هەموو وانەکانی خوێن و کاولکاری فێر دەکەن، هەرگیز منداڵەکان فێری ئەوە ناکراون مێشکە پیس و ژەهراوییەکەی باوان ببینن، بە پێچەوانەوە باوکەکان سەرگەرمی ئەوەن فەرزەندەکان لە خۆیان وەستاتر بن. منداڵەکان هەرگیز گەمژەنین، ئەوە ئێمەین مامۆستا شەڕانگیزەکان کە هەرگیز حەزمان نەبووە قوتابییەکان لە خۆمان جوانتر و پاکتر و زیندووتربن، هەموو هەوڵی گەورەکان ئەوەیە منداڵەکان وەک خۆیان دەبەنگ و شەڕانگیز و شێت بن، ئیبراهیمەکان هێشتا چەقۆیان فڕێنەداوە، ئیسماعیلەکانیش لەبەر سێبەری چەقۆکاندا راکشاون، مل لە موو باریکترن، چاوەڕوانی سەربڕینن!

چەند سەیرە کە هەر لەساتە وەختی یەکەمینی زانەوە، هەر لەگەڵ یەکەمین زریکەی لەدایکبوونەوە، ئەو کاتەی دەکەوینە ناو کۆشی مامانێکەوە، چارەنووسی ڕەشمان ئەوە دەبێت کە جۆرەها هێزی شەڕانگێزی دنیای دەرەوە گەمارۆمان بدەن، چاوەڕوان بەوەی کە ئیدی هەموو وانەکانی ملکەچی و گوێڕایەڵی بخوێنین و ئەزبەر بکەین، خانەوادە و مەکتەب و مزگەوت و حیزب و خێڵ و هۆز و سەربازخانە و چیخانەی دیکەی پەروەردە هەن، کە بۆ خۆیان خانەوێرانن، ناچارمان دەکەن کە بەناو پرۆسەیەکی دوورودرێژی بەتووتیکردن و مەیموونکردن و بەداهۆڵبوون و بە دەعجانیبوون تێپەڕین، کە دواجار بە خەساندنێکی رۆحی کۆتایی دێت، هەر هەموویشی بەناوی خۆشەویستی و پەروەردەوە، مەگەر ئەو ژمارە کەمە خۆی دەربازبکات کە بە هۆشمەندییەکی زاڵەوە خۆیان تەییار و ئامادە دەکەن.

لەم مەتبەخە کۆلەمەرگییە ژیان بۆ خۆی دەبێت بەو کارگە و فابریقەیە کە بەهەموو دیوی رۆحی و جەستەیی دەمانهاڕێت، لە مەنگەنەمان دەدات، وەک پەیکەری بەردین، یان هەتا گەر لە مەڕ مەڕ و برۆنزیش بێت، هەر ئەو هەیکەلەمان لێ دادەتاشێت کە پەیکەرتاشی نەزان و بێبەهرە خۆی حەزی پێ دەکات، زۆرینەی پەیکەرەکانیش لە یەکدی دەچن و بە موو جیاوازییان نییە. دنیای ئێمە لە شەقامێک یان باخچەیەکی پەژمووردە، یان

لە شارێکی پڕ لە پەیکەری هەمان شێوە و چۆنیەکدی دەچن، گەرچی پەیکەرتاشی بێبەهرە وەک داهێنەرێکی زاڵ و گەمژە دەیەوێت پێمان بسەلمێنێت کە هەموو پەیکەرەکان لە یەکدی جیاوازن، هەر بە راستی ئێمەیش بۆ خۆمان ئەو درۆیە بە هەقیقەت وەردەگرین وفریوی ئەو درۆیە دەخۆین کە دواجار لەگەڵ تێپەڕینی ساڵەکاندا بەو تەفرەدانە قایل دەبین کە من و تۆ لە پەیکەرەکەی تەنیشت خۆمان ناچین!

هیچ شتێک بەقەد خۆشەویستی درۆزنانە و فریودەر نەبووە لە ژیانی ئێمەدا، لە هەر شوێنێکدا کە خۆشەویستی وێردی سەر زمانە وەک لای خۆمان، کە هەمیشە قسە لەسەر خۆشەویستی دەکەین بۆ خۆی باشترین بەڵگەیە کە هەموو مانا جوانەکانی خۆشەویستی ونن، چونکە خۆشەویستی کردار و هەڵوێستێکە، بڕیارێکی وەها سادە نییە، ئەو هەزارەها گۆرانییە نییە کە بە درۆ ستایشی دڵدارەگانی خۆمانی پێدەکەین. خۆشەویستی چەندە سۆز و سەرسامی و جۆشوخرۆشە، دوو ئەوەندە کارکردەی ئەقڵێکی تەندروست و ئازا و ئازادە. زۆربەی کات دایک و باوک، مەلا و قەشە، ئەفسەر و ئاغا و سەرۆکی خێڵ و بگرە هیی نەتەوەیەک، وەستا و مامۆستا، هەموو گەورەکان و پەروەردەکارانی دنیا، لێرە و لەوێ لە قۆناغ و سەردەمی جیاوازدا، بەناوی خۆشەویستی و دیسپلین و رێکخستن و رەوشتی پاکەوە، دەمانکەن بە کۆیلە و بەندەوار، گەر

نێرینەکـان یەک جـار لە مرۆڤبـوون بـکەون، ئەوە تـوخمی مـێ هەزار جار و بار زیاتر بۆ هەتا هەتـایە دەکرێن بەو گیاندارەی کە بێ خاوەنەکانیان و قەفەزەکـان و تابووتەکـان و زینـدانەکان ناژین، کۆیلەبوون هیچ نییە بێجگە لەوەی کە لەپاش مەشـق و راهێنـانێکی دۆزەخیـانە، دەسـتخەرۆ بـین بەوەی زینـدانەکان و قەسـتبخانەکان و نەخۆشـخانەکان و شـێتخانەکانی خۆمـان خۆش بۆیت و ناویشی لێبنێین " ژیان و مان ."

لەمەشـیان دایکـم بەهەڵەدانەچـووە، دایەم جـوان سـەرنجی لەم ژیـانەی ئـێمە دابـوو، ئەم کـۆیلە بـوونەی مرۆڤـی بـاش هەسـتپێکردبوو، بـۆیە ئەم دوو خـاڵەی بـۆ وەسـیەت نـامەکەی بـاوکم زیـاتکرد، ئەو جیـاوزتر لە زۆربەی ژنـان، سـەرنجی دەدایە دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری ژن، لە دیدی دایەم، ژنان پێش ئەوەی بۆ ئازادی تێبکۆشن، دەبێ خۆیـان دەربـازیکەن لە جۆرێـک لە کۆیلەبـوونی نـاخی، بەلای دایکـمەوە کۆیلەبـوونی نـاخی ژن، جیـاوازترە لە پیـاو، ئەو بەردەوام دەیگـوت: پیـاو کـۆیلەی حەز و ئارەزووەکـانیەتی، ژن کـۆیلەی دوارۆژیەتـی و هەمیشـە بەدوای ژیـانەوەیە. پیـاو ژن ی بـۆ چێـژ و ژن یـش پیاوی بۆ ژیان دەوێت. دووخاڵە زیات کراوەکەی دایکیشـم بۆ وەسـیەت نـامەکەی بـاوکم گرینگیـدانە بەو ژیـانەی کە بـاوەڕی پێی هەبوو.

محەمەد تەها حوسێن، لە کتێبی سایکۆلۆژیای خۆشەویستی پێمان دەڵێت: ئەوە خۆشەویستییە مرۆڤ بەیەوەکەوە کۆدەکاتەوە و هەر ئەوەیشە کردوونی بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵایەتی بوون مەرجێکی ئەزەلی و پاشان تاهەتایی ژیان و بەیەکەوە ژیانی مرۆڤە لەسەر زەوی، ئێمە بۆچی هەمووومان بەیەکەوەین؟ بۆ لە نێو یەک و نزیک یەکترین؟ بۆچی هەمیشە گرد دەبینەوە و لە پاڵ یەکتر هەریەکە بە شێوە و شێوازی خۆی ماڵێک بۆ خۆی پێکەوە دەنێ تیایدا دەروونی ئارام و شەیدامان بێت؟ بۆچی دەزگە و ئۆرگانی جیا جیا دادەمەزرێنین خێزان پێکدەهێنین و وەچە دەنێینەوە و بەخێویان دەکەین و دواتر ئەوانیش بە شێوەی تر درێژەی پێدەدەن؟ لەبەرچی خۆمان دەخەینە فۆرم و قەوارەی جودا جودا و دواتر وەک کلتوور یا شارستانی بۆ دنیای دەرەوەی خۆمان دەردەکەوین؟. ئەمانە هەموویان پرسیارگەلێکن هەریەکەیان وەڵامی خۆیان هەیە، بەڵام لە ناخی هەر وەڵامدەرەوەیەکدا حەزێک یا ئارەزوویەک بۆ وەڵامێک هەیە لە نێو هەمووانـدا لەوانەیە هاوبەش بێ، ئەویش ئەوەیە هیچمان بێ یەکتر هەڵناکەین و ناتوانین لە دۆخی ناپەیوەندی ئۆرگانێکدا بین لەگەڵ یەکتردا، چۆن بەیەکەوە بوون و نێزیکیمان لەیەکتری دڵنیایی و متمانەمان هەم بە خۆمان و هەم کۆمەڵگەکەمان بەوانی تر لا درووست دەکات.

ژیـانی هـاوبەش بـێ بـوونی ئـارەزووویەک بـۆ خۆشەویسـتی مرۆڤ لە نێوان خۆیاندا درووست نابێ خۆشەویسنی یەکسـانە بە ژیـان بە مانـا ئینسـانییە بـاڵاکەی و ئینجـا بەمانـا دەروونییە بنەڕەتییەکەی، ژیان و فەزا و کایەی هەمەجۆرن مـرۆڤ تیایدا بوونی خۆی دەسەلمێنێ، بوونێک چ چالاک چ پێچەوانەکەی، لە پرۆسەگەلی ژیاندا کەسەکان بۆ ئەوەی بمێنن دەبـێ بچنە نێو کـردەی سـازکردن و هەڵنـان و درووسـتکردنەوە. ژیـان بەمانـا بونناسـیی و دەروونشـیکاریەکەی یەکسـانە بە ئیشـکردن لە پێنـاوی بونیاتنـان، ئەم بونیاتنـانە بـێ هاوبەشـی ئەوانـی دیـکە نـایەتە دی، هاوبەشـیش بـێ لەیەکتـر نـزیککەوتنەوە و نـزیکیش بێ خۆشەویستی بۆ ژیان و دواتر بۆ یەکتری نـابنە راسـتیەکی زیندەگی.

ریشـەکانی خۆشەویسـتی لە قـوڵایی غەریـزەوە رۆچـوون و لە پاشاندا بونیاتنانی دەبێتە بەرپرسیارییەتی مـرۆڤ خـۆی، ئەوە غەریــزەیە بــۆ یەکترمــان کــێش دەکــات، بەڵام دواتــر ئەوە خۆمـانین ئەم هەسـت و نەسـتە دەخەیـنە قـالبی دەروونیـی و کــــۆمەڵایەتی و کلتـــووری جیاجیـــاوە و لە بەشـــەیتان و ســــەرکوتکردنیەوە وەریــدەگێڕینە ســـەر بە ئینســـانیکردن و راهێنـانی ژیـان بە خۆشەویسـتییەوە بۆمـان سـاز و ئامـادە نەکـراوە تـاکو بـێ ئـیش و مانـدووبوون بچیـنە نێـویەوە و لەبەرکەی بخـــۆین. ژیـــان ئامادەکـــارییەکی نەپســـاوەیە و

پەیوەستە بەکار و پەیوەندی و خۆشەویستییەوە، ئەلفرێد ئەلێر زۆر وریایانە خۆشەویستی وەک گرفت ناوهێناوە کە دەبێ مرۆڤ چارەسەری بکات، چارەسەرکردنی گرفتی خۆشەویستی خستنە چوارچێوەی ئەرک و بەرپرسیارێتییە و مرۆڤ وەک ئەرکێکی لەسەر شان سەیری دەکات و دەبێ هەوڵی جێبەجێکردنی بدات، هێنانە دی ئەم ئەرکە دواتر دەچێتە فۆرمی کولتووری و کۆمەڵایەتی جودا جودا و ئاستی هاتنە دییان پەیوەست دەبێ بەو هێزەی کولتوورەکان دەیدەنە تاکەکانیان بۆ لە ئەستۆگرتنی خۆشەویستی وەک ئەرکێکی ئینسانی.

## ٤

رۆژێک دایکم داوای لێکردم بەیەکەوە بچین بۆ کتێبخانەکانی ناو بازاڕ تا کتێب بکڕین، ئەو ڕۆژە باران بە لێزمە دەباری و دەمویست دایەم پەشیوان کەمەوە کە ئەمڕۆکە بارانەو کەش و هەوا خۆش نییە و ئەو چوونە بازاڕەش بۆ ڕۆژێکی دیکە دوابخەیـــن، زۆر بەهانـــانەم دۆزیەوە، ئەو بەدەمـــی پـــڕ لەزەردەخەوە دەیگوت کوڕم، نابێ هیچ کارێکی خۆت لەسەر کەش و هەوا دوابخەیت، ئایا ئاسمان لەبەر ئێمە واز لە باو باران دەهێنێت، بێگومان نەخێر، ئەو کاری خۆیدەکات و ئێمەش دەبێ کاری خۆمان بکەین، ئینسان دەبێ چێژ لە هەموو وەرزەکان ببینێت، ئێمە وا ڕاهاتووین بۆ نموونە بەس بە بەهاران سەیران و گەشت بکەین، بەس لە وەرزی زستان و وەرزەکانی دیکەش گەشت و سەیران تام و لەزەتی خۆی هەیە، ئەم چوونە بازاڕەی ئێمەش جۆرێکە لە گەشت، ئیدی سەرمایە باران و زستانە، کەی کێشەیە گرینگ ئەوەیە ئەمڕۆ کەیف بکەین و خۆشی ببینین.

دارین، لەوە زیاتر نەیتوانی پێداگری لەسەر نەچوونی بازاڕ بکات و قسەکانی دایکیشی زۆر پێ جوان بوو، بۆیە بڕیاریاندا

ئیدی بچن بۆ ئەو کتێبخانانەی ژێر قەڵات کە دایکی دارین بەنیاز بوو چەند کتێبێک ئەگەر بەدڵی بوو بیانکرێت .

تەکسیەکە لە بەردەم کتێبخانەی کاک شێخ وەستا و دایکی دارینیش پێنچ هەزار دیناری دا بە شۆفێرەکە و هەزار دیناریشی وەرگرتەوە. دوای سەیرکردن و چاوگێڕان بەناو کتێبەکاندا، مانەوەی بۆ ماوەی زیاتر لە یەک سەعاتدا زیاد لە دە کتێبی کڕی، کتێبەکان هەندێک عەرەبی و هەندێک کوردی بوو، دایکم عەرەبی باش دەزانی، لەبەر ئەوەی لەبەغدا خوێندبوی و زمانی عەرەبی بە قسەکردن و خوێندنەوە و نووسین باش بوو، کوردیەکەشی زۆر باش بوو، ئەو هیچ نووسین و بڵاوکراوەیەکی نەبوو، بەس خوێنەرێکی زۆر جدی بوو، بەوردی کتێبانی دەخوێندەوە و زانیاری زۆر بوو لەسەر کتێب و نووسەرەکانی جیهان، ئەوانەی ئەوروپایی و تەنانەت عەرەبیی و ئیسلامیی و فارس و تورکەکانیش. بەشی زۆری کتێب و چاپکراوەکانی نووسەری کوردی خوێندبۆوە، حەزی زۆر بە رۆمان و یاداشت و بیرەوەری و دەقە ئەدەبی ئەدیبەکانی کورد بوو بە کلاسیک و سەردەمیەکانەوە، زۆر ئەو کتێبانەشی دەخوێندەوە کە زادەی هزر و ئەندێشەی نووسەری کوردن.

لە رۆمان نووسی کوردیش چارەی زۆربەریان دەویست پێیوابوو رۆمان نەتەوە لە رووی کلتوور و ئەدەب و زمانەوە

پـێش دەخـــات، ئەو رۆمـــان و کتێـــب و پەرتـــووکە فکـــری و فەلســـەفی و ئەدەبـــی و رۆشنبیریانەشـــی چاولێـــدەکرد کە وەرگێردران، هەرچەند رەخنەی زۆری لە شێوازی وەرگێڕان و زمان و گواستنەوەی رۆحی سەرچاوە سەرەکیەکە هەبوو، بەس دڵخـۆش بـوو پێیـانەوە، دەیگـوت تەوژمێکـی تەرجەمەی بـــاش ئێســـتا هەیە، کە جـــێگەی دڵخۆشـــین، ئەو بەچـــاوێکی ئەدەبیـانە سـەیری هـونەری وەرگێـڕان و ئەو کـارەی دەکـرد، چونکە دواجار دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمان و ئەدەبی کـوردی، دایکـم زۆر گرینگـی بەو پەرتووکـانە دەدا کە ژنـانی کورد نووسیویانە، زۆربەیانی خوێندبۆوە، قەلەمی گەنجەکانی بەلاوە پەسند بوو، شاعیر و چیرۆک نووس و رۆمان نووسە گەنجەکـانی کـوردی بەرز دەنرخانـد، دەیـانی خوێنـدەوە و ئاگاداری هەوڵی ئەدەبی زۆربەیان بوو.

من سەیری هەنگاو و دەست لێدان و هەڵدانەوەی لاپەڕاکەانی ئەو کتێبـانەم دەکـرد کە دایکـم دەسـتی بـۆ دەبـرد، بەلامەوە گرینـــگ بـــوو بـــزانم دایەم چ دەخـــوێنێتەوە و چ کتێـــب و نووسەرێکی بەلاوە پەسندە، لەم ماوەی یەک سەعاتەدا زیاد لە دە کتێبی هەڵگرت، من سەیری ناونیشان و ناوی نووسەر و تەنـــانەت بەرگ و قەبـــارە و دیزانیـــی کتێبەکانیشـــم دەکـــرد، دەمویست بزانم زەوقی دایەم چۆنە بۆ کتێب، بزانم ئەو کتێب بۆچی دەکڕێت، کامە کتێب دەکڕێت، بەڕاستی ئەوە دووەم جار

بوو ڕێک بکەوێت پێکەوە سەردانی کتێبخانەکان بکەین بۆ کڕینی کتێب، بەس ئەمجارە دیاربوو، بەئەنقەست ویستی من لەگەڵی بێم، بەو باران و ڕەهێڵە، هەر پێداگربوو کە بەیەکەوە بچین بۆ کڕینی کتیب، ئەو کێبانەی هەڵی بژاردبوون، یەک یەک ناوەکانیانم لە زهینی خۆم ئەزبەرم کردن، ئێستا وەک ناوی خۆم ناوی کتێب و نووسەرکانیانم لەبەرە. دوای کڕینی کتێبەکان دایکم باسێکی درێژی لەسەر (فکر لە ئەدەبیاتی کوردیدا) لەگەڵ کردمەوە بەڕاستی من باسەکەم زۆر بەلاوە گرینگ بوو، بەس چەندی سەیرم دەرکرد ئەو باسە لەم بازاڕە و بەو باران و ڕەهێڵە تەوا و نابێت، دایکیشم مەبەستی بوو، باسەکەم بەنموونە و وردەکاریەوە بۆ باسبکات و وا لێکم دەدایەوە، دەویست منیش لەم گفتوگۆیە بەشداری پێبکات و تەنها گوێگر نەبم، بۆیە سەیرێکی سەعاتەکەی کردوو گوتی: هێشتا زووە، تازە سێیە، دەچینە ئەو کافتریایەو قاوەیەک دەخوێنەوە و دەمەتەقێیەکیش لەسەر فکر لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەکەین.

بەدەم قاوەخواردنەوە دایەم سەرنجی ئەو کتێبانەی دەدا کە کڕیبوونی، بەتیچاوێکیش دەینواڕیە مێزەکەی تەنیشتمانەوە کە دوو کوڕ و دوو کچی نزیکەی تەمەن ٢٥ ساڵانی لەسەر دانیشتبوو، دایکم بەشێوەیەک دەرگای باسەکەی کردووە، کە لام شۆک بوو، ئەو ناهاتە سەر ئەو باسەی کە ئێمەی

هێنابووە ئەوقاوەخانەیە تا لێرە گفتوگۆکەمان تەواو بکەین، لێی پرسیم لەو تێکستە ئەدەبیانەی کە خوێندۆتەوە، کامەیان رووداو کـارەکتەر و وێنەکانیـان لە مێشـکت مـاون، یـان کامەیـان وایلێکردووی هزر و ئەندێشەت بجوڵێنێت و بیربکەیتەوە؟.!

لەگەڵ ئەو قسـانەی دایکـم دەقە شـیعرێکی مـحەمەد حوسـێن رەسوڵ "موهەندیس"م هاتە یاد کە بەناونیشانی (ئیدەکان).

کە بیر دەکەمەوە لەوەی بیرکەمەوە
مێشکم هەمووی بەیەکدادێت
نیگەرانی توند دامدەگرێ
حەز دەکەم گۆرانی بڵێم
حەزدەکەم دەنگم هەڵبڕم
بڵێم ئای چەند خۆشم دەوێیت
دەکەومە نێو بۆشاییەوە

کەبیر دەکەمەوە لەوەی سەما بکەم
دەست و پێم لەیەکدەئاڵێن
زەوی لەژێر پێم نامێنێ
وەک گوللەی سارد بەلادا دێم

کەبیر دەکەمەوە لەوەی
دەستی یارمەتی درێژکەم
بۆ منداڵێک کە چاوی دنیا نابینێ
هەروەکو خۆم ژیان بێ مانا دەبینم
لەبەرانبەر کوشتن و بێ نرخکردن
لەبەر هەندێ
لە شیعرێکدا بزر دەبم

بیر لەخودا دەکەمەوە
وەک دارستانێک هەڵدەقرچێم
سووکە خەوێک دەمباتەوە
ئای داهاتوو
هیچ هەست بە داهاتوو ناکەم
نازانم داهاتوو چییە
چۆن هەست بەداهاتوو ناکەم
قێزم لە سیاسەت دێتەوە
دەڕشێمەوە

کەبیر دەکەمەوە لەوەی
چیدی هەر بیر نەکەمەوە
چێژێک هەستم دادەگرێ
چێژی سڕبوون.

پێم خۆش نەبوو دایکم بە پرسیار دەرگای گفتوگۆکە بکاتەوە، ئەمــن تــامەزرۆی گــوێگرتنم لەگەڵ دایکــم نەک قســەکردن و پرسیارکردن، ئەو کە پرسیارلەمن دەکات، مانای وایە دەیەوێت دەرگــای حیــوار لەگەڵــم دا بکــاتەوە، منــیش کەم جــار رێــک کەوتووە حەزم بە حیواربێت، بەتایبەت لەگەڵ دایکم. دایکم بە پێچەوانەوە منی بۆ دەمەتەقێ و مشتومڕی ئەدەبی و فکری دەوێت، بەئاشکرا هەستی پێدەکەم کە زۆر جاران بەئەنقەست باســێک دەورووژێنێــت بــۆ ئەوەی دەمــی مــن بکــاتەوە، ئەو دەزانێت دەمم کە بۆوە ئیدی قسە دەکەم، قسەی منیش وەک خۆی لەچەند جێگەیەک درکاندوویەتی لە قسەی خەڵکی دیکە ناچێت، تەنانەت دایکم لە جێگەیەک، گەر هەڵە نەبم لای خاڵۆم وتــوویەتی، داریــن مێشــکێکی ســەیری هەیە، عەنتــیکە بیردەکــاتەوە، وەک کتێبیش نییە، لەدەرەوەی کتێبدایە، ئەوەی مـن لەو دەیبستم لەنـاو کتێب و هـزر و ئەندێشـەی نووسـەرە مەزنەکــانی دنیــادا نیــیە، ئەو ترســەی دایەشــم لەســەر بڵاونەکردنەوەی رۆمانەکەم هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارە، چونکە دایکم ترسی لەوە هەبوو کۆمەڵگە بیرکردنەوەی من قبوڵنەکــات و بەرهەنگــارم ببــنەوە، ترســی لە بیرکــردنەوەی ساردی ئەقڵە دۆگماکانی کۆمەڵگە هەبوو، لەوە دەترسا کێشـەم بــۆ دروســت بــکەن، بــۆیە زۆر هەوڵیــدەدا ئەو رۆمــانەم

چاپنەکرێت، نەکەوێتە بازاڕ و کەس نەیخوێنێتەوە. بەهەرحاڵ دایەم ترسی لە دووبارە بوونەوەی من هەبوو لەناو کتێبدا، لە نێو ئەو ڕۆمانەدا، ئەو چاک لەوە گەیشتبوو من شتێک بەسەر بیرکردنەوەی ئەوانە دەهێنم کە دەیخوێنەوە، وایان لێدەکەم بگۆڕێن، جیاوازتر بیربکەنەوە و وەک ئێستایان نەمێنن، دایەم لەوە دەترسا ئەم تازە ڕوانینەی من دواجار لای گەنجان ببێتە مۆدێلێکی نوێ، لەهەموو ڕوویەکەوە، ئەو دەیزانی من چۆن بیردەکەمەوە، لای ئاسایی بوو ئەو بیرکردنەوە و تێگەیشتنانەی من بۆ کایەکانی ژیان لەچوارچێوەی قسە و باس و خواسی نێوان من و ئەو تێپەڕنەکات، نەبێتە کتێب، نەبێتە ڕۆمان، دایەم بۆیەش زۆر گرینگی بەمن دەدا، لەوەش حاڵی بوو، ئەمن شتی تازە لە مێشکی خەڵک دەخوڵقێنم دەست بۆ تاپۆکانیان، شتەحەرام و قەدەغەکراوەکانیان دەبەم، دەیانخەمە سەر سکەی بیرکردنەوە و خۆدۆزینەوە. ئاخر گەنجانی ئێمە ونبووینە، ئاگاییان فەرامۆشکردووە، لە بێئگاییدا ڕۆچووینە، دەبێ هۆش، ئاگاییان بۆ بگەڕێتەوە، دایەم بەوە دەیزانی کە من ئەو گۆڕانە مەزنە دەخوڵقێنم، ئەو حوێندنەوەی بۆ داهاتوو هەبوو، پێشبینی زۆر شتی دەکرد، دایکم بەوە ناسرابوو داهاتوو دەخوێنێتەوە، سبەی دەبینێت و پێش بینیەکانی ڕێک وەک خۆی دێتەجێ، بەوشێوەیەش دەیڕوانیە من، ئایندەی منی لەبەرچاوان بوو، دەیزانی چ شێتیەک لە مندا هەیە، منی وەک خۆم و لەخۆم زیاتریش ناسیبوو، ڕۆژێک

بەشـێنەیی لای چرپانـدم و پێیگـوتم بـۆیە تـۆم خۆشـدەوێت، چونکە جیهان دەگۆڕێت، ئینسان دەبەیتەوە دۆخی خۆی، دڵیان دەشـۆیتەوە، ڕۆحیـان لەدنیـایەکی تـازە دادەگیرسـێنیەوە. دایەم لای ڕۆشن بوو کورد بەمن نەبێت بەکەسی دیکە ناگۆڕێت، ئەو کـۆمەڵگە دەسـتەمۆکراوە بە نەریـت، بە خۆچـووینەوە لەنێـو دەریـای جەهلدا، بەمـن نەبێت، دەربـازی نابێت. لەئەو وایە مـن پەیـامبەرێکم خـودا وەک فریادڕەسێک بۆ ئەو گەلە نـاردوومی، بـۆ تەواوی گێتـی دایبەزانـدووم، هەر ئەو هەسـتەی دایەمە وایکـرد، دووخـاڵ لە وەسـیەت نـامەکەی بـاوکم زیادبکـات، بـۆ ئەوەی زەمیـنەی کـاری بـاش و هەنگاونـان بـۆ گۆڕانکـاریە گەورەکە بـۆمن فەراهەم ببێـت، تەنـانەت ئاگـای لە ڕۆیشـتن و نانخواردن و خەوتنیشم بوو، دەترسا براکانم زەفەرم پێ ببەن و وەک یوسـف بمـخەنە نـاو بیرێـک و بەدایکـم بڵـێن براکەمـان گورک خواردوویەتی، دایکم زۆر دڵی بە مـن وەبـوو، چاودێری دەکـــردم و دەی پاراســـتم، لەســـەرما و گەرمـــا و دووری دەخسـتمەوە، هەوڵیـدەدا جەسـتەیەکی تەندروسـتم هەبێـت، ئەو زۆر بـاوەڕی بەو وتەیە هەبـوو کە دەڵێـت: (مێشـکی بـاش، لە جەســتەیەکی تەندروســتدایە) لە گــورک و دەیناســورەکانی ڕۆژگار دەی پاراستم و وەک زەردەشت لەسەر کردار و گفتـار و بیری باش رایدەهێنام، ئیرادەیەکی بەهێزی پێمـدابوو، ڕۆژانە شــەش ســەعات بەبەردەوامــی دەمخوێنــدەوە، چ کتێبــی نــاو کتێبخـــانەکەی دایەم هەبـــوو خوێنـــدبوومەوە، تەنـــانەت وام

بیردەکـردەوە هەمـوو ئەو کتێـب و نووسـین و قسـە و فکـرو مەعریفـانەی دنیـا هەیە هـی مـنن، مـن وەک کتێبـی (بەتەنیشـت ژیـانەوە)م لێهـاتووە، چ نووسـین و کتێـب و بیـر و ئەندێشـەی خەڵـک هەیە هـی مـنن و لێیـان دزیـووم، وشـەی نـاو کتێبـان لێیـانبردووم. مـن سـەرداری گشـت بیـر و خەیاڵەکـانم هەمیشـە وابیـرم کـردۆتەوە، دایکـم بـاش لەوە دەگەیشـت کە مـن چـۆن بیردەکەمەوە، بۆیە زۆر جار پێی دەگوتم، نووسەری نێو کتێبی بەتەنیشــت ژیــانەوە زۆر لە تــۆ دەچیــت زۆر لە هەســت و بیرکردنەوەی تۆوە نزیکە، بەس ئەو تۆ نیت، ئەو هێشتا وەک تـۆ نیـیە و تـۆ جیـاوازتر، بەرزتـر دەنـواڕیتە ژیـان، تـۆ لەنێـو قــوڵایی ژیــانەوە دێیــتە دەرەوە و بە خولیــایەکی تــازەوە خوێنـدنەوە بـۆ ژیـان دەکەیـت، مـن ئەو کتێبەم ئەزبەرکـردووە وەک ناوی خۆم و دایکم و باوکم لەمێشکم چەقیوە، ئەو کتێبە زۆر لە تــۆ دەچێــت بەس تــۆ لەو ناچیــت، دەتــوانم هەمــوو کتێبەکەتان جارێکی دیکە لێرە بۆ بنووسمەوە، ئەوەش بـۆ ئەوە دەنووسمەوە تا دارینی کوڕم بەڵێنم پێبدات ئەم رۆمـانە چـاپ نەکات، بڵاوی ناکاتەوە. ئەوەشـم بـۆ ئەوەیە هـیچ نەبێت داریـن پەشـیمان کەمەوە ئەو رۆمــانە نەنووسـێت، بـڵاوی نەکـاتەوە، هەرچەنـدە دڵنیـام کە وشـە و بیـر و ئەندێشـە و تێڕوانینەکـانی زۆرلە دارینــی کــوڕم دەچێــت، بەس ئەویــش نیــیە؟.دایەم بەو کتێبە دەیویسـت رازیـم بکـات کە لەشـێوەی بیرکـردنەوەی مـن هەیە لەم ژیــــانە، لەم دنیــــایە کەســــانێک هەن وەک مــــن

بیردەکـــاتەوە، بـــۆیە دەویســـت دەورووو بەر و بـــرادەران و نووســـەر و کتێـب دۆسـتان و خوێنـدەواران تێبگەیەنێـت، کە بەتەنیشت ژیانەوە هەموو شتێکی گوتووە، بۆیە پێویست بەوە ناکات، قسەی دیکە بکەیتەوە، منیش پێموایە هیچ شتێک لەمن ناچێت، هەرچەندە ئەو قسەیەی من جۆرێک لە غروری تێدایە، بەس دەبێ بم بورن، من ناو لەم جۆرە غرورە دەنێم غروری داڤنشیانە، داڤنشی زانستخواز و هونەرمەند و خاوەنی تابلۆی مۆنـالیزا، کاتێـک وەک رێزلێنـان پەیکەرێکیـان لە نـاو چەقـی شاری رۆما بۆ دروستکرد، بەدەستی خۆی لوتی پەیکەرەکەی شکاندوو گوتی: من هێشتا ماوم و توانای داهێنان و کاری زۆر لەوەی زێترم ماوە، ئەو پەیکەرە دەیەوێت پێم بڵێت ئیدی داڤنشـی تەواو، بەس داڤنشـی مـاوە و تەواو نەبـووە. منـیش هەمان غروری داڤنشیم هەیە و کەس لەمن ناچێت و منیش لەکەس ناچم .

دایکـم ئـارەزوویەکی سـەیری بـۆ نووسـینی شـیعر هەبـوو، چەنـدان تێکسـتی بڵاونەکـراوەی لە نێـو یادەوەریەکانیـدا یاداشـتکردبوو. هەمیشـە بەپەرۆشـەوە جـار جـارە یەکێـک لە شیعرەکانی بۆ دەخوێندمەوە، منیش حەزم بە شیعرەکانیدەکرد، ئەو هەمیشـە پێیدەگوتم شـیعرەکانی مـن وەک رۆمـانەکەی تـۆ وایە، منـیش پـێم دەگـوت دایە هـیچ دەق و تێکسـتێک وەک رۆمانەکەی من نییە، من لەکەس ناچم و کەسیش لەمن ناچێت،

دایەم بـۆ ئەوەی بـۆم بســەلمێنێت، کە دەقە شــیعرەکانی  ئەو وەک رۆمــانەکەی مــن وایە، داوای لێکــردم لای خــۆم لەنــاو رۆمانەکەمـدا یاداشـتیان بکەم. بۆ ئەوەی خوێنەرەکانمـان ئەو داوەریەبــکەن و بــێ خەوش و ڕاڕایــی بڕیــاری خۆیــان لەبارەیانەوە بدەن .

## شیعری ١

من لە دوا پێکی دەستی دایکم، لە دایک بووم.
لە نێو شەمەندەفەر
لە دوا فارگۆنی نێوان مەشریق و مەغریب
بیرمە دایکم دوو کاتژمێر، پێش ئەوەی بەدەم ژیانەوە بگریم
دڵی خستە نێوان لێوەکانم،
تێر تێر گیانیم مژی
ئەوەندەم شیری حەیات، لێخوارد
ئیدی ژیان بۆ ئەو، نەمایەوە
بیرمە، ئەوکاتەی دایکم
لە دوا فارگۆنی
ئەو شەمەندەفەرەی،
کە بۆ سەرزەمینی مەعبوودانی خودا دەچوو

من لەدایک بووم؟

دایکم دوو پێک زیاتری لێ دابوو

مەست ، مەست

تەسبێحی تەمەنی شۆڕ دەکردەوە نێو پاراسووی زەوی

دوا پێکی دەستی دایکم

لەو شەرابانە بوو کە

تەمەنی نزیک بوو لە

داری ڕاهون

ئەو دارەی ئادەم، حەوای پێ دارکاریکرد

دایکم، بیری دێ

کە حەوا یەکەم منداڵی بوو

دایکم، دیگوت

ڕۆڵەکانم

حەوا زۆر لە ئاوێنە دەترسا

ترسی لە دووبارەبوونەوەی خۆی هەبوو

دەترسا جارێکی دیکە

بەبوون بێتەوە.

دایکم،

بە باوەشێک شەرمەوە،

خوازبێنی کرا،

ئەو ڕۆژە، داپیرەم دەیگێڕایەوە،

کە دایکم بوو بە بووک،

حەوشەی ماڵەکەمان پڕی بوو لە خووناو
خوناوی لێوی ئەوکچانەی شەیدای بووکێنی بوون،
کە دایکم، کرا بە بووک،
ئەوڕۆژە کوڕانی لادێ سمێڵیان بە وەسمە،
قەترانیکردبوو،
دەڵێن،
ئەو ساڵی هات بوو،
باخی سینەی یاران،
دوو هەناری گرتبوو.
ئەو ڕۆژە،
باوکم، نیگەرانی ئاوابوونی خۆربوو،
دەڵێن پیاو،
جەنگاوەرێکی دۆڕاوە، لە جەنگی هاوژینیدا.
ئێمە،
لە باوکێک و سێ دایک،
پێنج کوڕ و
هەشت خوشک بووین.
لە دایکی خۆم،
کە ژنی یەکەمی باوکمە
دوو برا و
خوشکێک بووین.
دایکم،

دایکی راستەقینەم،
خوویەکی سەیری هەبوو
کە منالّی دەبوو،
مەلاکەی مزگەوتی بانگ دەکرد،
لەبنای گوێی بانگ بدات.
دایکم، بۆی گێڕامەوە
لەو کاتەی من لەدایک بووم،
مەلا قادر،
کە بە مەلا قادری ژنانی ناسرابوو
لە ئاواییەکەمان نەمابوو،
گەشتێکی دوور دووری، ڕاخستبوو
هەرچی پێڵاوی پیاوان هەبوو،
خستبیە کۆلّیەوە،
دەیانگۆت،
بۆ ئەوەی بووە، تا دووری ڕێگاکان
خامۆشکاتەوە،
دلّی ڕۆیشتن، لە غەمگینی بپارێزێت
دەروونی خاک، بلاوێنێتەوە و
گەڵای سێبەرەکان،
بترازێنێ.
دایکم،
دەیگێڕایەوە،

دوای ساڵێک،
مەلا قادری ژنانی گەڕاوەتەوە دێیەکەمان
کە گەڕاوەتەوە، ئیدی لە بنا گوێتەوە،
بانگی ئەڵڵا و ئەکبەری داوە.
دایکم دەیگوت،
چاوم کوێربێت،
ئەوەندە شەیتان و بێعاربووی
بانگی خوداش هەر ئاقڵی نەکردی.
ماڵەکەمان،
لە دوو ژووری لێو بەخەندە و
باخچەیەکی چاوکاڵ و
چوار پەنجەرەی قژ قەترانی،
حەسارێک و
حەوشەیەکی پان و
دەرگایەکی گەورە،
کە بەقەت کەرتە شاخێک دەبوون،
هەمیشە لەو ماڵە،
ئاومان، لە جیاتی ڕوناکی دادەگیرساند،
ماڵمان،
بە هاتنی هەتاو دەبریسکایەوە،
زەنگی دەرگاکەمان،
حەیرانێکی درێژ درێژ بوو

ئاوەزەکەی،
کە لەسەر سەری تەمێک هەبوو،
کاڵ کاڵ ببۆوە.
بەدڵخۆشیەوە،
لە کامەرانی ڕۆدەچوو،
جیرڕەی دەنگی میوان.
میوانی ناوەختمان، وەک باران بەسەردا دەڕژا
ناندینەکەمان، لەدەست چوبوو
چ، کۆتری، بەڕەلای ئەو کێوانە هەیە
بەو ناندینە فێرە
ڕەنگ نییە، چاو لێک نێین،
داربەڕووە، دڵتەڕەکەی حەوشەمان
چ، چۆلەکەی سەڵت لەو ناوە هەبێت،
دەیانفڕێنێت،
دەیانفڕێنێت تا ئارەزووی فڕینیان بکرێتەوە،
دایکم،
دایکی دووەمم،
چوار کچ و کوڕێکی هەبوو
کچەکانی، بازن و خرخاڵیان
لە کونی، کونی دیواری، ژووری نووستنی
دایکی ڕاستەقینەم ڕادەکرد
کونی کونی، دیواری ژووری دایکمیان

کردبوە، هێلانەی مووان،
چ، مووی پرچی، بەجێماوی،
سەر شانەی ماڵێ هەبوو،
لە کونی کونی ژووری، دایکمیان ڕادەکرد،
دایکی دووەمم،
حەمامی، گەرمدەکرد،
هەموو بەیانیەک،
کە لە خەو هەڵدەستا،
خۆی و کوڕە تاقانەکەی،
شۆڕی بنی بنی، حەوزی، ئاوەکەدەکرد،
باوکم،
بینی،
شەوێک،
سیمای لەگەڵ
سووخمەیەکی پڕ و خڕ
بەئاسمانەوە، دەدرەوشایەوە
دوو ئەستێرەی خرپنی لەسینگدابوو
دەتگووت، هەناری شارەبانن،
خڕوو ، سوور.
ئەو شەوە،
دایکیشم،
دایکی سێهەمم،

دووگمەی کراسەکەی،
دوو قۆپچەی کرابووە،
دوو لیمۆکەی ئەو،
باڵیانگرتبوو، لە خۆشیان.
دایە، نیگەرانی چیت،
ئەی ئەوە نییە، کۆترەکانیش،
کە عاشق دەبن، چاوەکانیان دەترۆکێنن،
ئەی نەتبینیوە،
پاساریەکان،
چۆن بەدیار ئاوابوونی خەمەکانیان گۆرانی بۆ هەتاو دەڵێن
سەیرت نەکردووە،
کەرۆیشکەکان، بۆ ئەوەی شەرم نەیانگرێ،
زەوی شقار شقار دەکەن بۆ ژیان
چ، دەبوو،
منیش چلیکە داریک بوام،
لە جێی ژوانی ئەو کوڕ و
کچانەی، خۆیان خۆشتر دەوێت لە نیشتمان،
نیشتمان، لە دایکم دەچێ،
لێوەکانی وەکو لێوی دایکم بۆنی غەمگینیان گرتووە،
چاوەکانی، وەک چاوانی دایکم، پڕن لە کل و دارایی،
ڕۆشنایی دەدەن، بە بینین و
یەقین بەتاڵ دەکەنەوە،

دایکم، ئەو شەوەی باوکم بە زاوا بوو،
پشمی، زۆر پشمی،
لوتی پڕ بوو لە خولیا، دڵی پڕ بوو لە مەراق.
دایەگیان، بیرتە باوکم،
ئەو شەوە تا درەنگانی ڕۆژ بە ئاگا نەهات،
تۆش تا درەنگانی شەو نەخەوتی،
ئەو شەوە، مێژوو بە کراسەکانتەوە نوسابوو،
کراسەکەت، دامە دامە ڕەنگی ڕۆژهەڵاتیان گرتبوو.
سەرینەکەت، ببوون بەبەرد، بەردی سوێند،
بەردی مارەبیت،
بەردی، جیابوونەوە،
بەردی گەڕانەوە بۆ سەرەتای بوون،
ئەم شەوە ژوورەکەت پڕی بوو،
لە دڵڕەقی، لە وردە پیاو.
لە دەم و چاوی لۆچ.
بەم نیگای خەجاڵەتەوە، عومری خاک بۆ کوێ دەبێت، دایە.
دایە، چ، قسەیەکە ئەوە،
چ گوتنێکە، ئەوە
خۆت بینیوە،
ڕەنگت لە ڕەنگی، لاولاوی حەوشەی ماڵە بەگزادەکان دەچێت،
شێوەت بۆتە شەونم و
کەزی کەزی،

قەدی دارچنارێک لێو ڕێژ دەکات.
بیرم دێت هەمیشە، پێیت دەگوتین،
هێواش هێواش لە دەرگای ژیان بدەن،
با بیرکردنەوەتان کاڵنەبێتەوە.
پێت دەگوتین ڕۆڵەکانم،
لە کۆتا جەنگی فریشتەکان،
دوو جۆر مرۆڤ،
دوو جۆر ئینسان،
دوو جۆر بەشەر،
دەپشکوێت،
راتدەهێناین، گوڵە عاجیلە و،
گوڵە هێرۆ
شەرمنترین گوڵی نێو باخچەکەمانن
بە حورمەتەوە، بۆنیان بکەن،
بە ئەدەبەوە، بەلایاندا تێپەڕن،
نەبادە، نازیان بشکێت،
شکۆیان لاربێتەوە.
دەتگوت مەراقی ئەوەمکردووە، سپێدەیەک
لەگەڵ با، بێم بۆ سەردانی گەلا وەریوەکان.
پێت دەگوتین،
ئەوان، نازدارترین جەنگاوەری خودان،
شمشێری پیاوانی خۆرهەلات،

دنیایەک ڕەنگی مەیی و
بە فرمێسکی دایکانی ئەوبەری جەنگەکانیان لەکۆڵناوە
ئای، دایە، دایکی تێکشکاوم،
بوون، بەبینینت، تەریق دەبێتەوە.
ئەو ڕۆژە باوکم،
باوکی ناو چیرۆکی بەرئاگردانم،
دەمبینی، لەدەفتەری یاداشتەکانی،
وێنەی دوو لێوی ڕەش ڕەشی کێشابوو،
لەژێریەوە نووسیبووی، (چاو) لەکاتی خەوبینیندا.
ئایی لەو هەموو جەماڵە،
خەریکە نەتناسمەوە دایە.
چەند پێتەوە جوانە، شەرابی ئەم فیراقە، چ دنیایەکە.
لەم زەمەنی بێ مروەتیە
چەند لەو باڵندە دڵشکاوانە دەچی دایە،
کە بە دیار فڕینی یەکترەوە،
دەبن بە گیتار و
غەمگینترین ئاواز دەهۆننەوە.
لێم ببوورە دایە،
هەرچی وشەی ناو ڕەقیبەکەت هەبوو،
هەرچی تاڵی و
چێژی خوایە وەتەن ئاواکەت هەبوو،
دامان بە سەبەتەیەک نزا،

دایە، کە غەریبین، تۆ پێت نەوتین،
لە دەرگای هەموو، دڵێک مەدەن.
نەتووت، یئس نەتانگرێ،
ڕێگاکان، گوناهبار مەکەن بە پەڕینەوە لە دەریا،
نەتووت سوراحییەک ئاوی نیشتمان،
مەدەن بە کەئسەن دیهاقەن.
دایە، بەم بەری بەیانیە، پێکی دەستت چەند لێ جوانە
بە شەرابەوە چەند بە ویقاری،
مەست، مەست.
دەڵێی حەوای سەما بۆ لەتە سێوەکەی بەهەشت دەکەیت،
نەرم نەرم سەما دەکەیت،
ئەو هەموو تامەزرۆییە چییە هەتە بۆ دڵنەوایی دایە،
ئەوە چ لێخۆشبوونیکە،
چ، غرورێکە ئەم جەنەتوولمئوایەی تۆ.
بەم تاریک و ڕوونەی بەیانییە،
ڕەنگی خۆتت هەڵگرتووە، دایە
لێوت لە گەڵای ئومێد و
دڵت لە یاقووت دەچێ،
زۆر لە خۆت دەچیت، ئەمجارە دایە.
دایە،
پێت عەنتیکەیە، ها
عالەمی نێو ئەو مەتبەخە،

سوور سوور دەچنەوە؟.!!
ڕەنگێ،
لە ڕەنگی باران
دلۆپێ،
لە هەڵوەرینی ئەستێران
مشتێ،
لە تامەزرۆیی بۆ ژیان
وایلێکردوون، دایە
ئەمانە،
شمشێرە بوێرەکانی نێو گالیسکەکانن
ئەوانەی بۆ باوەشێک نیشتمان
زەریایەک،
ڕۆحیان تێکەڵ بە خاک کرد؟.!!
دنیایەک دڵیان،
لەناو دێر بە تێڕی کتێبە پیرۆزەکان ناشت؟.!!!
ئەی عالەمی نەگبەت،
دەریای خەوتوو
٣٧ ساڵە،
ئەم مەعبەدە بە نوێژی دایکم تەڕدەکەم،
دەرگای ئەم کلێسایەم،
وەکو نوقلانە
بۆ سەدەقەی سەری دایکم،

هەموویم بەخشیوە،
داومەتە، ئەو جەنگاوەرانەی،
لە هاورێیەتی ئیبلیس وەڕس ببوون،
داومەتە، جەنەڕاڵەکانی نیکۆس
لە دوورگەی کرێتا،
لە حەوشەی ماڵی زیۆس،
کە خودای ئارامییان،
بە یاقووتی ئومێد داتاشیبوو
ئەو جەنگاوەرانەی،
تا گیانیان دەرچوو،
نوێژێکیان نەچوو.
پەنچەرەی مزگەوتەکانم،
لەبەر ژنێتی دایکم،
داوە بە ژنانی ڕۆما،
تا لەبەر هەتاوی پاپای نەمری
پاک پاک قژیان بۆیاخکەن و
سەبەتەیەک حورمەت،
بە دۆشاوی شەرەف،
سازکەن.
چ، خۆشیەکە، دایە
بە کراس و کەوای گومانەوە بێیت،
توورەییەک، تێر تێر لە هەوای شەهوەت

بخەیتە هەگبەتەوە و
لە قەراخ سێبەرێکی هەرزەکارەوە،
پێکێ،
ئەستوورتر لە حەیای بوون
قوڵتر،
لە شەهامەتی گەردوون
میهرەبانتر،
لە قەتپاڵی ئینسان
بە دوو دەستی خاڵی لە یەقین،
بەدیاری کوفری خەلقەتەوە نۆشبکەیت؟.!!!
دایە،
لە خوێندنەوەی،
ئەو هەموو کەوتنە وەڕس نەبووی
بێتاقەت نەبووی،
لە هەڵفڕینی ئەو هەموو دڵنەرمیە
جارێک پێت نەگوتن،
عەمری خۆت و
ئەو هەموو حیشمەتەتان نەمێنێت.
دەبوا،
ڕەگی ئەم مێژووە،
لەمە زیاتر پڕ سۆزتر نەکەیت، دایە
ئەو هەموو باوەشەی تۆ بوو، وایکرد

ئێرەیی،
بە ڕێک و جوانی،
چرۆ بکات؟!!
دڵڕەقی،
ببێت بەبەشێک لە خولیامان،
دایە،
باشم لە یادە
وادەزانم ئیستایە
دەزانی
بووکە شووشەکەی دەستی کچە تاقانەکەت،
کێ بوو جلەکانی پیسکرد؟.!!
ئەوە من بووم
دەزانی
ئەوە من بووم
کۆچانی دەستی داپیرەم،
خستە نێو چاڵەکەوە
داپیرەم،
زۆر تووڕەبوو،
ئەو ڕۆژە، دایە
ئەو تۆڕەییەم
تەنها لە نێو کتێب و
مەجلیسی، خواپەرستان بینیوە؟.!!!

**شیعری ٢**

ئێمە دنیایەک وشەبوین
کەوتینە باوەشی زەوی
کۆمەڵێک قسەبووین، لەنێو دڵی باغێک رواین،
چلێکە دارێک بووین
لەباوەشی هەتاوماڵێکمان بۆ زمان سازاند .
بیرمە باوکم کاتێک خەیاڵی شەهوەت دەیبردەوە،
تیچاوێکی لە ژووری نووستن دەکرد
بۆ ئەوەی بزەبخاتە دڵی دایکم،
درەنگانی شەو چرایەکی دادەگیرساند .
شەو خەنی خەنی زەوقی بەدیار چراوە دادەمرکایەوە ,
بەدایکمی دەگوت :
جوانیت باش هەناسەکەم،
ئەمە هەناسەی ئیشقێکی لێوان لێو بوو لە نازی هەتا و
لە مەکری گوڵشەن.
ئەم ماڵە بەدرەنگەوە بەئاگادێن،
دەرگاکەیان حەیرانێکی درێژ درێژە،

خەویان بۆتە سێبەرێکی رەنک قەترانی،
خەیاڵیان نەرم نەرم غلۆر دەبێتەوە باوەشی ژیان .
ژیان لەمماڵەدا لە کۆترێکی بێ لانە دەچێت،
لە گریانێکی بێ فرمێسک و
لێوێکی بێ ماچ دەچێت .
ئەوان حەوت وشەبوون ,
حەوت دەنوک و
حەوت تەپۆڵکە بەفری چاو کاڵبوون.
لە کوێوە دەست پێبکەم
لە کاتژمێرە خەوتووەکەی دەستی داپیرەم
یان لە کەوشە جێماوەکەی باوکم،
ئێستاش هەوڵدەدەم لەوە بگەم
چۆن کاسکێتە شینەکەی سەری دایەم
بەو هەموو قژە تەماویەوە وابەجوانی رەنگ دەنەخشێنێت .
سیحری ئەو هەموو نیگایەی خوشکە تاقانەکەشم
بۆ ئەو دیوی پەنچەرەی ژوورەکەشمان چاک نیگەرانیکردووم
ئاخر چۆن نیگەران نەبم،
بەحەوت کەسەوە بای ژوورێک
ئومێدمان نەڕواندووە لەو ماڵە
بای دەرگایەک خەونمان نە ڕژاندۆتە دامێنی ژیانەوە
ئەوەندە حەزین ڕادەمێنین لەیەکتری
روخسارمان وەکوو حەوشەی ماڵەکەمانی لێهاتووە

ئێمە حەوت سەری بێ نیگابووین
حەوت نیگای بێدەنگ و
حەوت زمانی بێ ئاوەزبووین
دەممان پڕی بوو لە وردە قسەی بێ تەماشا
لە بینینی لاتەریک، لە روانینی بێ هەنگاو .
ئەو ڕۆژەم باش لەبیرە باوکم بێدەنگیمانی دەهەژاند
کۆچانەکەی دەستی باپیرەم
لە گەنجێکی لاتریکی سەرەڕۆ دەچوو
مەراقـــــی بەدەوری ژووری نووســــــتنی دراوســــــێکەمان
دەخولاندەوە و
زەوقمانی تێر تێر لە رۆیشتن دەکرد
ئێمە کۆمەڵێک رەوەندی بێ ددان بووین
راوی خولیاماندەکرد، بەدوای تروسکایی شەهوەت و
ئەو قەهرخانانە دەگەڕاین،
کە لێومانی بەلەتە ماچێک گۆڕی بۆوە
جەستەمانی وەک داری حیشمەت،
خستبووە ژێر باڵی پەپولەیەک
هەناسەمانی سپارد بەو کچانەی دوای شووکردن
مەست مەست بەدیار سکێچی درامایەک
شەهوەتی نیگەرانی دەهۆننەوە
نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم
لە چاویلکە بێ حەوسەڵەکەی چاوەنواڕی

یان لە لەتەسیۆەکەی ماڵی گوناە
ئای لەگوناە چەند بە ئێمەوە جوانی
هاورێ ئەمە ئەو فارگۆنەی ژیانە،
کە مرۆڤ دەباتەوە قولایی خەونەکان
دەیباتەوە بۆ سەرەتاکانی بوون،
دەتگەڕێنێتەوە بۆ یەکەم وێستگە، یەکەم گومان، یەکەم پرسیار
هاورێ منیش لە هاوینی هەمان ساڵ،
بەهەمان فارگۆن، نیشتمانم جێهێشت
بیرمە لە بری نیشتمان دەفتەرێکی یاداشت و
دوو کەوچک لە فرمێسکەکانی دایکم خستە دڵمەوە
بەسواری بوراق، ئەوبوراقەی سنوور ناناسێت
جگە لە هەناسەبڕکێی موسافیرەکانی،
هیچ دەنگێکی دیکە نابیستێت، کۆچمکرد
هاورێ دەیان وەرز لەمەوبەر
سواری هەمان فارگۆن بووم .
بەتەنیشت ژیانەوە، سەرینم دڵشکاوترین بەردوو
جل و بەرگم پارچەیەک بوو لە تووڕەیی
لە لێـــواری ژیـــانەوە هەنگـــاوم دەنـــا، بەقەراغ تـــامەزرۆیی تێدەپەڕیم .
ئـارەزووم وەک کلـۆ بەفرەکـان دادەبـارینە کەنـاری دەریـای چارەنووس .
جەستەم رەنگی سەفەرو لێوم خەندەی ماڵئاواییان گرتبوو.

هاوڕێ لەم سەفەرە دنیایەک ڕێبواری بێ نیشتمانم بینی،
ئاشنابووم بە دنیایەک قاچی ماندوو،
هیلاک هیلاک دەتگوت مێژووی گشت جەنگەکانیان لەگۆڵناوە.
هاوڕێ ئێمە پۆلێک کۆتری باڵکراوی نێو هێلانەی چارەنووس بووین،
قەدەر میوانداریکردین، بە قومێک ئاو لە نێو دەریای بەختدا .
ئێمە پۆلێک باڵندەی دڵشکاوی نیشتمان بووین،
ئێمە دڵنازترین موسافیربووین، جانتاکانمان پڕی بوو لە ماچی تەڕ،
پڕی بوو لە غوربەت، پڕی بوو لە دایک .
هاوڕێ لەنێو ئەم فارگۆنە دنیایەک دڵم بینی،
ئیدی هەمیشە لەبیری وتەکەی زۆربا دابووم،
کە دەیگوت (دڵەکان مەشکێنن، تاکە شوێنە خودای لێیە) .
هاوڕێ لەم ئۆغرە دنیایەک شیعرمان بینی
قژی وشە نەفرەتیەکانی کۆچی دادەهێنا کۆچەری زۆرمان بینی،
کە بەدەست مەینەتیەکانی نیشتمان تک تک ئارەقەی ئومێدیان دەڕشت .
چاوانێکم بینی پڕی بوو لە عیشق،
چاوانێک لەجیاتی فرمێسک مەراقیان لێ دەتکا
مەراقی ژیان، مەراقی کەوتن بەسەر جەستەی وجود
ئەم دەرگایە بە دوعاکانی ئێوە نابێتەوە هاوڕێ

ئەم ماڵە حەوسەڵەی گوێگرتنی نەماوە، چیتر ئاو ناخاتە دامێنی وشەوە
چیتر گۆرانی بۆ نەرمە (با)کانی خۆرهەڵات ناڵێت
ئاورێ لە بیابان ناداتەوە
ئەو کۆچە دوا ئەلبومی یادەوەریمانە
ئازیز گیان، بۆ خۆتان بڕۆن تا حەزی رویشتن حەزکا بڕۆن
تا خولیای فڕین حەزکا بفڕن
بڕۆن نوێژ بەدیار درۆکانتان بکەن
بپارێنەوە لە گومان، هەست لە گومڕایی نیگاکانتان بگرن
چاو لە هەناسەی بێ مروەتی خۆتان بکەن
هەست لە بێزاری پێلاوەکانتان راگرن
بزانن چ سۆزێکی بۆ ئەم کۆچەی پێیە،
چ پەرتوکێکی بۆ ئەم داستانە هەڵگرتوە .
هاورێ عەجەب لەو هەموو بێدەنگیە،
لەو هەموو دڵساردیەتان دەکەم،
ئێمە باوەشێک نەفریتین خزاوینەتە نێو ئەو ماڵە.
هاورێ هەموو بەیانیەک، زەیتوونێکی تاڵ دەخۆم و
لە نێو باخچەی ماڵەوەدا، لە جێگەی باوێشک، گوڵێک بۆن دەکەم .
میلی ڕادیۆکەم دەخەمە سەر تازەترین گۆرانی، گوێش دەگرم و
منداڵە شەش مانگیەکەشم ماچ دەکەم، ئەو ناوی ژینۆسە و

منیش خەریکی گۆڕینی ناوی خۆمم .
ناوە ناوەش گۆرانی دەڵێم، دایکی حەزدەکات بخەوێت
بۆیە چەند جارێک لایلایەی بۆ دەکات .
منیش حەز دەکەم بخەوم، کەس نییە بم لاوێنێتەوە
هەنیشکم دەخەمە سەر سەرینێکی لۆچکرا و
بە ئارەقەی ماندوویێتی گوێ لەو سەمفۆنیایە دەگرم
کە بۆ سۆزانیەکانی کەناری ژیان لێدەدرێت
جار جارە قومێک شەراب
لە جێگەی ماچی ئێواران و
مشتێ ئاگایی لە شوێنی بینینەوە نۆش دەکەم
دەبمەوە خۆم و
جارێکی دیکە ئاوڕ لە خۆم نادەمەوە .
لەم بەیانیەدا دڵم خستۆتە ناو لەپی تاریکیەوە،
پاڵم بەو دارسنەوبەرانە داوە، کە پشتیان لە خۆرهەڵاتە .
قاچم گەیاندۆتە دامێنی باخچەی باغەوانەوە،
کەس نابینم، جگە لە تەنهایی. کەس نادوێنم، جگە لە ئێوارەیەکی خەواڵوو .
ئەم بەیانیە کەس لە من ناچێت و
خوداش سپێدەیەکی دیکەمان پێدەناسێنێت،
پێمان دەڵێت شوکرانەی بوون بکەن،
قەدەری ئێوە بە وجوودی منەوە نووساوە ئێوەش لە ڕۆحی منن و

منیش لە حیکمەتی ئێوەم،
حەوسەڵەی بوونی ئێوە وایکرد بەدەم ژیانەوە پێبکەنم .
من شێوەم لە ڕووناکییە و ئێوەش لە هەتا و،
بە یەقینەوە دەنوارمە چرۆی گەڵاکانتان .
لە نێوان ئێوە و ئێمەدا قەسیدەیەکی نەنووسرا و هەیە،
کە کەس ناتوانێت وشەکانی بدۆزێتەوە و چەشنی کەمانجە ژەنێک
نەرم نەرم نۆتەی تازەترین گۆرانی بۆ ڕێک دەخات .
وشەکان..... لەبەر غروری ئێمەیە چیتر پەیمان بە پێغەمبەری نویێ نادا
پێغەمبەرلەبەر گاڵتەی ئێمەیە،
خۆی تێکەڵ بە هەناسەی وەحی ناکات
وەحی لەبەر پێدەنگی ئێمەیە پرسیار لە خودا ناکات
خودا لەبەر پەرتبوونی وشەکان دۆسایەتی زەوی ناکات
منیش لەبەر جەنگی گۆرانیەکانە، ئاوڕ لە خۆم لە خۆرهەڵات نادەمەوە .
بەیانییە و
خۆر لەبەر بێ مروەتی "با" نایەوێت کات بە فیڕۆ بدات بەیانییە و
خۆرهەڵات حیکایەتی خوێنمان بۆ دەگێڕێتەوە
بەیانییە و دنیا لە شێوەی سەراب دەچێت،
بەیانییە و

لە ژێر عەورەتی گەڵای دارێک،
وشە پەرتبووەکانی دوایین قەسیدەی خودا چاولێدەکەم،
وەک تەنیایی دەپرژێمە نێو جەستەی سێبەر و وندەبم .
ئیتر کەس ناتوانێت هەنگاوی تەریقەتی ئەو ونبووەم بۆ کۆکاتەوە،
ڕووە و حەشیمەت،
ڕووە و ئاشووب و جەنگڵستان ملی ڕێگا دەگرم .
لە بیابانی سوورەوە هاتووم و
ئاوڕ لە خۆم، لە خۆرهەڵات نادەمەوە .
تۆز و غوباری بیابان بەپێڵاوەکانمەوە نووساوە و
داوای وەسیەتمان لێدەکات؟
قسەیەکی دیکە دەکەم و
ئاوڕ لە خۆم، لە خۆرهەڵات نادەمەوە
قسەیەک، وشەکانی لە دەمی کۆترێکی کێوی بەربێتەوە و
بە ڕۆحێکی پێغەمبەرانەوە لە تاریکی ڕۆچوبێت .
دەنکێک هەنار بەسە، بۆ ئەوەی زەوی لەم یئسە بگات .
هێشوویەک ترێ کفایەت، تا ئاسمان ڕەونەقی خۆی ببوغزێنێت .
کۆتایی من،
بارتەقای کۆتایی کاتە .
کات، دەمباتەوە بۆ سەرەتاکانی بوون،
ئاشنای دەروازەکانی سەفەرم دەکات .

ئەوسەفەرە ناو دەنێم، گومان .
من هۆنراوە و ئاواز و دەنگی ئەو گەشتەم .
ئاوڕ لە خۆم و خۆرهەڵات نادەمەوە،
دەمبەوە بەو ئێوارەیەی، کە خۆری لێوە ئاوادەبێت .
کەناری دەریاکان دۆستی هەمشەیی کاتن و
منیش لەسەر میلی کاتژمێری ئاودا
بە عومری خۆم دادەچمەوە،
ئاوڕ لە خۆم، لە خۆرهەڵات نادەمەوە .
ساتێک بۆ پێکەنین و ساتێک بۆ گریان دیاری دەکەم،
ئاوڕ لە خۆم و لە خۆرهەڵات نادەمەوە
ئەو پەنچەکانمی فێری هەڵوەرینکرد،
ڕایانهێنام نزیکترین هاوڕێم ناوبنێم تاریکی،
ئەو ڕۆژەم لە یادە،
کۆترە خۆرهەڵاتیەکان چۆن بوون بە قوربانی و
جەللادەکانیش لەسەر عەرشی غروور شاگەشکەببوون .
من دەبم بە خولقێنەری ڕەنگەکان و بەیانی تا ئێوارە،
ڕەنگی مرۆڤ دەنەخشێنم،
بۆ ڕۆژی دوایی دەبمە بە هەورە تریشقە و
ڕەنگەکانیان کاڵدەکەمەوە،
ئاوڕ لە خۆم، لە خۆرهەڵات نادەمەوە
ئاوڕ تا تورەیی حەزبکات دادەچۆڕێتە نێو باوەشی گومان
گومان تا یەقین حەز بکات دادەچۆڕێتە نێو هەگبەی ئاوڕەوە .

من بە کۆڵێک ئاورەوە دەڕژێمە باوەشی زەوی،
بە باوەشێک گومانەوە دەبارێمە نێو کۆشی ئاسمانەوە .
ئێستا لەوە حاڵی بووم،
زەوی و ئاسمان واتا ژیان
ژیان  لەو کچە ڤژ ئاوریشمیانە دەچێت،
کە لە منداڵی خۆیان تۆراون،
ئای چەند خۆشە منداڵی،
چەند دڵڕەفێنە  ئەوکاتەی یاری لەگەڵ کەرەستە بێ گیانەکان دەکەین .
من، منداڵیم
من، دەسرازەی دوایین بوونەوەری کەونم،
من، سێبەرم
من،ئاوزینگی دوا دڵۆپی فرمێسکی ئاسمانم  .
من، نوزە نوزی هەناسەی ئەو فریشتانەم،
کە دڵی نەهات دوایین ڕاسپاردەی خودا بدا بە پێغەمبەر،
نەشیدەویست بەدیار زیکرێکی عاریفانە شەونخونی بکات و
ڕیشی درێژی خواپەرستێک بکەوێتە گەردەنی .
ئەو، لەوە دڵنیابوو ئیدی خودا نهێنیەکی دیکەی ژیانی لا نادرکێنێت  .
بەهیوای دیدار، بەم جۆرە ماڵئاوایی لە من و خۆرهەڵاتکرد،
منیش چیتر ئاوڕ لە خۆم و خۆرهەڵات نادەمەوە .
ئاوڕ لە یەکەم مرۆڤ و

یەکەم کتێب و

یەکەم سرووش و

یەکەم زەنگ نادەمەوە .

بە گومانەوە دەڕژێمە قوڵایی تاریکی و

بە دووچاوی ئەبلەقەوە گۆرانی دەڵێم،

چاوەڕێمەو تەلیسمی کۆچێکی دیکەم پێ ئاشنا دەبێت

کۆچێک دەرگاکانی لەم ئاوێنانە دەچێت،

کە منداڵیم پێنادەنەوە،

منداڵیم هیوایە و

گەورەییشم هەمیشە تۆڵە .

ئاوێنەش بە هێمنیەوە

پێم دەڵێت ڕۆژباش، ئەی ڕۆحی لەمەرگ جێماو .

ئاوڕ لەو پەنجەرانە نادەمەوە،

کە خەون بە دەنکە تەسبێحی ونبوو دەبینن،

ئاوڕ لە حەوشەی ماڵی ئیمپراتۆرەکان و

جەنگ و

منگە منگی ئەو پاساریانە نادەمەوە،

کە لە ئێوارەیەکی پەمەییدا باڵەکانیان کردە قوربانی .

نانی ئێوارە لەسەر لوتکەی شاخێکی لاچەپی زەوی دەخۆم و

چیتر ئاوڕ لە خۆم، لە خۆرهەڵات نادەمەوە .

خۆرهەڵات پێم دەڵێت تۆم لە جەنگی نێوان ئاوێنەکان لێونبووە،

سەرمای تاریکی تۆی گەیاندۆتە مەملەکەتی قوڕ،

خوێنی شەهیدەکانیش شوێنپێی هەنگاوەکانتی شێواندووە .
دڵە خورپەی من وایکرد
سەما بەدیار ئاوابوونی خۆتەوە بکەیت .
نەتهێشت، سیناریۆی ونبوونت،
لە ئاوێنەی ئەفسانەکان نمایش بکەین .
نەتهێشت، سیحری لەزەت، لە حەرەمی ژیان کۆبکەینەوە .
سێبەرەکان هاتن و
تۆ هەرخەریکی گۆرانی وتنی،
گوڵەکان هەڵوەرین و
تۆ هەرخەریکی ئاودانی گومانەکانتی .
خۆرهەڵات لە حیکمەتی ونبوونت خەونی نەمری ئەگێڕێتەوە،
منیش ئاورِ لە خۆم و خۆرهەڵات نادەمەوە .
لە نێو وەرزی ئاوڕدا دەستم وەک دەستی غەریبێک و
ئاشنا بە پرسیارە گەورەکانی ژیان،
هەمیشە گۆرانی بۆ ئاوابوونی خۆی دەچڕێت
ژیان لە نێو جانتای سەفەر دەدرەوشێتەوە،
لە ژێر پاڵتۆی پیرەمێردێکی شەکەت و ماندوو خەو دەیباتەوە .
ئەزانی ژیان هیچ قسەیەکی پێ نییە بۆ باران،
بۆیە هەمیشە وەک تۆڵە بیر لە خاش خاشکردنی زەوی دەکاتەوە .
ئەزانی هاورێ ئەم بەیانیەش،
وەک حەللاج لەبەردەم وەرزی عیشقدا کاڵدەبینەوە .

ئەزانی چیتر نامەکانمان نادرەوشێتەوە،
چیتر سیمامان لە نێو بوون ناژاکێت،
کەچی ئەو بەیانیە شمشێر بە خۆیی و
لەشکرێک گوناهەوە
بە تەنیشت خۆرهەڵاتەوە تێپەڕی و
سڵاویکردوو، وەک ئەسپی بیابان حیلەی دەهات،
حیلەی دەگەیشتە کەشکەلانی ئاسمان و
ئێمەش دەبوورااینەوە و
خەونمان دەبینی،
خەونمان بە پیغەمبەرە ماندووەکانەوە دەبینی،
کە تـا مـردنیش نەیـانزانی ئەشـکەوت چ مەغرایەکـی لە بوونـدا هەیە .
خەونمان بە تاشە بەردوو نزا و سزاوە دەبینی،
هەمیشە خەون،
خەون بە شمشێر،
بە جەنگ،
بە هەمووشتێک .
دەمانبینی شمشێر حیکمەتی خودای
بەسەر ڤژی کچانی نیشتمان دابەشدەکرد،
بانگهێشتیان دەکردین بۆ سەر خوانی گومڕایی .
بۆنی مسک و
عەنبەر و

عەتری خۆرهەڵاتیان دەخستە گەردەنی ژنانی شەهیدوو
ملوانکەیەک لە ئاڵتونیان بەدیاری بۆ حامۆرابی دەبرد،
نالی و
مەحوی و
حاجیم دەبینی ڕیشی درێژی یەکتریان دەتاشی و
چیتر بۆ بیابان، بۆ خۆرهەڵات، شیعریان نەدەهۆنیەوە .
خەونم دەبینی ئێمە لەشکرێک سوارچاک بووین،
خۆرهەڵات شەکەت شەکەت ماندوویەتی خۆی خستە
کۆڵمانەوە و
بەڕێیکردین نەیهێشت کچانی نیشتمان وەڵامی ماڵئاواییەکانمان
بدەنەوە،
دوا ماچی ژیان تێکەڵ بە یەکتری بکەین .
بەڕێیانکردین و
دەرگای مزگەوت و
کلێسا و
پەرستگاکانیان پڕکرد لە تووڕەیی خواپەرستەکان،
بەڕێیانکردین و
میلی کاتژمێری دەستمانیان کوژاندەوە.

**شیعری٣**

شتێک ختووکەمدەدا،
وەک ئەوەی تروسکایەک،
یان رامانێک بێت .
یاخوت وشەیەک، پیتێک لە دنیای قەرەجەکان .
ئەورۆژە هەرخۆم بووم، دەمبینی خۆی وێنا دەکردەوە،
رۆشناییم، بە نادیاری ئاڵۆسکاوە لێی ورد دەبمەوە،
بیناییم رادەخەم،
چرایەکی شێدار دەبەستمەوە بەحەوشەی تاریکی
لەسەر سەری لەمێژینەی هاتاو بە مانگ دەڵێم بانگبدە،
با بانگی بەربانگ بێ
وەک ئەو ئاسۆیەی خۆت لەسەر زگی ئەو دەبینی دەمێ دەبریسکێتەوە،
تێناگەم عەیامێکە بەلێومەوە قەدیگرتووە،
نیگام لەنێو روخسارت خنکاوە،
ئەو نامۆیە ختووکەمدەدا،
هەمیشە رەونەقی قسان دەنێرێ بەدواما .
ئەوێ رۆژێ

دەستێ وشەی جوانی
لەگەڵ دوو خانمە شیعری ناردبوو بە شوێنمدا،
پێرێ دەبوا لەگەڵ ژنەکەی دراوسێیان بەهاتبا پێیگوتبوو،
با مێرگی ژوانان لۆ خاتری مە خۆشنەکات ماچانما لێ نەکا بەژەهر،
مەمکۆڵانمان نەکا بە ئاونگی خەونان .
لێ دەبوا دڵیان بەو نسارانە، بە بەردی غار غار بتاشێ،
دەڵێی پایزێکی رەنگ ئەستووری قاوەیی بێ بۆنە،
ختووکەمدەدا، نازانم وەک ئەوەی یادەریم خزابێ،
ئەوشەوە تا چواری بەری بەیان خەونم ساردەکردەوە،
حیکایەتێکی درێژم پێچایەوە .
ئەگەرچی مێژوو، بێ تامترین قسەیە، لەو خەوەمدا،
خەونبین، ئەشقی کچێکی قەرەج بوو،
ئەشق، فێنکی دەخاتە دڵی وشەوە
بای لەزەت دەخاتە هەناسەی کتێبەوە ئەو خەوەت چەند لێ جوانە،
خەونبین. لێ گەڕێ (خەو) پشووی درێژە،
ناچەمێتەوە .
دەمێکە بەدوای زەینی خۆم دادەگەڕێم
غەریبیم لێڕواوە، روحم بایگرتووە،
تارای لێ دەتکێ، مەرگ بنی نییە و
گیانمان بێ سەرپۆشە،

ئەوەندەی پیری دنیا، زەوی قوربانی بۆ خودا داوە
مەبەستم ئەوەیە، خودا بێ مرۆڤ هەڵناکات
پەیامبەرەکان ئارەزووی دەنگ هەڵبڕین،
وایلێکردوون لە ئەشکەوت بخەون،
تاریکی بپۆشن
ئەوان لەکەناری کتێبەکان بەهای دڵخۆشی دەڕوێنن،
تینوون بۆ ژیان، دەنوارنە خۆر .
پڕن لە دەنگ، کەمێک لە جوانی لای مەرگخوازان هەیە،
بۆیە خودا مردن ناو دەبا بە چێژ .
ئەوەی نەڕوانێتە جوانی خەونیشی بۆ جوانی نییە،
بەڵێ لە قوڵایی ژیاندا
هونەری جوانی دەبریسکێتەوە
وەک تریفە، لاردەبێتەوە دامێنی زەوی .
پەیامبەرێک هەبوو دەیگووت، جوانی دڵێکی دیکەی مرۆڤە
ئەوەی نەیبێ، جوانی نابینێت .
مەولانا دەڵێت: کە ئاشق بوویت، ئینجا دەزانی دڵت هەیە .
جوانی لەناختدا دیاردەبێت، لەناوخۆیدا دەتبینێ .
شتێک ختووکەمدەدا، نازانم چییە؟
وەک ئاوێکی دەنگدار،
حەپەساو، بێدارم بۆی
ئیدی بێ هیچ شتێک شکۆفە دەکا،
من بێ مەرج ئەویندار بووم،

بۆیه ئەم ختووکەیە  هێزی زێڕینی خۆی دەنێرێ بۆم .
لەشکرێک کەتنیان خستۆتە دوای پێلاوەکانم،
جا، ئەو لەشکرە چ لە ریتمی گومان دەزانێ؟
من، دەمزانی لە ساتە ماچێکدا
چەندین تابلۆ لە دایک دەبێ، لێمدیاربوو
عەشق، ریگە بە دابەزینی ئایەتەکان دەدات .
دەمبینی عەشق، سەبەتەیەک ئومێد دەڕژێنێتە بەرقاپی پێغەمبەرەکان .
لێمرۆنبووعەشق لە دوا لەحزەی خۆرئاوابوونی
لێوەکانی دەنێ بەلێوم و
ماچم دەکا .
لە ئێوارەیەکی تەحریمکراودا
دەروێشەکانی باخی گشتی خودا
سێوە لەتبووەکەی ئادەم، ورد ورد کۆدەکەنەوە و
دەهێننەوە بۆ مۆزەخانەی دڵەکان .
فریشتەکان بەدەم پێکەنینەوە پێنووسەکان بزردەکەن .
تۆ لە پشت دەرگاوە سەرت بەدیواری ژوورەکەم دادا و
من، بەو هەموو بێتاقەتیەوە وەرینی باڵەکانی پەروانەیەکم بۆ کۆناکرێتەوە .
ببورە عیشق عێدزی کردووم،
هاورێ دەڵێن

عاشـــقێک لە ســـاتە ماچێکـــداهەموو گڵپەکـــانی دۆزەخـــی دامرکاندەوە

من، گوناهم چییە ئاسمان بەو هەموو بارانەوە

کلیلی دەرگایەکی عەشقی بۆ قەرز نەکرا؟ .!

لە کەنار رووبارێکی سەرخۆشەوە،

ندالێک خنکا و

هیچم نەگوت .

ژنێکی کاڵ، بە رووتیەوە شەهوەتەکانی ئاوی بەتاڵ دەکردەوە .

گوتم، ئێستا ئاو لەوپەڕی بێگوناهیدا یاری دەکات،

هاورێ، سەرت بە دیواری ژوورەکەم لادە با،

دەنگی داخستنی دەرگاکە کاست نەکا؟.!

من بەو هەموو بێتاقەتیەوە

توانای کۆکردنەوەی باڵەکانی پەروانەیەکم نەماوە .

چۆن توانای بینینی درزی پەنچەرەیەکم ماوە؟ .!!

پێ، لەسەر ساتە هەڵوەریوەکانی باوکم هەڵگرە؟ .!

با، خەبەریان نەبێتەوە ,

سوهراپ دەڵێت: نەبا درزبەرێ چینی ناسکی تەنهایی من .

سەفەر رێگا نادا یاری لەگەڵ رەنگە یاخیەکان بکەم،

لە چریکەی چەپڵە لێدانێک

فڕینی باڵندەکان پێمان دەڵێن ترس ئەبەدییە

لە حەژمەت گەڕانەوەت،

هێڵێک لەبەردەم گێڵگەکانی عەشق و

بورِكانەكانی عەشق لێدرا .
ئـێمە، کـوا هـێلانەی پەرەسـێلکەیەکمان دیـوە بە دەلاقەی شیعرەوە .
پێم مەڵێ ئێوارەیەک لە شەقامێکی نامۆدا لە هۆش خۆت چوو بوی؟ !.
جگەرەکەت، هاواری نیشتمانێکی سەوزی لێهەڵدەستا؟.!!

**شیعری٤**

ئەم ماڵە پڕە لە سێبەری وشک،
لە پەنچەرەی کون کون بوو .
دەرگایەکی گەورەی لێ هەڵواسراوە،
بەیانیان، پێش ئەوەی ساردی بەر حەوشەمان کەوێ،
بەرلەوەی دارهەنجیرەکەمان شیر لە دەمیا برژێ،
نان و چایەک، لە نزیک یادەوەری دەخۆمەوە .
ژیان لەم ماڵەدا،
لە ژنێکی دەست بەتاڵ دەچێ،
ژنێک دەتگوت تازە لە ژوان گەڕاوەتەوە،
لێوی یاقووت و

گەردەنی عەنبەر و
سینگی ماچی لێ دەتکێ،
کراس و کەواکەی ژنانەیە و
رەنگی لە رەنگی خاک ئالاوە .
لە فینجانەیەکی پڕ لە گیا دەچێت،
لە باخچەیەکی نیوە رووت و
لە دڵەخورپەی باڵندەیەکی باڵشکاو دەچێ .
لەم ماڵەدا، لە چوار ژووری نیگەرانی و
مەنهۆڵێکی بێ هیوا و
ئاشپەزخانەیەکی تێر،
زیاتر شک نابەم. لەم ماڵە،
ئاشقەکانی دەبردرێن بۆ جەنگ،
جەنگ لە پێناوی خەوێکی قووڵ،
بۆ ئەوانەی شەوان، قومار بە نیشتیمانەوە دەکەن .
ئەوانەی خەنی، خەنی، لێویان ئاوساوە بە مکیاژی گومڕایی .
لەم ماڵەدا، باوکێک
هەموو ئێوارەیەک جگەرەیەک دادەگیرسێنێت و
قووم ، قووم هەناسەی نیشتمان قوت دەدات .
باوکمان سێبەری راکشاوە،
پایسکیلێکی ٢٧ ی هەیە و
پەیدان پەیدان، داژووا،
دڵی بۆتە شمشێر و

دەستبازێ لەگەڵ هەتاو دەکات .
ماڵەکەمان، لە سمێل و
ریشی باوکمان دەچێ .
پەنچەرەیەکی رەنگ پەڕیوی ئاشقمان هەبوو شێتانە،
دڵداری لەگەڵ باخچەدا دەکرد،
کە مەست دەبوو
دەیگووت لە من زیاتر کێی دیکە باخچەی خۆشدەوێت .
دایکمان، ئەم ماڵەی خۆشنەدەویست
بەهانەی زۆر بوو داوای ژووری خەوتن و
جلی ژێرەوەی دەکرد .
ئەو ئاوێنەیەک و
باوەشێک مکیاج و
سۆرا و سپیاوی دا بەباوکم،
تا هەندێ سۆز و نازی لە بازاڕ بۆ بکڕێت،
تا گەڕانەوەی، دایکم دڵی خستبووە نێو لەپی،
باوکم هەموویدا بە قومێک پیاوەتی .
حەوشەکەمانی دا بەشوو،
چوارژوورەکەشی کرد بە مەیخانەیەکی گەورە .
هەشبەسەرخۆمان، ماڵێکمان بوو،
کردیان بە کێڵگەی گوڵی خەشخاش .
عیسای مەسیح واتەنی :

بە چـی دەچێـت، کە هەمـوو دنیـا ببەیـتەوە، کەچـی نـرخەکەی دۆڕانی خۆت بێت؟.!!

**شیعری٥**

هەتاویش،
وەک و باران گۆنای زەوی دەگەزێ و
جارجارەش لەگەڵ سێبەرێکی تەنیا،
کە هێشتا بای ماندووبوونی نەحەساوەتەوە کۆچ دەکات؟ .!
کۆچی ئەم جارەی با،
مێژوو دەچەمێنێتەوە .
ختۆکەی دەریا دەدات تا هەنشکی با،
بە ئاسپایی لارکاتەوە،
لەلاریدا  با  باشتر جوانتر لە جاران ڕێ دەکات چی تێدایە،
با لە حزوری چیلکە دارێک، سەما بکات،
سەمای با، زەوق و شەوق دەداتە کەناری دەریا،
باڵندە، دڵژنانیەکانی قەراخ دەریا،
ستیانیان پڕە لە تەماشا،
مایۆکانیان،

که خەتی تەمەنی غەریزەی،
با، یان لێوە شاردراوەتەوە شەرمیان لە پیاوەتی، نەورەسـەکان دەکردەوە؟ .!
تک، تک، حەیا، بە رووی ئاودا دەتکا،
ئاو، لە با ڕادەما،
ڕامانی ئاو بۆ با،
دایدەڕماندن لە شکۆ .
باڵندە دڵژنانیەکانی قەراخ دەریا،
لێویان مکیاجی شەرابی پێوەبوو
ڤژیان، دەتگوت بێستانی ترێیە،
هێشوو هێشوو
بە عاستەم، کەلێنی سمتی دارهەرمێکەی بەردەمی داپۆشی بوو
با، غرور نایگرێ،
چما لە چ ڕا دیارە با، هەر بۆ خۆشی هەڵناکا؟ .!
لە نزیک شاخی بێساران با،
لەجاران جیاوازتر دەردەکەوێ !
زەرەخەنەی با،
لە تخووبی سێبەر،
مانای ئومێد دەدات
با، بێ هیوا نابێ مادامەکێ،
دەریا باوەشی تەڕی خۆی دانەپۆشیوە،
کۆشی دەریا، پڕە لە ڕۆحی گەنجانی نیشتمان

کۆچ، زەوقی فڕینی لێڕواندین،
گڕوگاڵی منداڵەکانی کردە دیاری دەریا؟
دەریاوان، چاوی پڕە لە یادەوەری، چاوی دەریاوان،
بەهای مەرگ دیاریدەکات،
بای سۆزێک، گیانم پێبدە،
دەریاوان دەریاوان، دڵێکی نەفرەتییە،
بە کەزی مانگەوە نووساوە،
لە تریفەم پرسی،
مانگ شەرم دایناگریێ کە شەو لاریدەکاتەوە و
زەوی لە باوەشی دەنێ  و
مانگ لە حریتەی پێکەنین دەدات،
کاتێک  با، بە چەترێکەوە دەبینێت؟ .
دەریاوان، بە بای، درەنگانی شەو نیگەرانە .
چەشنی ئەستێرە، لە مەکری چاوبازێنەی خۆر؟ .!
نەهەنگێ، لە ئێوارەیەکی دەرنگ،
پێش ئەوەی خۆر خەبەری بێتەوە،
باوەشێک ڕۆحی چاند لە قوڵایی دەریا،
هەناسەیان پڕ بوو لە یاقووت،
دڵیان، چەشنی با،
شکابوو با، لەو ژنانە دەچێت،
کە هەمیشە چاوێکی هەیە بۆ ئاوڕ،
دڵێکی هەیە بۆ سەبووری. بشیکوشی بای یەقینێک،

نا، ژیندۆستی ناچۆڕێ لێی؟ !
تازەترین کتێب،
کە هەموو بەرەبەیانێک
دوو لاپەڕە،
تەنها دوو لاپەڕەی لێ دەخۆمەوە،
ئەو بەیانیە،
دوو لەو کتێبانەم لە باوەشی با، بینیەوە،
نەختێک وشەم خەست خەست،
تێکەڵ بە قومێک ماناکرد،
خواردمەوە، تامی زۆر لە شیعر دەچوو.

**شیعری٦**

هێشتا خاک بۆنی غەریبی بەرنەدابوو
دایکم بە تیچاوێک سەیری دوامالئاوای ئێمەی دەکرد.
ئێمە باوەشێک خەیاڵ بووین،
کۆشێک خەون و مشتێ خولیابووین،
بەبەرچاوی باوکەکانمان بیرەدا تێپەڕین
لەگەڵ هەناسەی مانگ بووین بەتریفە و

کەوتینە دامێنی ژیانەوە،
یاخیبووین، بووین بەدارێکی بێ بەر .
لە حەوشەی نیشتمان بووین بە چاوێکی بێ ڕەنگ و
لێوێکی بێ قسە و
زمانێکی بێ وشە .
چەند ڕۆژێکە، بەجووتێ پێڵاوی شەکەتەوە،
بەبەردەمی نیشتمان تێدەپەڕین و
فەرمووومان لێناکات .
نیشتمان نامناسێتەوە، نایەتە پێشوازیم و
چیتر نیگای نانێرێت بۆ دیدەنیم،
چیتر نایەتە ماڵی ئۆمێدمان
جارێکی دیکە
ڕوخساری نارژێتە، نێو باخچەی چاوەنواڕی .
نیشتمان بەخیلی بەپیاسەکانیشمان دەبات،
دڵی زۆر ناسک بووە،
جێگەی جانتای ئاشقانی تیانابێتەوە .
ژنانێکم بینی،
مەمکەکانی شیعریان لێ دەڕژا .
کتێبێکی سەرشێتم لە دەستی یار بینی،
پڕی بوو لە چرا،
پڕی بوو لە سەلیقەی ژیان .
ئەو ڕۆژە شار ببوو بەباخچە،

گوڵەکانیان خوناوی ماچیان گرتبوو .
لێو قسەی کردوو زمان بژا و چاوەکانمان پڕبوو لە رۆشنایی.

**شیعری٧**

ئەو دەنگە دەنگە چییە،
دەڵێی بوون سۆزی ڕژاوە،
پێم ناڵێی بۆ ئەوەندە خەواڵوو،
ڕێگای ئەم گەشتە دەخلیسکێنیە نێو پێڵووی چاوەکانت .
پێمنەگوتی نیگەران مەبە وجود هێندەی نەماوە،
لامباسنەکردی هەمووشتێک،
تەنانەت خودی ژیانیش ئۆقرەیی تێدانەماوە .
بیرمە، ئەو ساڵەی مرۆڤ تێر تێر پێکەنینی دەچاندوو،
هێواش هێواش ئاگایی دەدووریەوە .
بیرمە ئاسمان حەوسەڵەی تەماشاکردنی نەمابوو،
ئەستێران، رادەمان لە کەوشەن .
رامانهێنابوون،

زۆر لەمە چیتر گۆرانیان دەچڕی .
جیڕەی دەرگا و پەنجەرەی ژیان کاسی نەکردوون؟
هۆ ، هۆ ، هۆ دەڵێی دەنگی تامەزرۆییت  نووساوە،
عەنتیکەیە، بەو درەنگانە چیتلەبوون داوە، بوون،
دوو دەلاقەی کون کونی لەخۆ لوولدا،
کاتێکزانی مانگ، نیگای رژاوە .
مانگکەزانی بوونیش سۆزی ڕژاوە،
دەتگوت ئاغایە،
کتومت لەو سەربازەپلەدارەی خاوەنشکۆ دەچوو،
عەینەن کرێکارێکە و
کارڵ مارکس دوو عانە،
دوو قورش، ی لەو تپسانە داوەتیّ،
کە دەمە وعەسران پشتی بە پشتی دیواری ئۆرشەلیمەوە دەدا .
چ دەبوو تۆش بەو درەنگانی ژیانە
پشوویەک لە نزیک دارهەنارێک بدەیت،
هەناری ترش و شیرین،
هەنار دەمی بوون دەپاززنیّ،
لێوی ژیان تەڕ دەکات .

لەو جووتە هەنارەی سەر سینەت،
دانەیەکی ببەپێش دەمم،
مژ، مژ دەیمژم،

شیری، شێربوو، کە لەئانیماڵئاوایکردنت نۆشمکردبوو،
شەراب، شەرابی رۆمانە .
هۆش و هۆشمەندیش چەرەزی نێو مەجلیسی شاهانە .
ئەوەندەت بەسە،
قەترە قەترە وشە بڕژێنمە دۆخی بێدەنگی .
ئەوەش هیچ ناگەیەنێت، مادامەکێ نیگەرانی خامۆشبووە .
عەجەب، نیشتمان ڕەنگی خووساوە،
دڵی گەردی بێهۆشی گرتووە،
بەبۆنی نیشتمان، مێژوو خەسێندرا .
عەینەن تۆی، دەتگوت، باخەوان مەیلی سەما ڕنین دەکا،
وای لەو سەمایە، قەدی ئەو دار هەرمێیە لاردەکاتەوە،
لاریدەکاتەوە، پایز هاوسێیەکی درەنگ وەختبوو،
کە هات سەرما دوا دێڕی سەفەرنامەکەی خستبووە گیرفانی هەتاو .
سێبەری ئەو هەتاوەش،
ئەو هەتاوەی سێبەری خۆی هەنجن هەنجن دەکات .
لێرەبوو، هەرچی هەتاو، هەبوو لێرەبوو .
کە هەتاو هات جوانەمەرگبوو، بوون .
هەست دەکەم نۆرەی مردنم هاتووە،
بۆیە لەمڕۆوە دەست
بە سوتاندنی نامە بەتاڵەکان دەکەم،
وشەکان دەخنکێنم بە مانا،

هەرچی ڕەمز هەیە ئەیشکێنم بە گومان،
دەستەجلێکی قەرەجیانە، دەپۆشم و
لە نزیک ئۆرشەلیم،
بەئاسپایی دوگمەی کراسەکەی حەوا دەکەمەوە،
تا حەیای بچێ ئادەم،
با ناموسی بڕژێ مێژوو .
بە جووتێ پێڵاوی ئەرمەنی، دەکەومە سەر گیانی وجوود .
بە مریەم بڵێن، ئەوەندە ناز بە پاکیزەییەکەیەوە نەکات .
بە مەسیح بڵێن
بەو خاچەوە، ئەوەندە مەکر بەسەر خوداوە نەکات
دابەزە و
دوا مەشهەدی ئەو وەحشەتە تەواو بکە .
ئەو نوزە نوزە چیە،
بەسەر منەوە دەکەی
پێ دەخەمە ناو زامی جەنگەکانەوە
برینەکان دەکولێنمەوە و
با خوێن لە جەستەی تەوتەم فڕکەبکە،
دەیقرچێنمەوە، ئابڕوی هەقیقەت دەبەم،
گومڕایی دەبەمەوە مەعبەدەکان و
نوێژ بەدیار کوفرەوە دەکەم
فەسادی دەچێنم .
ئای لە خۆمان خەنی،

چەند جەنگمان لێوە جوانە،
چەند بەبرینەوە کەشخەین،
شەڕمان چەند لێدێت،
دڵمان چەند بەخوێن خۆشە، ئولفەتمان پێوە گرتووە .
خەنی خۆمان مەرگ چ هاوڕێیەکی بەلەزەتە،
ئاخیری هەر دەماننناسێتەوە
بە ئیبلیس بڵێن، بمان بووڕێت خەجاڵەت خۆمان،
نەدەبوا بەرد بگرینە شکۆی،
با تۆبە بکەین تا لێمان خۆشبێت .
خودا دەنێرمەوە دۆخی جاران،
دۆخی بێدەنگی، فەلسەفە دەکوشم و
لوتی داڤنشی پێ ڕەنگ دەکەم .
بە نیتشە بڵێن، کەی خودا لەو هینە ماوە بیکوژیت .
هەناوت پڕیەتی لە خودا،
گوێت کاس نەبوو ئەی مرۆڤ
بێزارنەبووی لەو حیکایەتە بێ مانایانەی خۆت .
سەبووریمان تەنها بە خۆمان دێت
زەوقی گەمژەییمان لێ ڕواوە.

**شیعری٨**

پێش، هەزار و نۆ سەدوو بیست و هەشت شەو
بەرلەوەی، زەمین لاربێتەوە
مەیلی حیکایەتێکی ڕەنگ تاڵی،
ڕوو خرخاڵ کە دەم و چاوێکی نزیک لە وێنەی کافور،
بەژن و باڵا، لە شێوەی چنار وەک یەکەم ڕوانین،
بێداری خستە دەروونی ئاسمان،
بوونمانی بە بەرد داپۆشی،
بەردی تەڵاق، بەردی خاش خاش، بەردی ئەم خاکە، شیرین شیرینە .
پێش دە ملیۆن مانگەشەو، کە تریفەی بە کەوشەنی عاسمانان ڕاکشێ،
شکۆی لاربێتەوە، بەری نساران .
جریکە جریکی کێشکان کاسیکات،
گوێی ماسیان خۆر، تەمەنی زەوی قەپاندەکرد، ئادەم لە خەودابوو،
کە بوو بە ئینسان .
ئازادی، لە بنباڵی باڵندەکان هەستی پێکرا،
پێش نیو ملیۆن دەمە و عەسران ئاسکە ئاویەکان،
بێرەدا تێپەڕین. ئەوکات، وریایی حەسابۆوە،

بوون لەکامەرانی کەوتبوو .
ئازادیش، ببوو بە نیگارکێش .
ئازادی، گیرفانی خواپێداوەکانە .
هەژاران، لە سەربەستی ڕادەمێنن .
هێز، لە هۆشیاری دەچەقێ .
ئەم ناوە، پڕیەتی لە بازووی چێندرا و لە شمشێری دوو قەد .
لەم سەرزەمینە، دەریا لەتاو شەپۆڵی زریکەی هەتاو مەیلی جەنگ دەیبا بەڕێوە .
دەمەو ئێواران زەمین، دڵی شەهید دەخاتە نێو ئینجانەی نەمری .
پێش، دوانزە ملیۆن شەممە
هەرچی ئاگری وشکی باخچەی یەقین هەبوو
بوو بە هەنجیری تاقەت پڕووکێن .
ئاوی ئەم زەمینە، هەناری بەخت دەگرێ سێوی چاوەڕوانی، لێ دەڕوێ.
بە دەریام گوت :
ڕۆحی ئەو هەموو کۆچە بۆ کوێ دەبەیت؟ .!!
ئەو هەموو دڵە بێ نیشتمانە، راپێچی کام فارگۆنی ژیان دەکەیت .
لەکام جەنگەڵ دایان دەدۆشی،
بە چ خاکێکی نەفرەتی دەیانگوزەرێنیت .

پــێم بڵــێ، ئەو هەمــوو نیگەرانــیە، بە چ حیکایەتێــک خــامۆش دەبێت؟ .!!
بە چ ئاوازێک، ڕایاندەچڵەکێنیت .
دە پێم بڵێ، چارەنووسی ئەم کەشتیە، بە کوێ دەگات؟.!!

**شیعری٩**

هێشتا لەبیری خۆکوشتندام
نازانم، لە کوێوە دەست پێبکەم
زۆر جار بیرم دەچێ، کە ئەمڕۆ دوا ڕۆژی خۆکوشتنمە
بەداخەوە، ئەوە بیســت و نــۆیەمین جــارە رادەمێــنم لەخــۆم لە خۆکوشتن .
چەندی سەیری خۆم دەکەم،
وەکو ئەوەی هێشتا رانەهاتبم،
موچرک، بە ئارەزووم دادێت دڵم خراپ بۆ ژیان لێدەدات
من، کە خۆمم هەیە تێیدا بم
بۆیە هەوڵدەدەم نهێنی خۆکوشتنەکە بپارێزم.
چاوەکان نازم بەسەرەوە دەکەن،
پەنچەکانم گوڵی تامەزرۆییان لێ رواوە .
نێوانم لەگەڵ خۆم باشە،

نازانم ئەو کەڵکەڵەی خۆکوشتنە لە کوێ هات،
زەرد زەرد هەڵگەڕاوم. ئەو رۆژە، منداڵەکانم ماچکردوو
نامەیەکم بۆ هاوژینەکەم جێ هێشت،
لێم نەنووسی بوو، کە خۆم دەکوژم .
پێمخۆشنەبوو کەس بەو نهێنیەم بزانێ .
شەو ویستم شتێک بڵێم، بەیانی وێڵم کرد،
هەرچی قسەی نێو خەیاڵم هەبوو .
زۆر جار بەخۆم دەڵێم،
دەبێ کات بۆ خۆکوشتن مابێت.

**شیعری ١٠**

ئەمە چ روانینێکە،
چ خلوودێکە، رژاوەتە بەر تریفەی نیگات .
ئەوە چ قسەیەکە،
چ حزورێــــک، چـــرۆی چ فەنـــابوونێکە گەڵاکـــانی خســـتۆتە هەنیسکت .
ئەی، نیگاری رەنگ رەنگینی بەر دڵان،
تاقانە گوڵ،
ماجەرای شەوڕەوی غروب،
حەزینترین کۆچ،

دڵشکاوترین مەل،
ئەمە چ جنوونێکە فڕیوەتە بەر هەیوانی تامەزرۆییت؟ .!!
چ مەعبەدێکە، وا نوێژەکانی لە زیکری خوا کەوتوون،
ئەمە چ خاچێکە، هیوای لێدەچۆڕێت .
ئەمە چ تەماشایەکە، بە گەردەنی سەفەرت نووساوە،
چ کەشتیەکە، هەناسەتی پڕ لە غروری یەقینکردووە .
ئەوە چ ئاییندەیەکە، قورسایی بوونتی هەڵگرتووە .
دە تەماشا، ئاویش تینوێتی بە بینینت دەشکێت،
ئەی باڵندە کۆچەریەکەم. تەنیاییت،
چەند لە من دەچێت .
رۆشناییت، چەند لە دڵی یار دەچێت، .
جەمالت، چەند لە ئاو دەچێت،
نازت، چەند لە رۆمانە تەواو نەکراوەکەی عیسا و
بزەکانی یوسف دەچێت .
چەند بە ویقاری،
چەند شیک و نازداری .
چەند، دولبەرانە دێت و دەچێت،
هێندە تامەزرۆیانە تێت دەڕوانم، بینینم کاڵ بۆتەوە،
تەمی تەنهاییت، خەریکە بەردەبێتەوە رووخسارم .
ئەمە چ غرورێکە،
دانە دانە کراوەتە تاج و
وەک شاژن بە ئاسمانەوە هەڵواسراوی .

ئەمە چ نیگایەکە،
بەردەبێتەوە کۆشی زەوی،
ئەمە چ نازێکە، ڕژاوەتە سەر گۆنای هەتاو .
ئەمە چ تقووســـێکی ســـەرمەدییە، لێـــوی ســـەرابێکی پـــێ تەڕنابێت؟ .!!
بۆ خۆت ، هەر بەم ئاسمانەوە،
سەمای جاویدانی لەتەک ئەستێران بکە .
بۆ خۆت، هەر بەم تاقی ئاسمانەوە،
خەون بە لەتەکەی دیکەتەوە ببینە،
ئەی مانگ، ئەی سۆرە گوڵەی ناو باخان و تاقە یار،
دەی، قژت کەزی کەزی، بەردەوە و با دەریا ،
شەرم دایگرێت و
چیتر جوانیت لێڵ نەکات،
چیتر روخسارت نەشواتەوە .
شکۆی ئەم ئاوابوونەت،
سیحری ئەملار و لەنجەیەت،
سۆراوی ئاڵی دوولێوانت،
بازن و
خرخاڵ و
ملوانکەی گەردەنت، چەند لێجوانە.
هەرگیز، بە وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشنا نەبووم
بەری درەختێک چەمایەوە تا قوڵایی دەریا .

هەرگیز، بڕوام بەم هەواڵە نەبوو
کاتێک دەریا سینگی ئاوەدانی بۆ ئەستێرەکان ئاوڵاکرد .
هەرگیز، لە چاوەنوارِی ئەم وەڵامەدا نەبووم
کە کەمەری درەختەکـــان ســـەمایان بە شـــەبەنگی وەرزەکـــان دەکرد.
دەزانم هەرگیز پەپولەکانی بەر "با "
ئۆقرەناگرن ئەگەر بن رووبارێکی قووڵ
لەگەڵ نیگایی روانینێک  بە ناسکییەوە
 لە دووری تابلۆی چاوەکانی نەڕوانێت. ئەی،
خولگەی چاوەنوارِی ئەی،
باڵداری بەر تریفەی مانگ،
ئایا کەس دەپڕژێتە بەر پڕشنگی نیگات؟.!!
 یان کەمێک نەهێنی ببەحشێ بە "با" دەکرێ،
ئەوسا لە سەمای درەخت بگات .
هەرگیز، بە وەڵامی ئەم پرسیارانە ئاشنا نەبووم
لە ئەلبوومی گەڵای ئەم درەختە چاوەکان
نابینان. کەسێ نییە سیحری چاوەکان بەتاڵ بکا،
هەرگیز، بە وەڵامی ئەم پرسیارە ئاشنا نەبووم
بەری درەختێک چەمایەوە تا قوڵایی دەریا.

## ٥

ژیان وەک یاری شەترەنج وایە کە تەواو بوو پاشا و وەزیر و فیل و ئەسپ و سەربازەکان دەخرێنە نێو یەک تابوتەوە، لەم یاری و جەنگەدا دەبێ جەنگاوەرێکی باش بیت، بۆ ئەوەی بمێنیتەوە، ئەوانەی بۆمانەوەی خۆیان ئەوانی دیکە تێک دەشکێنن، بۆ ژیان نەهاتوون، ئەوانە بۆ ئەوە لێرەن ژیان بروخێنن، جوانیەکان بشێوێنن، مانەوە بۆ ژیانە، نەک بۆ روخانی ئەوەی دیکە، لەجەنگدا ژیان نییە، کاولکاری و سڕینەوەی بەرامبەر هەیە، ئەوانەی دەجەنگن واتێگەیشتوون، ئەو بۆ ژیان دەجەنگێت، ناحاڵی لەوەی کە بۆ روخانی ئەوی دیکە دەجەنگێت. کەی ژیان لە نێو بڵێسەی ئاگری شەڕدا چرۆ دەکات، ژیان لەنێو باخچەی پڕ لە گوڵ و گوڵزاری ناخی ئینسان دۆستان گەشە دەکات. ئاخر هۆتافی مردن بۆ دوژمنان، مەرگ بۆ بەرامبەر کەی هەوێنی ژیانی تێدایە، کەی رۆشنایی رۆژێکی تازەی لێوە دەبیندرێت. نامەی ئەو سەربازەی کە دوای گیان لەدەستدانی لەجەنگ، کە لە گیرفانی دۆزرایەوە بەڕاستی ماناداربوو.

کە نووسـیویەتی: ئەوانەی شـەڕ دەکەن کەسـیان یەکتـر نەناسـێت. مـن هـیچ کەسـێک لەوانەی جەنگیـان لەگەڵـدەکەم ناناسـم و ئەوان دەکـوژم و ئەوانـیش مـن دەکـوژن، بەڵام ئەوانەی بەشەڕمان دەهێنن، یەکتر دەناسن و دۆستی یەکترن، قەت یەکتریش ناکوژن؟!. بۆیە ئەگەر کوشترام نەڵێن کەسێکی جەنگـاوەر بـووە و خـۆزگەی بەشـەهیدبوون دەخواسـت، بەم درۆیە باوەڕمەکەن، من خۆزگەی ژیان کوشتوومی.

چ لە دڵـی دایکـی ئەو گیانفیـدایە بـکەم، کـوڕەکەی بەگیـانێکی سـاردەوە گەڕاوەتەوە و ئەمیش بەجلێکی رەشـەوە لە پرسـەی دانیشتووە .

بۆیە مرۆڤ هەمیشە بەدوای ئەوشتانەدا دەگەڕێت کە نییەتی، ئەو شـتانە دەبەخشـێت کە لێـی زیـادە، مـرۆڤ چـۆن رۆح دەبەخشێت، کە تەنهـا یەک رۆحـی بۆ ژیـان هەیە، ئەو بەدوای رۆح داناگەڕێت لێیی زیـاد نییە، ئەو بە دوای ژیاندا دەگەڕێت، کە لێی زەوتکراوە .

دایەگیـانم بـاش لەوە گەیشـت بـوو، بـۆیە پێداگری لەسـەر دوو خـاڵە زیـات کـراوەکەی خۆیـدەکرد لەنێـو وەسـیەت نـامەکەی باوکمـدا. ئـاخر برسـیەتی تەنهـا برسـیبوونی گەدە نیـیە، دیستۆفیسـکی لە رۆمـانی ( سـووک و رسـواکان) بـاش روانگەمان دەگۆڕێت، لە بـارەی نـان و ئـازادی، ژیـان و مـردن،

جەنگ و خۆشبەختی، ئینسان و خۆخۆرەکان. کاتێک وێنەی ئەو پیرەمێردوو "ئازۆرکار" کە ناوی سەگەکەیەتی نیشانمان دەدات بۆ ئەوەیەتی دەری بخات، کە ژیان چەند لەو سەگە مات و مەلوولە دەچێت بۆ تێربوونی گەدەی گیانی رزیوە .

ئەم رونگەیە بۆ نان و ئازادی، بۆ ژیان و تێربوون دەبێ بگۆردرێت، ئەم سەگە دەبێ قسەیەکی تازە بۆ ژیان بکاتەوە، ئەو بۆ نان رەنجی کێشاوە نەک ئازادی، ئەوانەی دەگەن بەئازادی نانیان دەست دەکەوێت، بەس مەرج نییە ئەوەی نانی دەست کەوێت ئازادبێت .

کریشنا مورتی، دڵخۆشمان دەکات لەسەر گوتنی راستیەک لەبارەی ئومێد لای مرۆڤ، کە حەمە سەعید حەسەن وەریگێراوە دەڵێت: زۆر کەس تلیاکیان بەو ئومێدە تاقیکردۆتەوە، زەینیان روونتر و دڵیان رۆشنتر و ئەقڵیان هەستەوەرتر بێت، بەڵام لە نا ئومێدی بەولاوە هیچی دیکەیان نەچنیوەتەوە. تلیاک بۆ ئەوە نییە، بەهۆیەوە جوانتر لەواقیع تێبگەیت، بۆ ئەوەیە بە هۆیەوە لەواقیع هەڵێین. ئەگەر خوازیاری لە بازنەی هەژموونی فکر و ئارەزوو قوتاربیت، ئەوا گومانت نەبێت، تلیاک بەهاناتەوە نایەت، کێشەی دیکەت بۆ دروست دەکات. خۆت لە زیندانی فیکر و کتێبی پیرۆز و تلیاک قوتار بکە، ئینجا بەدوای مانای ژیاندا بگەڕێ! ژیان ئەوە نییە وەک قارەمان بژین، ئەوەیە بەبێ ترس بژین.

دەفــتەر یادشــــتەکەی دایکــم گریمـــانەی زۆری لا دروســـت کردبــووم، نەمــدەزانی چــی تێــدایە، بەس دەمزانــی زۆر شــتی تێدایە، کەس وەک من دایکمی نەدەناسی، ئەمن باش دەمناسی، زۆر چــاک لە نهێنیــی ژیــان و قســـە و گفتــار و رەفتارەکــانی گەیشتبووم، راز و نیازی ئەوم، چاک ئەزبەرکردبوو، دەمزانی حەزی لەچ گۆرانی و چ دەنگێک و ئـاوازێکە، کاسـێتەکانی ئـوم کەلسوم، هەمیشە لەبەردەستان بوو، کاتی نیوەڕۆیـان دەبـوا، بەدەنگی ئەو نان بخوات و بخەوێت. بیرمە دەیگوت: باش ئەو دەنگە سیحری لێکردووم، دەم خەوێنێت و لەنێو خەونەکانمدا سەمام پێدەکات. وێنەی هەردوو گۆرانی بێژی ئێرانی مەهستی و حـومێرای لەژێـر سـەری خـۆی هەڵواسـیبوو، شـێتی دەنگـی گوگش بوو، پێوابوو، ئەمانە رۆحی بەزیندوویی رادەگرن.

درەنگانێکی شەوبوو، باوکم بە تورەییەوە هاواری بەسـەردایکم کردوو، وتی: بەس نییە ئەو گۆرانیانە، بۆ ناخەویت بێزاربـووم لەو دەنگانە، بێتاقەت بوویمە، لەو ئـاوازانە؟!. دایکـم ئـولفەتی بە گـوێگرتن بەو گۆرانیـانە گرتبـوو، هەمووشــی ئەزبەر کردبـوو، شیعرەکانیشــی گشــتی دەنووســیەوە، بــۆیە ببــورە مەراق لام دەبـێ ئەو دەفـتەر یاداشـتەی دایەم دەبـێ چـی تێـدابێت، ئـاخر دەمزانــی زۆر شــتی تێـدایە، ژنێـک ئەوهــا جـوان بژیــت و بەو شـێوەیە ژیـان ببینێـت بێگومــان بەجـوانی دەڕوانێـتە دنیـاش، پێمـــوایە ژن باشـــتر لە جـــوانی دەگەن، جـــوانتر لە ژیـــان

دەڕ ِوانن، بینینی ژن جیایە لەپیاو، پیاو لەجوانی رادەمێنێت، بەس ژن دەیخولْقێنێت، پیاو ئارەزووی ژیانکردنیان هەیە، بەس ژن، ژیان بەرهەم دەهێنێت. باوکم بەیانیان زوو جگەرەیەکی دادەگیرساند، دایکم مۆمێک. باوکم بێ ماڵئاوای دەڕۆیشت بۆ دەرەوە، دایکم ژوورەکانی بۆندار دەکرد، باوکم ئێواران کە دەگەڕایەوە زوو دەخەوت، دایکم شیعری بۆ دەخوێندینەوە، باوکم کە مرد وەسیەت نامەیەکی بۆ جێهێشتین، دایکم دووخاڵی بۆ زیات کرد، ئێمە بۆ باوکمان زۆر گریان، بەس دووخاڵە زیادکراوەکەی دایەم لە نێو وەسیەت نامەکەی باوکم ئێمەی ژیاند. وایکرد وەک خۆمان بین، وایلێکردم ورد ورد دەفتەر یاداشتەکەی بخوێنمەوە. چ شتێک ئەو گوتوویەتی سەرنجیان بدەم و چ تێبینی سەرنجێکی نووسیوە چاویان لێبکەم، بۆ من ئەو یاداشتنامەیە دەرگای بەسەر زۆر شتدا دەکردەووە، دەمزانی ئەوەی من دەمەوێت لەم یاداشتنامەیەدا هەیە، بۆیە پەرۆشی ئەوەبووم زوو دەستم کەوێت، بەپەلە بیانخوێنمەوە، مەبەستم بوو تێبگەم بۆ دایەم گرینگی بەو یاداشتە داوە بۆچی بە من دەڵێت تا تەمەنت نەگاتە سی ساڵ پێت نادەم بیخوێنیەوە، دەبێ ئەو قسە و بڕیارەی بۆ دابێت، ئاخۆ دەبێ تەمەنی من چ پەیوەندیەکی بەو یاداشتنامەیەوە هەبێت، بۆ دەیەوێت تەنها من ئەو یاداشتنامەیە چاولێبکەم، بۆ ئەم سپارتە گەورەیە بەمن دەدات، ئەو متمانەیە چییە بەمنی هەیە، دەیەوێت چ بڵێت و من چی بۆ بکەم؟!. زۆرجار لە رێگای

قســەو ئاماژەکـانی هەسـتم بـۆ ئەوە دەچـوو ئەو دەیەوێـت لە ڕێگـای خوێنـدنەوەی ئەو یاداشــتنامەیە شــتێک بەمــن بڵێــت، هەستم دەکرد ئەو زۆری لەمن دەکات تا شتێک بکەم، دەمزانی ئەو دەیەوێـت بەدوای (ئەڕنەواز)دا بگەڕێـم، ئەڕنەوازی کچـی زەردەشت.

## ٦

پێنووس لە نێو سارای پەنجەکانم وەک پیرەمێردێکی خەواڵوو ڕاکشـاوە، لاپەڕەی کتێبەکە لەبەردەستم خەریکە باڵدەگرن و لەئاسـمانی چـاولێکردنم لە شـەقەی باڵـدەدەن و بـێ مەروا دەفڕن، فڕین لە نێو دەریای نیگەرانیم و بێسارانی دڵخۆشیم دا، لەنێوان و ئاوازی شادی و نەی خەمۆکیدا، وەک مەولانام لێهاتووە، بە نەی نەبێت خامۆش نابێت دڵی من، من ئێرەییەکەم لە کونی بـای نەیەوە، هەوایەکـم غەریـب ، غەریـب دەڕژێـمە باوەشـی ژیانەوە، لەگەڵ نەرمەگیای سەوزەڵانی مەعشووقدا، بەردەبمەوە دامێنی هەقیقەتەوە. خۆم بیرچۆتەوە، پێنووسەکە دڵداری لەگەڵ هۆشـم دەکات، پەڕە ئاواڵا سپییە غەمگینەکەی بەردەمم، باوەشـی بۆ وشـەکانم کردۆتەوە، دەترسم بڕژێم، چ پەڕی سـپی نێـو کتێبـان هەیە ڕەش ڕەشـی کەم، ترسـم لە خۆنووسـینەوە هەیە، لە داچـۆڕینی یـادەوەریم، زۆر دەترسـم ئەوەنـدە داچـۆڕێمە نێـو یـادەوەریم بـژێمەوە، مـن ترسـم لە دووبـارە زینـدووبوونەوەی خـۆم هەیە، زۆر لەو مەشـهەدە دەترسم کە جارێکی دیکە زیندوو بمەوە.

دەترسم لەدایک بمەوە
ترسم لە دووبارە بوونەوەی خۆم هەیە،
دەترسم لە دایک بمەوە و
پرسیارێک لەم دووبارە بوونەوەیەم لێنەکەن،
ئەترسم خەڵق بمەوە و
کەسیش لێم نەپرسێتەوە
زۆر ترسم لە خۆم هەیە، بە ولادەت بمەوە.
ترسم لە دووبارە بوونەوەی خۆم هەیە
زۆر دەترسم دایکم جارێکی دیکە منی ببێتەوە
ترسم زۆر لەخۆم هەیە، نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ و نۆدەقە و نۆ سانییە
لە ڕەحمی دایەم بمێنمەوە
ئەترسم جارێکی دیکە ناوکم ببڕنەوە و
بە کرشان و ڕۆنی کونجی چەورم بکەن
دەترسم بڕشێمەوە
دەسرازەکەم ببێتەوە و
لەسەر لانکە کۆنەکەی دایەم ملم شۆڕببێتەوە
چەند لەخۆ ڕادەمێنم و
دەترسم هێڵنجم بە گۆنای مەمکی دایکم بێتەوە و
بڕشێمەوە و کۆشی باوکم پیس بکەم
ئەترسم چ شیری خاوی منداڵیم هەیە

بیهێنمەوە
زۆر ترسم بە لەدایک بوونەوەی خۆم هەیە
دەترسم باوکم بمترسێنێت و
نەچمە ناو کوڕان
دەترسم دایکم حیکایەتی شەوەم
بۆ بگێڕێتەوە و
خەو بە ترسەوە ببینم
چەند لەم دووبارە لە دایک بوونەوەی خۆم دەترسم،
ئەوەندەش ترسم لەخۆم هەیە، کە بە ولادەت بمەوە
زراوم لەم دووبارە بوونەوەیە چووە.
زەندەقم چووە، مندالّی خۆم ببینمەوە و
پێم بگوترێت پس پس، حەیرانی بم
چەند لە درۆی گەورەکان دەترسم
مندالّیم بۆ خۆیان بەرنەوە.

بەشـــێوەیەک مەســـت کەوتـــووم وەکـــو ئەوەی هـــیچ کاتێـــک پێنووســـەکەم وشـــەی لێـــوە نەڕژابێـــت، کـــامەرانی لە ژیـــان نەخواســـتبێت، ئەوەنـــدە دڵ مەســـتم، دڵـــم وەک ئـــاو نووســـاوە بەدەریاوە، دەریا کەی بێ ئاو هەڵدەکات، دڵی مـن کەی بێ ئەو پێـــدەکەنێت، کەی لە دووری ئەو چـــۆتە باوەشـــی کتێـــبەوە، پێنوســـەکەم لەمـــن زیـــاتر تـــۆی خـــۆش دەوێـــت. ئەی کتێـــب

وشـــەکانم ئاشــقی تــۆن، ئەی پەڕە خەنەییەکـانی نێـو ژیـانم. ئەوەنـدە بێهـۆش چەقیـووم، ئەوەنـدە ڕژاوم وەکـوو ئەوەی لە ژیانمـدا یەک دێـڕم نەنووســیبێت، مەســت کەوتــووم بەدیــار ئاوابوونی خۆمدا.

ئەوەی دەبیینم و دەیخوێنمەوە، زمانێکی نامۆ، نـامۆ لە مانـا نـا، نـامۆ لە تێگەیشـتن، لە ڕوانـین بـۆ ئەوانەی ڕوویانـداوە، چـۆن یاداشـــــتیکردوون، بــــۆ ئەوانەی ئێســــتا ڕوودەدەن چـــــۆن دەیـانخوێنێتەوە، بـۆ ئەوانەی لە ئاییـندەدا دێـنە ئـاراوە، چـۆن تێیانــدەڕوانێت، سەرســامم بەوەی لە منێــک زیــاتری دەوێــت گەڕان بەدوای ئەو مێژووە، لە منێک پتـری دەوێت مـانەوە لەم ڕۆژگارە دژوارەدا، لە منێک مەزنتری دەوێت ڕۆیشـتن بەدوای ئەم نە هـــاتووەدا، لەخـــۆم غەریبـــی، کەی بەو جەســـتە بـــێ هێـزەمەوە توانـای هەڵگرتنـی ئەو مێـژووە زەبەلاحەم هەیە، بەو دڵە غەمگینەوە قوترەتی لەئـامێزگرتنی ئێسـتام هەیە، بەو ڕۆحە شەکەتەمەوە چۆن ئارەزووی ناز پێدانی سبەییم هەیە، لە خـۆم بێکەسی، لە خۆم دەربەدەروو غەریبی.

کەیاداشتنامەکەی دایەم چاولێدەکەم وشـەکانی لام نەناسـراون، کە سـەیریاندەکەم، نامناسـنەوە، سـڵاوێکم لێنـاکەن، سـەیرە ئەو کتێـبە گەلەک سەرسـام کەرە، لە کتێـب ناچێـت، لە یاداشـتنامە ناچێت. وشەکانی وەک تەوتەمێک هەڵدەزنی، هەڵدەشاخی بەنێو ڕۆحێکی ژنـانەدا، پیتەکـانی پڕن لە ژن، لە تقووسـی مـێ، ئـاخر

دایکم باش لەوە گەیشتبوو، ژن واتا ژیان، ژیان لای دایکم ئاییندەیە، ئەمڕۆکەیە، بۆیە لە وەسیەت نامەکەی باوکیش ماندا هەر ئەوەی پێ وتین، ئەو دووخاڵەی بۆ وەسیەت نامەکەی باوکم زیادی کردبوو، دڵخۆشیکردبووین کە بۆ ئاییندەمان بژین.

ئەوانەی خاوەنی یاداشتنامەن، یاخوت ئەو کەسانەی یاداشتیان نووسیوەتەوە، وەک یەک بیریان نەکردۆتەوە، یان بەشێوەی یەکتری خواستی یاداشتنامەکەیان نەخستۆتە روو، یان مەبەست و فۆرم و ئیتیکی کارەکەیان وەک یەک نەبووە. نووسینی یاداشتنامە، یان ژیاننامە و یادەورەی و گێڕانەوە و بیرەوەریەکان هەر ئەوە نییە تۆ چی ببینیت یان چیت بینیوە ئەو یاداشت بکەیت و بینووسیەوە، هەندێک لە نووسەر و یاداشت نووسەکانی جیهان، بە کوردیشەوە لەهونەری یاداشتنامە هەڵەیەکیان وەک یەک دووبارەکردۆتەوە، ئەوان واتێگەیشتوون ئەوەی بینیویەتی یان بیستوویەتی هەوڵیداوە یاداشتیان بکات و بییان نووسیێتەوە بێ کەم و زیاد، ئەو شێوە یاداشتکردنە نووسینەوەی سەرلەبەری ژیان و تەمەن و رۆژگار و رووداو و بەسەرهات و ساردی و گەرمی ژیان و کۆی ئەو شتانەیە کە بیری ماوە، یان لەکاتی خۆی ئەزبەریکردوون، یاخوت بەنووسین یاداشتیکردوون، بەس یاداشتنامەکەی دایکم، لەوان ناچێت، ئەو جیاوزاتر سەرنجی

داوەتە ئەو شتانەی کە بینیویەتی، یان روویانداوە یاخوت لە ئاییندەدا روودەدەن، دایکم بەجۆرێک باسی مێژووی کردووە لەم یاداشتنامەیە وەک ئەوەی خۆی لەناویدا ژیابێت، لەکاتی خوێندنەوەی یاداشتنامەکەی دایکم بەر زۆر شت دەکەویت، دەگەڕێیتەوە پێش مێژوو، بەر ئادەم و حەوا دەکەویت، بەر سەرەتایی مرۆڤایەتی دەکەویت .

# وتارەکانی نێو

# یاداشتنامەکەی دایکم

# یەك

هەرچەند شیعر وەک ژانرێکی ئەدەبی، هەمیشە بە نموونەی باڵای دنیای زمان و نووسین دادەندرێت. بێگومان هەرکاتێکیش رۆمان لەنێو هەر گەل و نەتەوەیەکدا گەشەی کردبێت، ئیدی تێکستی رۆمان دەبێ بە ژانرێکی باڵادەست لەنێو ئەدەبدا. لە دنیای نووسین و ئەدەبی کوردیش خەریکە رۆمان ئەو فۆرمی باڵادەستیە وەردەگرێت و لە دوو دەیەی رابردوو، رۆمانووسی جددی سەریانهەڵداوە. رەنگە تێگەیشتنی رەخنەگران و خوێنەران جیاوازبێت لەسەر باش و خراپی رۆمان، هەرچەند من ئەدەب ناخەمە نێو پرسی باش و خراپەوە، چونکە ئەدەب ئیشکردنە لەگەڵ زمان و میتۆلۆژیا و خەیاڵ و بیرۆکە و گوزارشتەوە، بۆیە بەهاکەی بە پێوری باش و خراپ دەرناکەوێت. پێوری ئەدەب بە گەشەی کلتوری و ترادیسیۆنەوە پەیوەستکراوە، بە دەوڵەمەندی زمان و هۆشیاری کلتوریەوە وابەستەکراوە .

رۆمان جیهانی کارەکتەرەکانە، جیهانی وێناکردن و دەرکەوتە و دەرهاویشتەکانیەتی، رۆمان هارینی میتۆلۆژیا و دیرۆکە لەنێو زمانی گێڕانەوەدا، لە دنیای رۆماندا مێژوونووس نابێتەوە بەو حیکایەت بێژە درۆزنەی، کە رووداوەکان بەپێی تێگەیشتن و هەلومەرجی ئایدیا و ئایدۆلۆژیەوە وێنا بکات. رۆمان دەبێ بەقسەمان بێنێت، دەبێ زمانی بیرکردنەوەمان بکاتەوە، مێشکمان بتاسێنێت، ئاگاییمان برووژێنێت، بۆ ئەوەی چێژ لە ئاگایی وەرگرین، ئەمەش وامان لێدەکات خولیای بیرکردنەوە پەلکێشی زیاتر خوێندنەوەمان بکات .

فۆرستەر لە کتێبی (هونەری رۆماننووسین) لەبارەی بەهای رۆمان دەفەرمووێت(بەهای راستەقینەی رۆمان بەوە دەپێورێت، لەلامان هەستێک بخوڵقێنێت. کە شتێکی لەوشێوەیە لە ژیانی ئێمەدا هەیە، دەبێ رۆمان قسەکەربێت و بمان دوێنێت).

ئەوانەی پێیانوایە رۆمان زادەی خەیاڵە، رووداوگەلێکی نێو واقیع نین، لە کرۆکدا هەڵەیەکی گەورەی راستگویی دەکەن، بەتایبەت لەگەڵ خۆیاندا، لە دۆن کیشۆتەوە تا رۆمانی ئێوارەی پەروانە و شاری مۆسیقارە سپیەکانی بەختیار عەلی ناتواندرێت ئەمان وەک رۆمان نووسی خەیاڵی ناوزەندبکرێن، بەستنەوەی رۆمان تەنها بەخەیاڵەوە و دروستکردنی فەزای رۆمان بەو نەفەسە، رۆمان دەباتەوە نێو داستان و حیکایەتی

ئەفسانەییەوە، کە خودی رۆمان لە دوو سەدەی رابردوودا، بۆ تێپەڕاندنی ئەم فۆڕمە لە رۆمان نوسینەبووە. لە دوای رۆمانەکانی مارکیز، لەپاش شاکارەکانی نیکۆس کانتزانزاکی ئیدی رۆمان قۆناغی گوێلێگرتنی تێپەڕاند، چیتر رۆمان بۆ پاشاکان ناخوێندرێتەوە و نابێتەوە بەشەوچەرەی دیوەخانان، رۆمان ئەمجارە لەلای دیستۆفیسکی، دەبێتەوە بە کارەکتەرێکی سیاسی، نموونەی رۆمانی(شەیتان)ی ئەو، بە مەزنترین رۆمانی سیاسی دادەندرێت. رۆماننووسی کورد، لە ئەحمەد موختار جافەوە، کە رۆمانی (مەسەلەی ویژدان) نووسیوە و کە لە هەفتاکان چاپکراوە، تا ئێستاش قسە لەسەر ئەوەیە، ئەم چیرۆکە درێژەی ئەو، نۆڤلێتە یان رۆمان. دیارە تێکستی لە (خەوما) کەی جەمیل سائیبیش بەهەمان هەناسەی موختاری جاف نووسراوە، هەرچەندە نمونەی وەک عەرەبی شەمۆ مان هەیە، کە بەیەکەم رۆمان نووسی کورد دادەندرێت و رۆمانی (شوانی کوردمانج و قەلای دمدم) بە رۆمانی سۆسیۆلۆژی دادەنرێت و باس لە دۆخی کۆمەلایەتی کوردەواری دەکات. نابێ ئەوەمان بیر بچێت عەرەبی شەمۆ و بەشێکی دیکەی رۆمان نووسی کورد، لەژێر کاریگەری ئەدەبی رووسی رۆمانیان نووسیوە. لە پەنچاکانیش، رۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحەمەد دێت مێژوو تۆمار دەکات، مێژووی جوامێری گەلێک. رۆمانی (پێشمەرگەی) رەحیمی قازی ش، کە لەسەرەتای شەستەکان بلاوکرایەوە، ئەم رۆمانەش جگە

لەوەی مێـــژوو تۆمـــار دەكـــات،وەک ئەدەبـــی بەرگـــریش پێناسـەدەكرێت. لە دوای ئەم قۆنـاغە رۆمـانی كـوردی دەچێـتە دۆخێكـی دیـكەوە، دۆخـی زمـانی كـراونەوە لەگەڵ خـوێنەردا، زمـانی گومـان و پرسـیار دروسـتكردن لە زهنـی خـوێنەردا، زمـانی ئاگـایی و بیركـردنەوە، بەم دۆخەی رۆمـان دەگوترێت، سـەردەمی رۆمــانی بیــركەرەوە، دەتــوانم بڵــێم رەوادی ئەم سـەردەمەش حوسـێن عـارف میـرزا مەنگـوڕی و عەبـدوڵڵا سـەراج و حەمە مـوكری و شـێرزاد حەسـەن و جەبـار جەمـال غەریب و فەرهاد پیرپاڵ و كاروان كاكەسور و عەتـا نەهـایی و بەختیار عەلی هتد... ئەمانە لای من بە رۆمانووسی بیركەرەوە، ناودەنـدرێن، خوێنەرەكـانی ئەمـانە، لەمێـژوو نـامێننەوە، تەنهـا گوێگرنین، خوێنەری ئەمانە، زمانیان هەیە، لەگەڵ رووداوەكانی نێـو رۆمانەكانیـان قسـەدەكەن، لەگەڵ كارەكتەرەكانیـان گومـان دەوروژێنن، خوێنەر لە دنیـای رۆمـانی ئەمـانەدا بێدەنگ نییە، گەڕێدەیەكی بە ئاگایە.

# دوو

من کەسێک دەناسم ناوی (نارین)ە لە هیچ ناچێت، لە شیعر نەبێت. بۆنی لەبۆنی وشە و قژی وەک وێنە دەڕژێتە نێوماناوە، ئەم نزیکترین هاوڕێمە، هەروەها هاوڕێشم نییە. دۆستمە و دۆستیشم نییە، لەوەتەی هەم سەیری دەکەم، سەیری هاوارەکان و دەنگ و قیژەکانی دەکەم، ئەوەندەم ئاوی شیعر لێخواردۆتەوە لێوم گەڵای شیعری گرتووە. بەیانیان بە نەرمە شیعرەکانی ئەو بە ئاگادێم، کە دێمە بەردەرگا و تیچاوێک لەو کۆڵانە پان و بەرینەی ژیان دەکەم، تەنها ئەو دەبینم، دەیبینم دەقیژێنێت، پڕ بەگەروویی پێدەکەنێت و حیکایەتی بە قوڕبوونی خۆی بۆ ژنانی گەڕەگ دەگێڕێتەوە. لە نامیلکە شیعری پاڵەوانە کارتۆنیەکە زۆر باسی من دەکات، رۆژێک نامەیەکی بۆ ناردبووم، لە نزیک ئەو پەنچەرەیە دانابوو، کە هەموو ئێوارەیەک دوو پێک غەریبیم لێدەخواردەوە، لە دووەم پێکدا نامەکەم خوێندەوە، نووسیبوی:

**ئیبلیس لە / تۆ/ وە فێری/ نا/ بووە.**

## سێ

بۆ ئەوەی بتەوێت، لە مرۆڤ و نەتەوە و کۆمەڵگەی خۆت بگەیت، دەبێ ئەو کەرەستانەت دەست کەوێت، کە یارمەتیت دەدەن خۆتی پێ بخوێنیتەوە، یان سکێچی خۆتی پێبکەیت و لە خۆت حاڵیبیت، تا لێیانەوە وێنای دروستیان بۆ بکێشیت. ناکرێ خوێندنەوە بۆ کۆمەڵگەی کوردی بکەیت، فرۆید وەک بیرمەندێکی دەروونشیکاری پشتگوێ بخەیت. محەمەد تەها حوسێن لە کتێبی (سایکلۆژیای ئەقڵی کوردی) دەروازەکانی ناسینی ئەو شوناسەمان بە روئیایەکی فرۆیدیانە بۆ دەکاتەوە، ئەدۆنیسی شاعیر دەڵێت (بۆیە کلتوری رۆژئاواییەکان دەخوێنمەوە، تا کلتوری داخراوی رۆژهەڵاتی خۆمانی پێبکەمەوە؟!!). هەر ئەوەش وامان لێدەکان بڵێین پەنابردنی فرۆید بۆ شیکاریکردنی دۆخی سایکۆکۆمەڵایەتی کورد جۆرێکە لە میتۆدی تەفکیک، بەڵام لە دۆخی سۆسیۆلۆژیەکەیدا. شۆڕبوونەوە بۆ کەینونەی ئینسانی کورد، بێ فرۆید بەرهەمی نابێت. لێرەدا قسە لەسەر کوردە وەک بەها، وەک میتافۆرێک لەنێو دنیای دەرەوەدا، قسەکردنە لەسەر دەرکەوتەکانی ئینسانی کورد لە نێو پرۆسیسی ئەقڵدا چ وەک چەمک چ وەک خەیاڵ و ئەندێشە و غەریزەکانی. کاتێک

ئەنیشتاین لەنامەکەیدا بۆ فرۆید لێی دەپرسێت ( چۆن لەشەڕ ڕزگارمان دەبێت؟!!.). فرۆید ئەوە ناشارێتەوە، کە شەڕانگێزی وابەستەی خود و دەروونی مرۆڤەکانەو ناتواندرێت بنبڕ بکرێت؟!!. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ڕێگاکانی قەلاچۆ پێکردنی، یان کاڵکردنەوەی شەڕانگێزی لای مرۆڤ ئیدی گەیشتۆتە بنبەست و چارەناکرێت. فرۆید چەند فاکتێک بۆ دربازبون بۆ ئەم دۆخە دیاریدەکات.

-بەئەقڵانی کردن

-گەمارۆدانی ئینسان لەنێو سیستەم و ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

-پەرەپێدانی ئیرۆس ( خۆشەویستی).

بەم سێ ڕێگایە، دەتواندرێت هێزی شەڕکەم کەینەوە .

نووسەر رەهەندە مێژوویەکەی ئەم ئەقڵە ناباتەوە نێو گریمانە شیکاریەکانی فرۆیدەوە، مێژوو دەوەستێنێت، تاک وەک سەنترالێک دەبەستێتەوە بەو ژینگەی کە تاکی کورد لێیەوە بیردەکاتەوە، ژینگەی بیرکردنەوەی ئێمە تەنها نەبەستراوەتەوە بە جیناتەوە، دەمێکە پرسیاری ئەو نا ئەقڵانیەتەی خۆمان لە خۆمان دەکەین، ئەو پرسیارە ئێستا وەک گومان ڕووبەڕومان دەبێتەوە، خەیاڵمانی وەک پەناهەندەیەک لە نێو جەستەی ئێمە هێشتۆتەوە، هەمیشە ڕوانینمان بۆ خۆمان هەست کردنبووە بە

خـودێکی شـەرمن، غەریـب لە دنیـای دەرەوەمانـدا، کـاتێکیش فرۆیـــد لە کتێبـــی (دڵەڕاوکـــێ لە نێـــو شارســـتانیەتدا) ئەوە ناشارێتەوە کە مرۆڤ، لە دنیای ژیارەکاندا ئاستی دڵەڕاوکێی خودی تادێت زیاد دەکات، تا ئاستی ئەوەی ترس لە ئایندە ترس لە مـانەوەی مەبەست لە رووی فیـزیکەوە نـا، بەڵکـو لە رووی بەهـــــاو فســـــیۆلۆژیەوە، کە بەردەوام لە شـــــەڕێکی سروشـــتیدایە لەگەڵ ئەم دڵەڕاوکێـــیەدا، دەربـــازبوونیش لەم حاڵەتە، دەبەستێتەوە بە ماڵ و بایەخدان بە شـوێن، بۆیە ئەو جەستەی دایک بە مـاڵی یەکەمـی مـرۆڤ دەزانـێ، کە تـا ئەبەد سۆزمان بۆی دەبێ و ئینسان تیایدا هەست بە ئارامی دەکات و پێیـوایە لەوێـدا خۆشـی و ئاسـوودەکانی لە تەواونەبـوودایە. نووسەر ئەم لێکچونەی فرۆید بۆ مـاڵ وەک ژینگەیەکی ئارام بۆ گیان دەبەستێتەوە بە تێگەیشتنی بیرمەندێکی وەک باشلەر، کە لە کتێبـی (جوانیەکـانی شـوێن) مـاڵ بە دۆخێکـی ڕۆحـی دەچوێنێت.محەمەد تەهـا حوسـێنیش دروسـتکردنی مـاڵ وەک چـاوگەیەک بـۆ گەشـەکردنی ئەقـڵ وێنادەکـات و پێیـوایە مـاڵ جۆرێکی دیکەیە لە شارستانیەت، کە ژیـان تێدا دەتواندرێت بە فەردانیەت بکرێت، هەر ئەوەشە وا لە تـاک دەکات هێزی ژیـان و بینـــاکردن، کە دەرهاویشـــتەکەی ئەقـــڵە فەراهەم بکـــات و برەویان پێبدات. لێرەدا مـاڵ مانـا مەجـازیەکەی لەدەست دەدات و خـــاک، نیشـــتمان، کـۆمەڵگە، شارســـتانیەت وەک بەرهەمـــی ژیـاری مرۆڤایەتی وەک سـەمپڵ بـۆ خوێندنەوەی سـایکلۆژیای

ئەقڵــی کــوردی وەرگیــراوە. هەر ئەوەشــە وای لە نووســەر کــــردووە هـــزری فرۆیـــدی وردکـــاتەوە، تـــا حەدی ئەوەی دایبەزانـدۆتە ئاسـتی کـۆمەڵگەی کـوردی و شـرۆڤەی ئەقـڵ و مەنتقی حاڵی کوردی پێکردووە.

لێکچونێک لەنێوان پـرۆژەی نووسـراوەکانی بیرمەنـدی عەرەب مـحەمەد عابـد جـابری لەبـارەی نقـد العقـل العربـی و پـرۆژە و کتێـــبەکەی کـــاک مـــحەمەد تەهـــا حوســـێن هەیە، بەس بەدوو میتـۆدی جیـاواز، عابـدی کۆمەڵناسـانە خوێنـدنەوە بـۆ دنیـای عەرەبـی دەکـات و رەخـنە لە عەقڵـی پەتـی عەرەبـی و دۆخـی مێـــژوویەکەی دەگرێـــت، بەس مـــحەمەد تەهـــا حوســـێن لە مەنــزومەی فرۆیــدییەوە شــیکاری پارادۆکســیانەی لــۆژیکی کوردمـان بۆدەکـات. جـابری مێـژوو دادەڕمێنێـت لە نێـو دەقـدا، بەڵام ( م، ت، ح). لە گۆشـــەنیگای غەریـــزە و چێـــژی بـــاڵا و شـۆڕبوونەوە بـۆ حـاڵەتە فسـیۆلۆژیەکانی ئینسـان و لە دنیـای بەرکەوتەکاندا سەیری لێکەوتەکانی دەکات.

# چوار

بەر لەهەموو شتێک کتێب، جۆرێکی دیکەی گوتارە، بەس لەنێو کاغەزدا، کاغەز زیندانی ئاگایی مرۆڤەکانە لە نیو زماندا، زمانیش مانایە لەنێو جیهانبینی خوێنەردا. لێرەدا لەوە گەیشتین، نووسین فۆرمێکی دیکەی گوتارە لە دنیای دەربڕیندا. سەعید نەوڕەسی عاریفی دنیای شەریعەت، تا گیانی سپارد وشەیەکی نەخستە نێو لاپەڕەی کتێب یان رووپەڕی رۆژنامەوە. زمانی گوتار، زمانی ئاخافتن و دەربڕین لای نەوڕەسی پەیامی گەیاندن بوو، کەسیش نەبوو لەم پەیامە نەگات، ئەو لە قوتابخانەکەیدا وەڵامی هەموو پرسێکی بە لۆژیکی ئاخافتن، وتوویژ، وانەبێژی ئەدایەوە. لەسەردەمی گریک، سۆفیستایەکان لەناو خەڵک، بەدەم لە رێگەی زمانی دەربڕین، ئایدیاکانیان دەگەیاند. لێرەدا گرینگ گەیاندن بووە، دیارە مەبەستیش لەم گەیاندنە پەیام و ئایدیا و تێز و فەلسەفە و روئیای فکری خۆیان بووە. لەسەردەمی گۆتێنبێرگ،کە بە چەرخی رۆشنگەری چاپ و وشاندن دادەندرێت، خوێندنەوە زمانی لە مانا لۆکاڵیەکەی گواستەوە نێو زمانی مانا لە چوارچێوەی کتێبدا. کتێب زمانی دەربازکرد لە مانای نمایندەگیانە، واتا چیتر زمان ئامانەتی ماناکان نیە لە زهنی

کەسـەکاندا. لەکـاتی دابەزینی قورئـان، بـۆ پێغەمـبەری ئیسـلام، پەیـامهێنەری ناچـار بەدەربـڕین دەکـرد، بـۆ ئەوەی دەق لە زهنەوە بگوازێتەوە نێو تێکست، لە تێکستەوەش بگوازێتەوە نێو مانا، لەو وێستگەیەدا زمان بەماناوە وابەستە دەکرا و کەسێک پەیوەست بە ئەزبەرکردنی دەکرێت. تا نووسینەوەی قورئـان و کۆکردنەوەی لە کتێبێکدا، کە ئەم رەوشـەی قورئـان، بە دۆخـی دەربازکردنی دەق لە ژینگەی زهنی بۆ دۆخـی زمـانی کـاغەزی ناوزەند دەکرێت. بەمە کتێب، دەبێ بەسەرچاوەیەکی گرینگ بۆ گەشەی مەعریفە.

دنیای خوێندنەوە و کتێب لای ئێمەش فۆرم و شێوازی جودای هەیە. بەلای مـنەوە کتێـب دابەش دەبێـت بەسـەر سـێ جـۆر، بەمانایەکی دیکە من بەسێ شێوە کتێب دەخوێنمەوە، کتێبانێک کە لە ئەلفی تـا یـای دەیـانخوێنمەوە، واتـا لەبەرگ بـۆ بەرگ؟!!. رۆمان و تێکستە ئەدەبیەکان بە نموونە. ئەو کتێبانەی هـزری و فەلسـەفی و سیاسـی و کلتـورین، بـۆ ئەوە دەیـانخوێنمەوە تـا لەجەوهەری ئەندێشـە و تێـزەکەی نووسـەرەکانی بـگەم، بـۆ ئەوەی لە پەیام و ئایدیاکەی حاڵی بم، بۆ نمونە کتێبی (مرۆڤی یاخیی)ەکەی ئەلبێر کامۆت بەسە بۆ ئەوەی لە تێڕوانی ئەو بۆ فەلسـەفەی هەڵـگەڕانەوە (تمـروت) بگەیـت؟!!. کتێبـانێکیش هەن خوێندنەوەیان تەواو نابێت، وەک قورئان و تێکستە گەورەکانی دنیا.

# پێنج

بەقەد ئەوەی خوێنەر و ڕەخنەگری جدی، غەدریان لە عەباس عەبدوڵڵا یوسف کردووە، لەوە زیاتر خۆی زوڵمی لە توانا و ناوبانگی خۆیکردووە؟!!. کە نەیتوانیوە وەبەرهێنان بۆ کار و بەرهەمەکانی بکات، خوێنەری ئێمەش ئەوەندە جدی نییە، تا کات و زەوقی خۆی بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی تەرخان بکات.

عەباس بە هەقیقەت موسەقەف و خوێندەوار و شاعیرێکی پڕ سەلیقە و بەتوانایە. دەمێکە شتەکانی دەخوێنمەوە، هەرچەندە ئەدەبەکەی فۆرمێکی گرانی هەیە و دەبێ هونەری خۆڕاگری خوێندنەوەت بەرزبێت و حەز و خولیای درێژە دانت بە خوێندەوە گەلێک فراوان بێت، ئینجا تاقەتی ئەوەت دەبێت ئەدەبی عەباس بخوێنیەوە.

کارەکانی عەباس عەبدوڵڵا یوسف بەس شیعر نییە، بەڵکو ئەدەبێکی دەوڵەمەندە بەزمان، زمان لەناو ئەدەبی عەباس خوڵقێنەری دنیایەکی نوێی مانایە، کە ئەوی دەرکردووە لە بازنەی باو و نە لەکەس دەچێت و نەکەسیش لەو دەچێت، عالەمێکە بۆ خۆی.

# شەش

نالی عومقی ئەدەبە، بۆیە نالی تەنها وەک شاعیرێک تەماشا ناکرێت، بەڵکو دەبێ وەک مەنزومەیەکی ئەدەبی و بۆردێکی فەلسەفی سەیر بکرێت. دنیای نالی عومقە ئەدەبیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی نالی بۆ ئەدەب و شیعر .

نالی پێش ئەوەی بیر لە شیعربکاتەوە و شیعر بنووسێت، جەمالیەتی شیعری لە قوڵایی ئەدەبەوە بینیووە و خوێندۆتەوە، تێگەیشتوە لەوەی ئەدەب، کە شیعر لەناویدا جگە لە ئیستاتیکایەک بۆ وێناکردن و پێدانی جەمالیەت بە وشە و مانا چیدیکە نییە؟.!!

ئاخر نالی ئەمەی بە تێگەیشتنەوە لەناو دەقدا تەوزیفکردووە، بۆیە شیعرەکانی هەر تەنها بەهای دەقێک وەرناگرن، بەڵکو دەتباتە نێو عالەمێکی دیکە، کە دنیای ئەدەبە. ئەدەبی نالیش وا ئاسان نییە لێی تێبگەیت و قسەی لەسەر بکەی، دەبێ ئەوکەسەی نالی دەخوێنێتەوە، مەبەستم نووسین و لێکۆڵینەوەیە لەسەری، وەک ئەو لە عومقی ئەدەب گەیشتبێت و بخولێتەوە، یان وەک ئەو چووبێتە نێو عومقی تێگەیشتنەوە بۆ ئەدەب.

سیوەیلی بەشێک لەو عموق ناسینەی نالی بۆ ئەدەبی تێدایە، بۆیە جورئەتی ئەوە دەکات قسە لە نالی بکات، مودەڕیسی مەزن و ئەحمەدی مەلا و هتد، هەمان جورئەتیان بەردەکەوێت، کە بە نالی وێرانینە، بەڵام وەک ڕێبوار سیوەیلی مۆفەق نەبوینە، لە تێگەیشتنیان بۆ عومقی ئەدەبی لای نالی.

# حەوت

چەند ساڵێک لەمەو پێش لە کۆڕێکی نووسەر و ڕۆماننووس شێرزاد حەسەن، وتم، نابێ خوێنەربیت و ڕۆمانی (دایک) ی مەکسیم گۆرگیت، نەخوێندبێتەوە، شێرزاد حەسەنیش بۆ ئێمە هەروایە، ناکرێت خەریکی خوێندنەوە و نووسین بیت شێرزادیشت نەخوێندبێتەوە. دەبێ مرۆڤ شانازی بکات، خانی و مەولەوی و نالی و ح، ق، کۆیی، مەسعود محەمەد، شکو مستەفا، سجادی بینوە، خۆشبەختن ئەوانەی لەسەردەمی هەریەک لەم کەڵە پیاوانە ژیاون.

نووسەرو لێکۆڵەری ئەدەبی حەمە سەعید حەسەن، لەوەڵامی کەسێکدا دەڵێت دەبێ دڵخۆشبیت بەوەی زیندووم و تۆش دەمبینی و دەمخوێنیەوە، دیارە تۆ کەسێکی بەبەختی، لە سەردەمی وجودی من دەژیت و خۆم و نووسینەکانم ڕاستەوخۆ دەبینی .

ئاخر دەکرێ تۆ کتێب بەدەستەوە بگریت و حەمەی حەمە باقی نەناسیت، عەزیزگەردیت نەخوێندبێتەوە، لاپەڕەیەکت لە ئیشەکانی عەبدوڵڵای حەسەن زادە ئاوانەکردبێت. ئاخر هاوڕێ، ئەو سەروکەللانە دەم و چاوی جودا جودان، سینۆها

پێـــی وایە لەجەوهەری ئینســـاندا، جۆرێـــک لە غـــرور هەیە بۆناسـینی شـتەکان، بەڵام لای نیتشـە خـود بە جەوهەری ئەو ناسینە ئەژمار دەکات.

# هەشت

دوو شت من رادەگرێت، فەرهاد، وەک قسە و رەفتار. فەرهاد, وەک نووسین و کتێب. بۆ هەردوو دۆخ. قسە هەڵدەگرێت. لەبارەی نووسین دەبێ دانە بە دانەی نووسین و کتێبەکانی بخوێنینەوە. خوێندنەوە راتدێنێت لەسەر ئەوەی ورد بنووسیت, شیکردنەوەکانت، تێبینی و سەرنجەکانت لە جێگەی خۆیدابێت. لە دنیای نووسین زۆر کەم روویداوە ئەوەی ویستبێتی کەسێک بناسێت یان بیناسێنیت بەباشی ئەو کەسەی نەخوێندبێتەوە، پرۆسەی نووسین و ئەدەب و مەعریفە جیایە لەگەڵ کردارە کۆمەڵایەتیەکان، راستە بیرمەندێکی وەک کارڵ مارکس مرۆڤ بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکات، ئەرستۆش پێیوایە ئینسان دەرکەوتەیەکی ئاکارییە، بەمەش دەبێتە مرۆڤی جیا، لەوانی دیکە. لای زۆرێک لە ئینسان ناسانی دنیای مۆدێرنە, مرۆڤ بە مەخلوقێکی سیاسی، ئابوری خوێندنەوەی بۆ کراوە. بەمەش تێدەگەین، کە بتەوێت لەکەسێک بگەیت، بەتایبەت ئەوکەسە دنیای لە دنیای کەسانی

دیکه جیابێت، ئەگەر گریمان نووسەر، یان خاوەن کتێب بێت، ئەوکاتە تێگەیشتن لەو وائاسان نابێت. ئەستەمە فەرهاد بخەیتە دۆخێکی واوە، هەموو کەسێک لەو تێ بگات. ئەمە غەدرێکی گەورەیە لە خەڵکــی دەکەیــت، تێگەیشــتن لەفەرهــاد بە خوێندنەوەی کتێب و نووسینەکانی دەبێ. ئاخر کەی ڕەوایە بە فەرهــاد بڵێیــت (شــێت) کتێبیــی (جیــاوازی نێــوان و مــن و شێت)ەکەی ئەوت نەخوێندبێتەوە؟ .!!!

لەبــارەی وەرگێرەکــانیش، ئەوانەی نووســین و کتێبــان وەردەگێڕن سەیرم پێدێت، تۆ یەک کتێب یان یەک وتاری ئەم بیرمەندەت خوێندۆتەوە، دێیت تەرجەمەی دەکەیت؟!!. ئاخر برا مەعــریفەی تــۆ بەو، تەنهــا مەعریفەیەکــی تێکســتییە، نەک تێگەیشــتن لە هــزر و ئەندێشــەی ئەو فەیلەســوف و بیرمەنــدە, بۆیە بەناوی تەرجەمەوە دەبینین غەدرێکی زۆر لەو نووسەرە گەورانەی دنیاکراوە. شێرزاد حەسەن دەڵێت تا بەشێک لە ئەفکاری هزرمەندانی دنیام بە زمانی خۆیان نەخوێندەوە لێیان تێنەگەیشــتم، لەکاتێکــدا بە بەعەرەبــی و کــوردی زۆرانیــانم خوێنــدبۆوە؟!!. ئەمە بــۆ وەرگێــڕان ئەی ئەگەر بتەوێــت لە نووسەرەکە بگەیت، دەبێ چەند بە ویژدان بیت لە بڕیاردان لەســەری. مــاوەیەک لە نــاو خــوێنەوارانی کــورد بــاوبوو، بەئارەزووی خۆی راست و چەوتی بەسەر ئەوو ئەمدا دەدا، بێ ئەوەی یەک کتێبی ئەوی بەباشی خوێندبێتەوە؟!!. هاشم

سـالّح بە نزیکتـرین کەسـی بیرمەنـدی فەرەنسـایی، (مـحەمەد ئـــارگۆن) کە بەڕەگەز عەرەبە، دادەنـــدرێت. هاشـــم ســـالّح بڕوانـــامەی بکـــالۆریۆس و ماســـتێر و دکتۆراکەشـــی هەر لەبەردەستی ئارگۆن تەواوکرد و خۆشی زمان زانێکی عەرەبی باش و فەرەنسی زانێکی بلیمەتیش بوو، ئینجا جورئەتی ئەوەی کـرد ئـارگۆن تەرجەمە بکـات. مـحەمەد ئـارگۆن بەیەکێـک لە لێکۆلەر و رەخنەگرەکانی دنیای ئیسلام ئەژماردەکریّ و زۆر بەوردی خوێنـدنەوەی بـۆ قورئـــان و تـــوراس و مێـــژووی تەدەیون کردووە. پێوێرانی هاشـم سالّح بەفکری ئارگۆن لەوە سەرچاوەی گرتووە، کە باش ناسیویەتی و لێی تێیگەیشتووە. دیـارە مەبەسـتم، ناسـینی کەسـایەتی و کەسـی نیـیە، بەڵکـو دەمەوێت بلّـێم کە ئەو بـاش هـزری ئـارگۆنی وەرگـرت بـۆوە. فەرهـاد دەبـیّ هەمـووی بخوێنـدرێتەوە، رۆمـان و چیـرۆک و شـــیعر و هـــونەر و گـــۆرانی و شەتەحاتەکانیشـــی؟!!!. ئەگەر وانەکەیـت، ئیـدی هەقـی خـۆتە بەو بلّێـت شـێت، نەخـۆش، سەرخۆش، هتد..... ئەمە تۆی وێنەیەکی جیاواز لەخۆی دەدەیتە فەرهاد، ئەمە تێگەیشتنە بیّ مەعریفیەکانی تۆیە، تۆی بردۆتە ئاقارێکی دیکە.

دیـــقەت بـــدە رۆمـــانی (پیـــاوێکی شەپقەڕەشـــی پاڵتۆڕەشـــی پێڵاوشین) جاریّ هەر ناونیشـانەکەی وەک و هـیچ ناونیشـانێک نیـــیە، پاشـــان بیخـــوێنەوە، دیـــقەت بـــدە زمـــانەکەی ئەو

میتۆلۆژیـایەی باسـی دەکـات، تەنـانەت لە شـوێن و کـات و ناوەکـانیش گەمەیەکـی زۆر جیـاواز دەکـات. لە کـۆ چیرۆکـی (پەتاتەخۆرەکـــان) فەرهـــاد ئەو فەرهـــادەنییە کە پێشـــتر خوێنـــدۆتەوە، ئەو گەلەک عەنتیکەتـــر دەردەکەوێـــت، ئەو چیرۆکەی کەباس لەو کەسە پەناهەندە دەکات، کە مۆزەکەی خـواردووە و پەلـکەکەی فڕێـداوەتە سـەر ئەرز، لەو چیـرۆکە فەرهاد، ئەخلاق و نەفسییەتی باب و ئەژدادی رۆژهەلاتیەکانی خسـتۆتە ژێـر پرسـیار؟!!. عەنتـیکەیە بـی ئەوەی شـانۆنامەی (حەشیشەکێشـەکان) یان (نووسـەرێکی گێل)ت نەخوێندبێتەوە، بێیت بەرد بگریتە مەعریفەی فەرهاد. (گەنجە کوردە یاخیەکانی سـەردەمی ئیتحـادی تەرەقـی)، کە لێکـۆڵینەوەیەکی فەرهـادە لەبـارەی ئەو خوێنـدکارانەی، کە لەسـەردەمی هـاتنی کەمـال ئەتـاتورک و دروسـتبوونی ئیتحـادی تەرەقـی لە ئەورووپـا گەورەتـرین ئـاژاوەی سـەقافی و مەعریفـی و هونەرییـان دروسـتکردووە. ئیـدی نـازانم باسـی چیـدی بـکەم، (مـولازم تەحسـین و شـتی تـریش)، یـان (حەوت وێـنەی روتـی ژنـی جەنـابی مەزیـر) یـان باسـی ( سـانتیاگۆ دیکۆمپۆسـتیلا) یـان ( منداڵباز) و ( هوتێل ئەورووپا)تان بۆ بکەم.

# نۆ

کاتێک هیوا قادر پەرتووکی سەرفەرنامەی بڵاوکردەوە، من هەمان ئەو قسانەی ئێستام لەبارەی کتێبەکەوە نووسی، پێموابوو گرینگە نووسەر کاتێک دەنووسێت لەدەرەوەی گشت ئایدیا و ئایدۆلۆژیەکان بنووسێت، روانگەی نووسەر، بەتایبەتی ئەدیب بۆ شتەکان جیاوازە، بۆیە خوێنەر هەمیشە چێژ لەو داستان و ڕۆمان و چیرۆک و شیعرانە وەردەگرێت کە فراوانتر لە ئایدۆلۆژیا نووسراون، عەبدولکەریم سروش، لە کتێبەکانیدا، بەتایبەت لە پەرتووکی (فراوانتر لە ئایدۆلۆژیا) زۆر بەجوانی دێتە سەرباسی مرۆڤی دەرەوەی ئایدۆلۆژیاکان و ناوەوەی ئایدیاکان، ئەو پێیوایە، ئایدۆلۆژیا بەهای ئینسانی بوونمانی کوشتووە.

عەلی شەریعەتیش لە کتێبی (دایە و باوە کێ خراوە) وێنەی شەڕی دین و مەزهەب و ئایدۆلۆژیایەکمان بۆ دەکێشێت، کە

جگە لە ناوبردنی بەها جوانەکانی مرۆڤ بوون و ژیانمان چیدیکەی بەرهەم نەهێناوە، بۆیە دەیەوێت پێمان بڵێت ئێوە هەمیشە قووربانین لەنێو ئەو جەنگە بێ رەحمەدا، جەنگی ئایدۆلۆژیەکان.

بەس تۆ وەک خۆت، وەک هیوا و کارەکتەرێکی راستەقینەی ئەم کۆمەڵگەیە هەمیشە وێنەکانت کێشاوە، سکێ چەکانت هەمان ئەو تایتڵانەن، کە ژیانی ناو کلتور و کۆمەڵگەکەت بۆت بەرهەمی هێناون، ئەوکاتیش کە خوێندنەوەم بۆ سەفەرنامەکەت کردوو، لە گۆڤاری رەهەند بڵاوکرایەوە لەوەگەیشتم، کە نووسینەوەی خودو و وردکردنەوەی ژیان و کۆی بەسەرهاتی زات و کۆمەڵگە و رووداوەکان و بەسەرهاتەکانی خەلکەکەی، پێویستی بەقەڵەم و شعورێکی تایبەتە، کە خۆی بپارێزێت لەهەر فشارێکی ئایدۆلۆژیانە، بۆیە دەمەوێت بڵێم سەفەرنامەکەی هیوا قادر تابلۆیەکە دنیایەک رەنگی جیاجیای نێو بەسەر هات و رووداوە تراژیدی و دۆزەخیەکانی کۆمەڵگەی کوردی و عێراقی باسکردووە.

لە ڕۆمانی منداڵانی گەڕەک و شیعر و نووسینەکانیدا یان لە بەشێک لە کارە وەرگێڕەکانیدا، جۆرێک لە ئیحای هیوامانی تێدایە، کە خوێنەر دەباتە جۆرێکی دیکە لە بینین.

## ٥٢

(کە رۆمانی لە ئۆکتۆبەردا کوژرام خوێندەوە، ئینجا تێگەیشتم ئەم رۆمانە بۆ خۆێندنەوە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە شتەکان بەر لە خوێندنەوەیان بیانبینی، کە گەیشتمە کۆتایی کتێبەکەش ٧ پەڕ جێهێڵدرابوو، وەکوو ئەوەی بۆ خوێنەر جێهێڵدرابێت شتی تیابنووسێت، منیش ئەوانەم تیانووسی، کە چاوم پێیان کەوتووە).

نیهاد جامی زمانی بردۆتەوە بۆ گۆشەیەکی دیکەی ئەدەب، ئەو تەنها تێکستێکی نەنووسیوە بۆ خوێندنەوە، جامی ئەدەبێکی دیکەی خوڵقاندووە، ئەدەبی روانین و موشاهەدە. ئەو لەو ئەدەبەدا موخاتەبەی بینین و بیستنمان دەکات، نەک خوێندنەوە؟ .!!

بینین لە نێو زماندا، جۆرێکی دیکەیە. مەکسیم گۆرگی رۆمانی دایکی بۆ ئەوە نەنووسی تا بیخوێنینەوە، ئەو دەیویست سەیربکەین پێش خوێندنەوە. یەشار کەمال لە حەمەدۆک دا

روانینمـان پـێ ئاشـنا دەکـات، بەر لە خوێنـدنەوە. مـارکیز لە سەدساڵ تەنیـایی نایەوێت تەنهـا بخـوێنینەوە، ئەو سـەرقاڵمان دەکات بە بینینی شتەکان.

جامی لە ئەدەبە تازەکەیدا، کلارای بۆ خوێندنەوە هێشـتۆتەوە، دەبـێ تێـبگەین ئەوەی دەبـێ بخوێنـدرێتەوە کـلارایە، نەک لە ئۆکتۆبەردا کوژرام، نەک ئەو ناو و رووداوانەی باسیکردوون.

جامی شانۆیەکی درێژ درێژمان بۆ نمایش دەکات، بینەرەکانی لە دەرەوەی خوێندنەوەی ئەم رۆمانەدان.

# یانزه

قەت شیعر بۆ ئەوە ناخوێنمەوە تێیبگەم، ئاخر شیعر، کەی بۆ تێگەیشتنە. شیعر بەزاندنی ئاگاییە لە نێو زماندا، شیعر تەنانەت بۆ قسە لەسەرکردنیش نییە، عەنتیکەم بەوانە دێت دراسە و لێکۆڵینەوە لەسەر تێکستی شیعری دەنووسن، نازانم ئەوانە شیعر بە چی تێگەیشتینە، خۆ شیعر گۆرانی نییە بیڵێینەوە، دارشتنە دەرخی کەین؟!!. پەخشانە سۆزی پێببەخشین؟!!!. شیعر دەبێ بخوێندرێتەوە، جۆرێکە لە چێژ، وەک سێکس وایە، تا دەگەیت بە ئۆرگازم، ئایە ئەم چێژەی تۆ لەم رەحەتبوونە بەگێڕانەوەی بۆ کەسێکی دیکە هەمان چێژی تۆ دەبینێت، شیعریش نابێت بۆ کەسی دیکەی شەرح بکەین، شیعر بە لەسەرنووسین و لێکۆڵینەوە دەمرێت، زیندوویەتی شیعر لای خوێنەرەکەیەتی، رۆحێکی سەیری هەیە شیعر بەدەست لێدان دەمرێت، وەک ئەو باڵندانانە وایە بە ماڵیکردن گیان لەدەست دەدەن، شیعر ماڵی ناکرێت. لەوەتەی هەم، ئازاد سوبحی

دەخوێنمـەوە، سـوبحی وەک ڕۆحێکـە لـە نێـو شـیعر، ئـەو بـۆ شیعر خولْقابوو، شیعر مەستی خۆی کردبوو، زمـانی شـیعری لێ دەتکا.

## درەختێک لە بەرد

بێزار بووم هێندە ژیام
ئەمەوێ یاری بەم قوڕە بکەم
چی لەم قوڕە بکەم
کە ناومی لەسەر نووسراوە
ئەمەوێ ناوی خۆم ورد و خاش بکەم
ئەمەوێ ئیدی کوێراییم دابێ
هیچ نەبینم
من لە شوێنێکم
ئاهەنگ بۆ دەنگە پووچەکان دەگێڕێ
لە یەکەم خەلْوەتەوە
ئەوانە
لە خۆباییانە باس لە بێدەنگییەکی قەرەبالْغ دەکەن
من ئەو قسە و باسە
فەرامۆش ئەکەم

ئەگەڕێمەوە بۆ شتێکی دێرین
دێرین وەک دڵ
دێرین وەک سەرەتا
سەرەتا، مانای ئازادیی خودایە لە ئێمەدا
ناگەڕێمەوە بۆ نیشتیمان
تازە من ڕۆیشتم
تازە من لەناوچووم
نیشتیمان ناوێکی لەخۆباییە
بۆ مانایەکی قەڵەو
لە فەرهەنگی ئەوانەدایە باسی سەروەری دەکەن
من بیر لە درەختێک دەکەمەوە
لە منداڵیەوە لەگەڵی دەژیم
ئەوان نازانن تەنانەت نیشتیمانیش وێران بکەن
هەموو شتێک دەکەن بە دیوار
من دیوارێکی روون بۆ خۆم ئەدۆزمەوە
روونتر لە نیشتیمانێ
متمانەی بە ئاسمانەکانی خۆی نەماوە
سەرزەمینەکەی بووە بە مێژووی مردووەکان
زمانێک ئەدۆزمەوە سەر بە هیچ سروودێ نەبێ
خەون دەبینم ئێرە جێدەهێڵم
دەچمە سەر زەمینێکی تر
دەچمە نێو دڵی زەمین

تاکو ببمە وەحشی
وەحشییەکی غەمبار.. وەحشییەکی دەگمەن
بێزار بووم هێندە ژیام
ئەمەوێ یاری بەم گەڵا کۆنانە بکەم
ئەمانە هاوڕێ دێرینەکانمن
پێکەوە ژیاوین پێکەوە مردووین
هیندە دێرینن خەریکە ببن بە سێبەر
هەموو ساڵێ ئاهەنگی لەدایکبوونم بۆ ساز ئەکەن
ئەم دارستانە هەموویان هاوڕێمن
لەوەتەی دنیا دنیایە ئێمە هاودەمین
من جاران نەمامێکی گرینۆک بووم
دواتر بووم بە درەختێکی شەرمن
ئێستا گەورە بووم منداڵێکی هەشت نۆ ساڵانم
سەر و ریشم سپی سپی بووە
دارستان کە هەست بە مەترسی دەکات ئەلەرزێ
کە ئەوان دەگرین من لە حەسرەتا
دڵم سەوز سەوز ئەبێ
کە من دەگریم ئەوان لە خەفەتا دەگەشێنەوە
بارانێ دەبارێ وردە گەڵاکان هەڵدەفڕێنێ
بۆ نێو دەفتەرێک کە بیرم چوو یادگارییەکانمی
تێدا بنووسم..
دەفتەرێکی بەتاڵی لە رابردوودا بەجێماو

بارانێ کەس نازانێ لە کام ئاسمانەوە باریوە
بارانێ تامی وەک فرمێسک وایە
دارستان نەبوو
شانۆیەک بوو بۆ ئاهەنگی رەنگ
چۆلەکەیەک باڵی لێ روا و هەڵفڕی
درەختەکان دەستیان کرد بە گۆرانیوتن
گەڵایەکی بچووک سەوز بوو
لقەکان سروودی گوڵەباخیان بۆ وت
بۆقێک بازی بەسەر کانییەکەدا هەڵدا
هەر لە هەوادا
بوو بە گوڵ و کەوتە نێو ئاوەکە
هەموو لە خوا پاڕانەوە
بە ئاوی پیرۆز ژیانیان پاک بکاتەوە
ئەو دارستانە لەسەر زەوی نەبوو
شوێنێ بوو بێ باکوور و بێ باشوور
بۆشاییەکی سەوزی بێ رۆژهەڵات و بێ رۆژئاوا
تەنیا ئاسمانێکی فراوان و دنیایەک باڵندەی سەیر سەیر
ئەگەر بمویستایە روخساری خۆم ببینم
سەیری گوڵێ یان درەختێ یان چۆلەکەیەکم دەکرد
ئێمە ئاوا خۆمان دەبینی
دارستان ئاوێنەی لێ نیە تەنیا درەختی لێیە
"سەیری ئاوێنە بکەی خۆت نابینیت"

ئاسنگەر و ئەندازیارەکان
چەند سەدەیەک لە پێش ئێمەوە بوون
گەردی دڵیان بەردەکانی رەش رەش کردبوو
وتیان ئێمە لە ئاییندەوە هاتووین
ئەم جیهانە کۆنە ئێمە تازەی دەکەینەوە
ئەم جیهانە کۆنە لە لاپەڕەی زەردی
کتێبە کۆنەکاندا مردووە
ئێمە ئەو کتێبە کۆنە ئەکەین بە شاری بەهەشت
ئاسنگەرەکان وتیان بە ئاگر ئاسن ئەکەین بە ئاو
ئێمە خاوەنی ئاگرین
ئەندازیاران خەریتەی گەورە گەورەیان راخستبوو
نوێژیان لەسەر دەکرد
وتیان ئێمە خەڵکی ئاییندەین خەیاڵێکی زۆرمان هێناوە
پێویستمان بە بەرد و ئاگرە
پرۆژەکەمان پێویستی بە بەرد و ئاگری پیرۆزە
لە گیرفانە نهێنییەکانی شەودا
لە لۆچە دڕاوەکانی رۆژگاردا
نەخشەیەکی رەشم دەرهێنا.. خەریتەیەک بوو
لە نیوەشەودا رەسم کرابوو
لەولای خەریتەکەوە بە چەند سەعاتێک
نزیک لە خەون.. نزیک لە ژیان
مندالآن یاریان دەکرد و بە قەڵەمی پاستیل

خەریتەکەیان بە وێنەی خۆیان ڕەنگاوڕەنگ دەکرد
پێدەکەنین و ئەیانوت چەند خۆشە زوو گەورە بین و
وەک پیاوە گەورەکان دەستکاریی خەریتەی دنیا بکەین
گوڵی پەژموردە هەر سەیری ئاسمانی ئەکرد
وەک ئەوەی بڵێ هەموو شتەکانی سەر زەوی پووچن
شەوێکیان
وتی با بچین بۆ ئاسمان
وتم ئاخر ئێمە باڵمان نییە گوڵە گیان
وتی ئاسمان خۆشە کەسی لێ نییە
هەر خوای لێیە.. خوا گوڵی خۆشدەوێ
رۆیشتم لەگەڵ باراندا خۆم رووت و قووت کردەوە
لەناو چیمەنە تەڕ و ئاودارەکەدا تلم ئەدا
چۆلەکەکان لەسەر پشتم خۆیان دەشت
ئەوان بەدەورمدا باڵە فڕێیان بوو خۆیان تەڕ دەکرد
قسەی گوڵەکەم لە خەیاڵ بوو.. خوا گوڵی خۆشدەوێ
گومانم هەیە لەوەی چەند مردوو
لە نێوان ئازادی و شێتیدا کەوتوون
کام مەلەوان ئەتوانێ ئەو دوو ئاوە جیا بکاتەوە
ئەبێ مەلەوانێکی وەحشیی رووت و قووت بێت
بۆ ئەوەی ئازاد بیت
ئەبێ جلەکانت داکەنیت
رووت و قووت وەک وەحشی نێو دارستان

ئەبێ زمانت رزگار بکەی لە درۆ کەڵەکەبووەکانی مێژوو
ئەبێ هەموو درۆکانت داکەنی
ئاماژە و دەنگی سەیر و غەریب دەربڕیت
ئەبێ ببیت بە باران بۆ ئەوەی ئازاد بیت
ئەگەر نا دەریا یەک قەترەت قبوڵ ناکات
من بۆ ئازادی لەمسەری دەریاوە مەلەم کرد
گەیشتمە ئەوسەری دەریا
ئێستا وەک شێتم لێهاتووە.. هەندێ جار
گوڵی پەژمورردە بە خەیاڵ لە دەریا دەرمدەهێنێ
دەمباتەوە بۆ ئاسمان
ئەڵێ خوا گوڵی خۆشدەوێ
ئەڵێم پەژمورردە گیان لەم شێتییەدا تەنیام مەکە
ئەڵێ من ئەڕۆم بۆ ئاسمان
خوا حەزی لە گوڵی پەژمورردەیە
ئازادی ئازادی.. شێتترین وشە
وشەیەک لە بۆشاییەوە دێت و هاوار ئەکات
لە مۆزەخانەکان وەک کەرەستەیەکی بەهادار
پیشانی گەمژەکانی دەدەن
لە ژیاندا هەمیشە کوژراوە ئازادی
ئازادی گۆڕی نییە.. نابێتە شەهید
خۆی کوژراوە کەچی مردووی تر دەبنە شەهیدی ئەو
هەموو تارماییەکان لە دەوری کۆ ئەبنەوە

بۆ موبارەککردنی مەرگ
هەموو سێبەرەکان لە دەوری زیکر ئەکەن
بۆ قایمکردنی ئازایەتییەکانیان لە بۆشاییەک
کە ناوی ئازادییە
پیاوە دڵڕەقەکان رەسم لەگەڵ ئازادیدا دەگرن
پیشانی ژنە داماوەکانیان ئەدەن
یاخیبوون و دانیشتن لە کەناری ئازادی مەحاڵە
یاخی غەمبارانە سەیری دەریا ئەکات
وەک منداڵ شتوومەکەکانی نێو ماڵ تێک دەدات
یاخی خەونی ئەوەیە ژیان فێری ئازادی بکات
بەڵام دوای شکست خەونی ترسناکی ئەبێ
لە سەحرایەک بە تەنیا بیر لەوە ئەکاتەوە
یان خۆی بکوژێ یان خەڵک
یاخی هەورێکە نە بارانی هەیە نە کۆچ ئەکا
پەپوولەی لاڵ لە دوورەوە دەرکەوت
بە باڵەکانی قسەی ئەکرد
باڵەکانی شەوقێکی کزیان دەپرژاند
گوڵی پەژموردەی خەیاڵاوی ئەیوت
هەرکاتێ باڵەکانی پەپوولەی لاڵ
بریسکەیان بێت تووشی نەهامەتییەک ئەبین
پەپوولەی لاڵ بە باڵەکانی چەند وشەیەکی گوت
چەند جارێک بریسکەی کرد و دیار نەما

کتوپڕ گەردەلوولێکی لمی سووری گەرم هەڵیکرد
ماوەیەک دنیا تاریک بوو
وامزانی لە جەهەنەمین هێندە گەرم بوو
کە رووناکی کردەوە درەختەکان بوون بە بەرد
من بووم بە درەختێکی پیر
درەختێ لە بەرد
زۆر خەمی دڵم بوو.. دڵ لە سینگی درەختێکی بەردینی پیر
چی بەسەر دێت چی ئەکات؟
گریام.. گەڵا بەردینەکانم لە خەفەتا
وردە وردە هەڵدەوەرین
چاوم کردەوە بینیم لەسەر چیمەنێکی سەوز
دڵێک بە گۆشت و خوێنێکی تازەوە
گەرم گەرم لێدەدا.. دڵم نەبووبوو بە بەرد
هاوارم کرد گوڵی پەژموردە بمبە لەگەڵ خۆت
من دڵم نەبوو بە بەرد

# دوانزە

لە سەدەی نۆزدە، چەمکی کۆمەڵگەی کراوە و داخراو، وەک بابەتێکی فکری و فەلسەفی لە نێوان بیرمەندانی رۆژئاوایی سەری هەڵدا، رەوادی ئەم تێزانە گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی، کە دوو جۆر سیستەم هەیە، یان دوو جۆر کلتور و نەریت لە نێو کۆمەڵگەکاندا هەیە، (کراوە و داخراو). مەتنی ئەم تێگەیشتنەشیان هاوکاتبوو لەگەڵ دەنگە دەنگی نێوان پیاوانی کلێسا و رۆشنفیکران، نیچەی فەیلەسوف بە هەژێنەری ئەم دۆخە ئەژماردەکرێت، پایە فەلسەفیەکانی ئەو ببوە وێستگەیەک بۆ جیاکردنەوەی جیاوازیەکان، نیچە، بەردەوام پێداگری لەسەر کەینونەی مێژوو دەکرد، پێیوایە هیچ شتێک بەها وەرناگرێت تا نەچێتە دۆخی نا مێژوویەوە، بەمە نیچە دەیەوێت قسەلەسەر رووداوەکان بکات، لای ئەو ئەوەی مێژوو لە نێو رووداودا بەدەستی دەهێنێت ئەزموون نییە، بەلکو کۆی حاڵەتە پێشمەرجەکانە، کە دۆزی رووداوکە دەیان خولقێنێت نەک مێژوو. ئەقڵمەندانی وەک هیگڵ و هایدگەر، تەنانەت

مارکسیش، بیرمەندێکی وەک مارکس لە کتێبە دانسقەکەیدا (سەرمایە)، قسەلەسەر گیرفان دەکات، وەک جیاوازی چینایەتی، کە ئەو ئەمە بە بکوژی مرۆڤایەتی ناوزەندی دەکات.

کۆی ئەم بیرمەندانە تێزەکانیان بەدەوری ئەو دوو چەمکە دەخولانەوە. پێچەوانەی ئەم روانینە بۆ کۆمەڵگە لە سەدەی بیست و بیست و یەک بیرمەندە فەرەنسایی و ئەمریکایەکان بوون، کە زاراوەیەکی دیکەیان وەک چەمک هێنا ناو مەنزومەی فکری رۆژئاوایی، لەگەڵ خۆی دنیایەک ئیشکالیەتی مەعریفی و فەلسەفی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەمەش زاراوەی یان باشتربڵێین تێزی (کۆمەڵگەی کۆنترۆڵکراو) بوو. ئەم چەمکەش پەیوەندی بە گەشەی ئابوری ولاتان و سیستەمی بانک و بازاڕی ئازاد و تەنکنەلۆجیاوە هەیە، جیهانگەرایی (عەولەمە) و غەزووی تۆڕە کۆمەلایەتیەکان لە بەرامبەر تاک و گەلاندا، روانگەی زۆرێک لە بیرمەندانی گۆڕی، کە ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت پێی دەگوترێت کومەڵگەی کۆنترۆڵکراو. فۆکۆ وەک بیرمەندێکی فەرەنسایی ئەم وابەستەییەی تاک بە کایەکانی دەوڵەت، دەبەستێتەوە بە کۆی دەسەلاتەکان، ئەو پێیوایە ماهیەتی دەسەلات خودی دەسەلات نییە وەک کارەکتەر، بەڵکو فاکتە دیسپلین کراوەکان هۆکاری ئەم دۆخەن، کە وردە دەسەلات لەنێو هەناوی جومکەکانی دەوڵەت دروست دەکات و دوجار خۆی لەنێو کۆمەڵگە وێنادەکاتەوە.

لای فۆکــــۆ ســــەدەی نــــۆردە بەرهەم هێــــنەری کــــۆمەڵگە دیسپلینەکانە، بەڵام هەمان کۆمەڵگە لە سەدەی بیست دەگەنە ئەوپەڕی لوتکەی خۆیان، کە بە ئۆرگالیزەکردنی تاکە لە نێو سیســـتەم و هەنــاوی دەســـەڵات و پاشــان لەنێــو جەوهەری سیاسەت، بەتایبەت لە فەزای گشتیدا دەردەکەون. نابێ رۆمانی دادگای کافکا لەبەرچاونەگرین بۆ دەرخستنی ئەو دوو دنیایە، کۆمەڵگەی کراوە و داخراو، کە کافکا لەم رۆمانەیدا مامەڵە لەگەڵ دوو جۆر فۆرم لە گوتار دەکات لە نێو کۆمەڵگەدا، ئەو یاسا بە جەدەلی نێوان ئەم دوو دنیایە دەزانێت لەکاتێکدا تەنها یاســا بەس نــیە بــۆ دەربــازکردنی مرۆڤــایەتی لەم مەنــزومە کۆنترۆڵکراوەدا. هەمیشە بیرمەندە تازەکانی رۆژئاوا، نمونەی گرێبەست و قەرز و تبسی کار و سیستەمی بانکەکانیان وەک فاکتەرێــک بــۆ کۆنتــۆڵکردنی تــاک پێناســەکردووە، ئەوان بەردەوام ترسی خۆیان لەم رەفتاری سیستەمی ئابوری دنیای رۆژئاوایی، کە دابەش بووە بەسەر پارتە لیبراڵ و سۆشیال دیمــوکرات و چەپ و مەســیحیەکان، نەشــاردۆتەوە، ئەمــانە تاکیــان وەک کەرەســـتەیەکی پیشەســـازی و بەرهەم هــێن وێناکردووە، ئەوەندە پێداگری لەسەر کار کار دەکەن، وەک سۆســیۆلۆژە ناســەکان ئامــاژەی پێــدەدەن ئینســان لەم جیهانە بە کۆنترۆڵکراوەدا هێچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ برغووی سەیارەکەیدا؟!!. ئەم روانینە بۆ تاک، بۆ کۆمەڵگە بۆ ئینسان ئێرادە دەکوژێت، مەبەستم ئیرادەی وجودە وەک مرۆڤ.

# سیانزە

جــۆرج تەرابیشـــی، ١٩٣٩-٢٠١٦ بە یەکێــک لە لێکــۆلەر و رونــاکبیرە جــدیەکانی دنیــای فکــر و فەلســەفە دادەنــدرێت لەجیهانی عەرەبی و ئیسـلامیدا. زۆرێک کتێب و وتاری هەیە لەسەر تێگەیشتن لە فەلسەفە و هزری هاوچەرخ، جگە لەوەش توانیــوویەتی ورد قســە لەســەر بونیــادی ئەقڵــی عەرەبــی و ئیسلامی بکات. ئیشکردنی ترابیشی ئیشکردنێکی بەراوردکاری و ڕەخنەییانەبووە، بە حوکمی ئەوەی عەرەبیەکی باشی زانیوە و ماجستێرەکەشـی هەر لەسـەر زمـانی عەرەبـی بـووە، جـگە لەوەش بە ئینگلیزی و فەرەنسیش قسەی کردووە. ترابیشـی لە کتێبـی ئەقڵـی سـەربەخۆ لە ئیسـلامدا، دێـت ئامـاژە بە ئەقڵـی بیـرکەرە و بیـرنەکەرەوە دەکـات، لەوێشــەوە موناقەشــەیەکی فەلسەفیانەی لەسەر دۆخی ئەقڵگەرایی دەکات، لەگەڵ ژینگەی فـــارابی و ئیـــبن روشـــــد و ڕەوادی ئیعتیزالیەکـــان. ئەو ویســتوویەتی شــتێک لەم ژیــنگەیە بــدۆزێتەوە، کە هەم وەک ئیشــکردنی لێــیەوە زەحــمەتە، هەمــیش دۆزیــنەوەی بونیــادە

بیـرکەرەوەکەش ئەسـتەمە دەستنیشـانبکرێت. تەرابیشـی لەم جەدەلەدا بەدوای ئەقڵـی سروشـتی(پەتـی) عەرەبیـدا دەگەڕێت، لەمەشـیان سـوودی لە میتۆدی کانـت بۆ گەڕان بەدوای ئەقڵـی سروشـتی وەرگرتـووە. کانـت جیـاوازتر لە هیگل و تەنـانەت لە ڕابەرانـی سـەردەمی ڕێنسانسـیش لەبـارەی سروشـتی ئەقڵەوە بیریکـردۆتەوە، هەر ئەمەشـە وایکـردووە کانـت جیـاوازتر لای تەرابیشـی دەربکەوێـت، بـۆیە گەڕان بـۆ دۆزیـنەوەی، یـان گەیشـتن بە بـنەچەی ئەقڵـی سروشـتی، کانـت یـارمەتی دەری تەرابیشی بووە، تـا لێیەوە لە سـەرەتاکانی ئەقڵی بیـرکەرەوەی سروشتی عەرەبی بگات و لەنـاو دنیـایی ئیسـلامیدا چاوگەکانی بدۆزێتەوە. بەمەش تەرابیشی باشتر نزیک دەبێتەوە لە توخمە فەلسەفیەکان لە ژینگەی ئیسلامیی و مەسیحیدا .

تەرابیشـی لە پەرتـووکی ئاماژەکـانی فەلسـەفە لە نێـوان مەسیحیەت و ئیسلامدا، هەم پارادۆکس (تناقض) هەم جیاکاری بۆچونیـان یـان دنیابینییـان لەبـارەی فەلسـەفەوە دەخـاتە ڕوو، لای تەرابیشی، ئیسلام بەهۆی ئەم قەتیعە گەورەییەی کە دوای فەرموودەوە لەگەڵ قورئانی وەحی ئەنجامیدا، دۆخـی گۆڕا. بۆ مەسیحیەتیش هەمان تێڕوانینی هەیە، تەرابیشی .

لای ئەو فەلسـەفە لەنێـو ژیـنگەی ئایینیـدا دەخنکێـت، نەک گەشـەبکات، بۆیە ئەو ئـایین بەخنکێنەری فەلسـەفە وێنادەکـات. هەر بەو شـێوەیە فەلسـەفە بەدوور دەگرێـت لە دنیـای

ئایدۆلۆجیادا، لە کتێبی مارکسیەت و ئایدۆلۆژیا بە وردی دێتە سەر ئەم باسە. بێگومان ئەم نووسینەم بۆ خاتری زنجیرە کتێبێکی جۆرج تەرابیشی یە، کە لە دەرئەنجامی گفتوگۆیەکی فکری و کلتوریانە لەگەڵ ئەقڵی جابری کردوویەتی، بەتایبەتی لە کۆتا بەشی زنجیرە کتێبەکانی، کتێبێکی بە ناوی ( لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرموودە) کە دەزگای ئایدیا چاپیکردووە و لەم سەفەرمدا بۆ شاری سلێمانی کاک ئەنوەر حۆسێن بەرپرسی دەزگا پێشکەشیکردم. تەرابیشی لەم کتێبە تەنها نووسەر و لێکۆلەر و روناکبیر نییە، بەڵکو وەک مێژوو ناس و زمان ناس و ئاییناسێک دەردەکەوێت، ئەو مێژوو بە لێکدانەوە و شرۆڤەکانی دەهاڕێ، توراسی ئیسلام نا بەستێتەوە بە قورئان، ئەو قورئان دەبەستێتەوە بە کلتور، بە توراسی عەرەبیەوە. لە پێغەمبەری ئوممیەوە دەست پێدەکات و لێکدانەوەیەکی جوان بۆ زاراوەی ئوممی دەکات، ئەو پێیوایە محەمەد، ئوممی، نەخوێندەوار نەبووە وەک خەڵکی پێیانوایە، ئەو دێتە سەر زاراوەکە و بەراوردکاریەکی وردی زمانەوانی لەگەڵ زاراوەی ئوممی دەکات بەپاڵپشتی قورئان و کاری بەراوردکاری لەگەڵ سیاق و مانا و دەلالەتەکانی قورئان دەکات، ئەو پێیوایە ئۆممی واتە بێ پەیام نەک نەخوێندەوار، چونکە لە زۆر شوێنی قورئان ئۆممی بۆ گشتیش بەکار هاتووە، بەلای تەرابیشی ئەم گشتاندنە بۆ مەبەستی نەحوێندواری نەبووە، بەڵکو تەنها بۆ ئەوەیە، کە ئێوەی

عەرەب پەیامتـان نەبـووە، واتە پەیـام هێنەرتـان نەبـووە، بـۆیە ئـێمە محەمەدمـان وەک پەیـام هێـنەر بـۆ نـاردوون. لەبەشـێکی دیــکەدا، نووســـەر شـــتێک دەردەخـــات لەبـــارەی ئیســـلامی حەدیســـــەوە، ئیســـــلامی فەرمـــــوودە لای تەرابیشـــــی دوای کپکـــــردنەوەی دەنگـــــی ڕەوادی موعتەزیلەکـــــان زیـــــاتر گەشـەیانکردووە، بە کزبـوونەوەی دەنگی ئەوان ، کە لایەنگری قورئان بووینە بۆ جێبەجکردنی ئایین و تێگەیشتن لـە پەیامی خـودا، بەڵام بەهـۆی ئیشـکردن لەنـاو فەرمـوودەدا و کردنــی بەســـەرچاوەیەکی ســـەرەکی بـــۆ ئاییــنداری، ئیــدی قورئـــان دوورخـرایەوە لە تەنها سـەرچاوە بۆ تەشـریع. تەرابیشـی ئەم عەمەلـیەیەش نـاو دەنـێ لە ئیسـلامی پەیـامەوە بـۆ ئیسـلامی فتوحـــات، چـــونکە ئەو پێیـــوایە لایەنگرانـــی فەرمـــوودە زیـــاتر لەوانەبوون، کە کۆیلە یان ئەنسار، یان غەیرە عەرەب بووینە و بە هۆی فتوحاتەوە هاتوونەتە ناو ئیسلام.

# چواردە

زمان میراتێکی پڕ لە گەوهەری مەعریفەیە، چەشنی دەریا تا بچیتە قوڵایی زیاتر جەمالیەتی دەریات بۆ دەردکەوێت. زمان ئەگەر پەلکێشی دنیایەکی تازەت نەکات، خەیاڵ نەوروژێنێت، هەستەکانت خاڵی نەکاتەوە لە تێڕوانینیی سەردیانەی ژیان، ناتوانی ببیت بەشاعیر. شاعیر خاڵقی زمانە لە نێو مانادا، زمان لای شاعیر کەرەستە نییە بۆ مانا، بەڵکو خەڵقەتێکە لە نێو مانادا. سوهراپ، شیعر وێنادەکات بۆ بینینێکی تازە، ئەو پێمان دەڵێت دەبێ چاوەکانمان بشۆین، تا جوانتر ژیان ببینین، زمان لای سوهراپی سەپهری نە جەدەلە و نە گوتار، بەڵکو ئیحایەکە بۆ خەڵقاندنی جۆرێکی دیکەی بینین، بەس لەنێو زمانی ماناکاندا.

سەباح ڕەنجدەر بۆ مانا نانووسێت، ئەو زمان نابەستێتەوە بە چەمکەوە، ئەو زمان دەباتەوە نێو دۆخە سروشتیەکەی خۆی، کە دەربڕینە، ئەو لە دەربڕین زمان تێک دەشکێنێت، نەک لە مانادا. لای ڕەنجدەر زمان بۆ مانا نەخوڵقاوە، زمان لە دنیای شیعری سەباح دا دەربڕینە، بەڵام بە باوەشێک ماناوە.

# پانزه

بیرمەنـدی ئەڵمانیـایی هێـربەرت مـارکۆز، بەیەکێـک لە چەپە لیبڕاڵەکـانی پەنجاکـانی سـەدەی بیسـت دادەنـدرێت، خـاوەنی مانیفێسـتی سـەرکەوتنی شۆڕشـی خوێندکارانە لە فەرەنسا. لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا، (ئەقڵ و شـۆڕش) قسـە لەسـەر هـزری دۆگما و پاشخانی کلتورە زبرەکان دەکات. لەم کتێبە جۆرێک لە جەدەل لە نێـوان فیورباخ و مـارکس لەلایەک و کـاریگەری هیگـڵ لەسـەر جیـاوازیە چینایەتیەکـان و بەرکەوتە کۆمەڵایـەتیەکان دروست دەکات، تەفسـیراتی جـودا لەهەنـاوی فەلسـەفەی مارکسـیەت بەرهەم دەهێنێـت، رەخـنە لەم مێـژووە دەگرێت و وێنایان دەکات بە فاشیەت .

مـارکۆز لەو کتێـبەدا دێـتە سـەر شـۆڕش وەک هێمـایەک بـۆ گەشەی کۆمەڵگە پیشەسازیەکان .

جـگە لەوە مـارکۆز بە یەکێـک لە لیـدەرەکانی قوتابخـانەی فرانکفۆرت حیساب دەکرێت و لەگەڵ هاپرماس و دۆرکایمەر و

تـۆدۆر و ئـادرنۆ کاریـان لەسـەر تەجدیـدی فکـری مارکسـی دەکرد لە ژێر رۆشنایی کتێبی، (سـەرمایە) و تێگەیشتی هیگڵ بۆ دادگەری کۆمەڵایەتي و ئەخلاقی سەرمایە لەنێو کۆمەڵگەدا.

مـارکۆز و هاوفکرەکـانی پێیـان وابـوو ئیشـکردن لە دنیـای مـارکس پیشـەی کەسـانی نـوخبە و خوێنـدکارانە بەتـایبەت ئەوانەی لە بـواری فەلسـەف و زانسـتە مرۆڤایەتیەکـان دەیانخوێنـد. لە پەرتـووکی (ئینسـانی یەک رەهەنـدی) مـارکۆز، بەها کلتوریەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و مرۆڤ نابەستێتەوە بە فۆرمێک لە تێگەیشتن، لای مارکۆز ئینسان هەمیشە زیاد لە تێڕوانینێکی هەیە، بەردەوام زیاد لە رەهەندێک بۆ تێگەیشتن لە رووداوەکان بەرهەم دەهێنێت .

# شانزه

مارتن لۆسەر ١٤٨٣ – ١٥٤٦ بەیەکێک لە ریفۆرم خوازی ئایینی مەسیحی دادەندرێت لە ئەوروپا، لۆسەر لە بەیاننامەیەک، کە خۆی لەچەند خاڵێک دەبینیەوە وەک قەشەیەک، کلێسا و دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی خستە ژێر پرسیارەوە، تێگەیشتنی ئەو بۆ ئایین و پەیڕوانی ئاینی مەسیحی جیابوو، لۆسەر خودای وەک بوونەوەرێکی دەستەمۆکراوی دەستی ئینسان سەیرنەدەکرد، بەڵکو خودا لای لۆسەر خولقێنەرێکی بێدەنگە و، مەسیح لەنێو تێکستدا قسەدەکات، بۆیە ئەو زیاتر کاری لە بونیادی دین دەکرد، دەیویست لە جەوهەری ئاینەوە گوتاری خۆی تەرحی ئەوانی دی بکات، نامەکەی لۆسەر ئیشکالیەتی گەورەی لە رۆما و ئەوروپا هێنا پێشەوە، ترس لە گوتار و زمانە ریفۆرم خوازیەکەی لۆسەر تا دەهات لەلایەن دەسەڵاتی کلێساوە بەهەند وەردەگیرا، ئەمەی لۆسەر تەنها رەخنە نەبوو لە فەزای ئاینی مەسیحی، وەک دین، بەڵکو جەدلێکی رادیکاڵیانەش بو بۆ

هەلـــومەرجی ئاییـنــداری لەو ســـەردەمەدا. لۆســـەر گومـــانی خســتبووە ســەر هەژمــوون و دەســەڵاتی پیـاوانی کلێسـا، ئەو دۆخەی کلێسـای بە کـارگەی بە کـۆیلەکردنی پەیڕەوانـی ئـاینی وێنـادەکرد، ئەو لە مەنـزومەی گەڕانەوەی بەهـا و سـەروەری ئینجیـل ژیــنگەی چەپێنــدراوی ئاییـنـداری بە دۆخـــی نــاجێگر پێناسەدەکرد. لای لۆسەر دەسەڵات نوێنەری خودا نیە لەسـەر زەوی، ئەو پێیـــوایە خـــودا لە بوونـــدا خۆشەویســـتی بـــۆ ئینســـــــانەکان بەرهەم هێنــــــاوە، جەوهەری ئاییـنــــــداری خۆشەویســتییە، نەک قوربانیـدان. لۆســـەر هەمیشـــە بەگــژ بە قوربانیکردنی مرۆڤ بۆ ئایین داچۆتەوە، هەمیشە ئەم واقیعەی بە کوشتنی ئیرادەی ئینسان لێکداوەتەوە. پرسی لێخۆشبوون و تـاوان و پاداشـت، بە گوتـاری دینیـی نەزانیـوە، ئەو پێـداگری لەسەر ئەوە دەکرد ئایینی مەسیحی، خۆی پەیامێکە بۆ لێخـۆش بوون، خودا لەنێو زمانی دەقدایە و لەرۆحی ئینسانەکان دێت و دەچێــت. دەســـەڵانی کلێساشـــی بە ســـتەمکار و بەگەمـــژە سەیرکردنی پەیڕەوانی ئـایین رەنگردووە. کاتێک پیـاوانی دین، خۆیـان لەبەرگـی نـوێنەری ئاسـمان نمـایش دەکەن و لەبـری لێخـۆش بـوون و گەیشـتن بە بەهەشـت، پـارە وەردەگـرن. لای لۆســەر ئەم نمایشــە جگە لە بەکەم ســەیرکردنی مـرۆڤ و بـێ بەهـاکردنی ئـاین و خـودا، هـیچ مانـایەکی دیـکە نـادات. وەک هایــدگەر وەک یەکێــک لە بیرمەمــدانی فەلســەفەی (بــون و نەبـوون) الوجـود والعـدم دادەنـدرێت، هایـدگەر گریمـانەی ورد

لەبارەی تێڕوانی مارتن لۆسەر بۆ دین بەرچاودەخات، لای هایدگەر لۆسەر بەشێک بوە لە منزومەی ئایینی مەسیحی و بونیادە چاکسازیەکەی ئەو لەنێو دەق نەبوو، بەڵکو ئیشکردن بووە لەسەر چەمکی دەسەڵات و گەڕاندنەوەی بەها بۆ ئاینی مەسیحی. جگە لەوەش هایدگەر لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا ( تێگەیشتنی بنەڕەتی لە میتافیزیکا)، نەک ئایین و تەواوی وجود دەخاتە ژێر پرسیار و فەیلەسوفانێکی وەک نیچە و کانت و مارکس و هیگڵ و شۆپنهاوەر بە رۆحی رۆشنگەری دەزانێت .

بێگومان تێگەیشتن لە بیرکردنەوەی مارتن لۆسەر دژواربوە، دژە لۆسەریەکان زۆرن، بەشێک لە بیرمەندانی رۆژئاوایی لۆسەر وەک فەنتەمینتالیستێک ناوی دەهێنن، پێانوایە مارتن لۆسەر جورئەتی ئەوەی نەبوە تەجاوزی دین بکات و یەک دیدگای نەبووە بۆ کۆی ئایینەکان، بەڵکو گوتاری لۆسەر بۆ چەمکی ئایین هەڵگری هەمان دۆخی گوتاری ئیسلامییە، لە چەرخی ناوەڕاستدا. بیرمەندانی وەک ئیبن روشد و فارابی و تەنانەت غەزالیش، کە بە رەوادی رۆشنگەری ئایینی دادەندرێن، تێگەیشتیان بۆ ئاین و ئەوی بەرامبەر ئایدیالیستانە و مەحافزکارانەبووە. ئەم بزاوتە هاوکات بووە لەگەڵ شۆڕشە داد پەروەریەکەی مارتن لۆسەر، بەس لەدوو دنیای جیاوزدا. لەو سەردەمەدا ئیسلام لە ئەوجی پەرەسەندنی خۆیدابووە، مەسیحیەتیش لە ئەوروپا دەخولایەوە بەدەوری ستەمکاریدا.

لۆسەر بە دژە یەهودی ناسراوە لە مێژوودا، گیانی تاکی مەسیحی بەپیرۆز سەیرکردوە، هیگڵیش دەکەوێتە هەمان هەڵەوە ئەو (پێیوایە خودا رۆحی پیرۆزی دابەزیوە بۆ زەویی و چۆتە گیانی ئەڵمانەوە)، ئەم تێگەیشتنە هیگڵیە بۆ بە پیرۆز سەیرکردنی تاکی ئەڵمانی، دواجار بۆتە ئایدۆلۆژیا و ستەمکاری لێبەرهەم هاتوە، لۆسەر لە کتێبی (درۆی یەهودیەت)، جوولەکە لە ئەوروپا بە کوشندەترین نەخۆشی ناودەبات، بۆیە لە کتێبەکەیدا دەڵێت (یەهودیەکان کرمێکی کوشندەن، لە نێو جەستەی ئێمەدا). روانگەی لۆسەر زۆر ئایدۆلۆژیستانە بوە، ئەم تێزە کوشتندەیەی مارتن لۆسەریش دواجار بۆتە بەبەشێک لە ئایدۆلۆژیای نازی و هیتلەری لێ بەرهەم هاتوە و لە دەرئەنجامدا کۆمەڵکوژی جوولەکەکانی لە ئەڵمانیا و ئەوروپا تێیدا روویداوە.

# حەڤدە

فتوا وەک چەمکێک لە دنیای مەعریفی ئێمە، هەڵگری دۆخی ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییە. بەدرێژایی دیرۆک هەمیشە دەرهاویشتەکانی فتوا شێوەیەک لە ریتمی نەریتی کۆمەڵگەکان وەردەگرێت، لەبەرگ و رەنگی تازەوە خۆیان نمایشدەکەنەوە .

کارین ئارمستروێنگ لە پەرتووکی ( مێژووی خولقێنەری مەزن). دیرۆکی فتوا، دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرهەڵدانی جیاوازیەکان لە دنیای موسڵماناندا، بەتایبەت لەسەر پەیڕەوی ئایین و دەسەڵات و بوارە فقهی و شەرعیەکان. نووسەر کۆتایی خەلافەتی راشیدین، بە سەرەتای دەرکەوتنی فتوا دیاری دەکات، لای ئەو بوونی تێگەیشتنی جیاواز و خوێندنەوەی جودای پەیڕەوانی ئایین بۆ ئیسلام، ئەدەبیاتی تەئویل و لێکدانەوەی دژبەیەک بۆ قورئان و فەرموودەی فراوانترکردووە. هەرچەند من جیاوازتر لە نووسەر بیردەکەمەوە و مێژووی فتوا دەگەڕێنمەوە بۆ سەردەمی

خەلافەتـــی پێشـــەوا ئەبـــوبەکری ســـدیق، کاتێــک بەشــێک لە موســـڵمانان دوای وەفــاتی پێغەمــبەر ( د. خ ) گوتیــان (چیتــر زەکات نادەین، چونکە ئێمە تەنها محەمەد بە نوێنەری خودا دەزانـــین و زەکـــات نـــادەین بە چێنشـــینی ئەو). پێشـــەوای موسڵمانانیش فتوای لە دژیان دەرکردوو، وتی( شەڕیان لەگەڵ بکەن، تا زەکات بۆ بەیتولمال دەهێنن). ئەمە یەکەم دەرکەوتنی فتوابوو، لە دژی ئەوانەی لە خەلیفە، وەک دەسەلاتداری ئەوسا هەڵگەڕانەوە. ئەمە جورئەتێکی گەورەی دەوێت، بۆ خەلیفە ئەم فتوایە بدات، چونکە لە هیچ دەقێکی قورئان بە زەقی نەهاتووە، ئەگەر موسڵمان زەکاتی نەدا بە دەسەڵاتداری ئیمانداران دەبێ جەنگی لەگەڵدا بکرێ، یان بکوژرێت. دیارە ئەم شەڕە درێژەی هەبوو، تا ناچار بەزەکاتدان کران، ئینجا ڕێگایان پێدرا وەک موسڵمان لەسەر خاکی ئیسلام بژین. ئەمە وێنەیەکی رۆشنی، پەیوەندی فتوا و دەســەڵاتە لەفەزا گشتیەکەی حکومڕانیەتی ئیسلامیدا .

لێرەدا دەبێ ئاماژە بە دوو جۆر فتوا بدەین، فتوایەک خودی پێغەمــبەری ئیســـلام، وەک تەفســـیر و تەئویــل بــۆ قورئـــان داویەتـی، بـۆ نمـونە، لەبـارەی ئەو ئەحكـام و سـەنەدانەی، کە پێویســتیان بە شــەرح و لێکـدانەوەی زیــاتر هەبــووە، بەمەش دەگوترێـــت (فەرمـــوودە). بەس فەرمودەکـــانی پێغەمـــبەر لە زەمەنـــی ژیـــانی پەیـــامهێنەردا وەک بەشــێک لە دیــن تۆمــار

نەدەکــران، ئەوان لە ســیاقی مێــژوو هێشــتبوویانەوە و وەک زمانی دووەمی ئایین مامەڵەیان لەگەڵ نەدەکرد، بەدەلیلی چی، بەو بەڵگەیەی یاوەرانی پێغەمبەر فەرموویان ئەی پێغەمبەری خـودا قسـەکانی تـۆش بنووسـینەوە، ئەمـیش وتـی نـا. ئـایەتی (پێغەمبەر هیچ قسەیەک ناکات تەنها ئەوە نەبێت، کە ئێمە وەک وەحی بۆی دەنێرین)، ئاماژەیەکی روونە، کە تەنها قورئان و ئایەتەکانی رێگا پێدرابووە بنووسرێتەوە و وەک دین چاوی لێبکرێـت، ئەمەش هۆکـاربووە، کە دوای ســێ ســەدە ئینجــا دەســەڵاتی ئیســلامی بـۆ رایکردنـی کارەکـانی برِیـار لەســەر کـۆکردنەوەی فەرموودەکـانی پێغەمـبەر بـدات، ئەمەش دۆخـی دووەمــــی فتــــوایە، کە ئامــــاژەم پێـــدا، ئەم دۆخە لەدوای کۆکردنەوەی فەرمودە بەرهەم دێت. بێگومان بەمەش جۆرێک لە تێگەیشــتنمان بـۆ دروســت دەبێـت، کە فتـوا پەیوەنـدی بە ســـوڵتەوە هەیە، دەســـەڵاتداران بـــۆ راییکردنـــی کارەکانیـــان پێویستیان بەفتوای زانایان و فتواداران دەبێت. ئیمامی حەنبەل لە کتێبـــی (المســـند) نـــزیکەی ســـی هەزار فەرمـــوودەی کۆکردۆتەوە و شـەرحی بۆ کردووە و دابەشیکردووە بەسـەر چەند باب و ئەحکامێک لەناو شـەریعەتدا، فتواکانی ئەو جێی بـاوەڕی ســوڵتەی ئەوکــاتەی موســڵمان بــووینە. کــاتێکیش دەوڵەتی عەرەبستانی سعودی دادەمەزرێت، مەزهەبی حەنبەلی بە فەرمی دەکەنە بنەمای دەوڵەتەکەیان. بێگومان دەسـەڵات، لە مێــژووی خۆیــدا دینــی وەک بەشــێک لە جەســتەی خــۆی

سـەیرکردووە، هەمیشـە زانایـانی بەکارهێنـاوە بـۆ جێگیرکرنـی پایەکانی خۆیی و مەرکەزیەتی بڕیارەکانی، لەسەردەمی ئیمامی شافیعیدا تەنها کەناڵێک کە دەرفەت بوبێت خەڵک و موسـڵمانان بەرپـرس و خـاوەن دەسـەڵاتی ئیسـلامی تێـدا ببینـدرێت، تەنهـا مزگەوتەکـان بـووە، ئەمـیش لەکـاتی وتـاری هەینیـدا، چـونکە ئەوکـاتە بەهـۆی زۆری سـتەمی دەسـەڵاتدارانەوە موسـڵمانان رەخنەیەکـی زۆریـان لە فەرمانڕەوایـان هەبـوو، بەس دەبینـین سـولّتە دێـت، فتـوایەک بە ئیمـامی شـافیعی دەردەکـات، کە هەرکەسێک لەنـاو خـوتبە و لەکـاتی نـوێژی هەینیـدا قسـەبکات، نـوێژی بەتـاڵ دەبێت و خـودای تاقـانە لێیوەرناگرێت. بێگومـان مەدلـولی ئەمە تەنهـا ئەوە دەگەیەنێـت، کە سـولّتە فتـوا بـۆ مـانەوەی خـۆی دەردەکـات. نمـونەی جیـاوازی بۆچـونی مەزهەبەکـانی دیـکە لەگەڵ یەک و ئەم خـیلافە گەورەی نێونـان شـیعە و سـوننە و دروسـتبونی سـەدەها تەیـاری فکـری و ئایدۆلۆژی دژ بەیەک لەنێو هەناوی ئیسـلامدا، فتـوای لە دۆخـی سروسشـتی ئـاینی گۆڕیـوە بـۆ بەرژەوەنـدی سـولّتە و دەسەڵاتدارانەوە.

# هەژدە

هانا ئارێنتHannah Arendt ) )، ١٩٠٦ –١٩٧٥ .یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی، کە ڕەخنەی جددی هەیە لە دنیای مۆدێرنە و چەمـــک و ڕەهەنـــدەکانی. بێگومـــان لە وتـــار و کتێـــب و بەرهەمەکانیدا قسەی جدی لەسەر فۆڕم و ئیشکالیەتی نێو دنیـــای مـــۆدێرنەکردووە. لای ئارێنـــت کاتێـــک سیاســـەت و فەلسەفە بایەخیان دەبێت، کاتێک دەبن بە بەشێک لە تیۆری گفتوگۆکردن، بۆیە ئارێنت هەمیشە بەدوای جەدەلی نێوان سیاسـەت و فەلســەفە دەگەڕا، هەر ئەوە وایکـردووە ئەم دوو چەمکە دواجار ببێتە جێگەی بایەخی هانا ئارێنت .

هـــانس جۆنســـی فەیلەســـوفی بەناوبـــانگی ئەڵمـــان، لە کتێبـــی (بنەماکانی بەرپرسیاری) لەبارەی ئیشە فکریەکانی ئارێنتەوە دەڵێت:( تیـزە سیاسـی و فکریەکـانی هانـا ئارێنـت لەناوەنـدە ئەکادیمی و روناکبیریەکاندا، بووە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی گفتوگۆکردن و باسکردن لە بواری تیۆری سیاسیدا). هەروەها ئاماژە بەوەدەکات، کە میتۆدی لێکۆڵینەوەکانی ئارێنت لەمەڕ

ئایدیا و چەمکەکان، جۆرێک لە ئاراستەکردنی بەسەر کۆمەڵگە و هۆشمەندان سەپاند).

فەزای ئیشەکردنی فکری ئارێنت زیاتر وەستان بوو لەسەر چەمکی (بیرکردنەوە و ئازدی)، هەمیشە ئارێنت ئەم دوو چەمکەی دەبەستاوە بەیەکتری. بوونی ئینسانی وابەستەی بیرکردنەوەی دەکرد، بۆیە لە تیز و ئەندێشەکانیدا هەمیشە ئارێنت پێیوابووە هەر مرۆڤێک بیری نەکردەوە، کەواتە بوونی نییە، ئەو بوونی مرۆڤی بە بیرکردنەوەی لێکدەدایەوە. هەڵبەتە، ئەم ڕایەی ئارێنت، لە کانتی فەیلەسوف نزیکە، کە دەڵێت ( من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم)، بەس ئارێنت ئەم روانینەی خۆی بە بەستنەوەی وجودی مرۆڤ وەک کارەکتەرێک لە نێو دوو فەزادا، فەزای سیاسەت و فکردا قوڵدەکردەوە، ئەو زیاتر گرینگی بە مرۆڤی سیاسی دەدا، لای ئارێنت، سیاسەت هونەری هۆشیاری تاکە، لای ئەو بنەماکانی سیاسەتکردن، کۆمەڵگە دەخاتە مەنرومەیەکی بیرکەرەوە، بۆیە ئارێنت هەمیشە تاک دەچوێنێت بە مەخلوقێکی سیاسی. پێشیوایە ئەوکاتە ئازادی، کە بیردەکەیتەوە. هانا ئارێنت بەوە لە کانت جیادەکرێتەوە، کە ئارێنت ئازادی دەخاتە پێش بیرکردنەوە، بوونیش لەو ئازادیەوە دەبینێت.

سەبارەت بە چەمکی سیاسەت و تێگەیشتن لە سیاسەت دەیگوت: سیاسەت تێگەیشتنە نەک کارکردن، سەبارەت بە

دۆخـــی بیرکــردنەوە و میــژوو و رابــردوو ئارێنــت دەڵێــت: (بیرکـردنەوە واتە بیرهێنـانەوەی ڕابـردوو، پەیوەسـتکردنی بە ئێسـتاوە). نمـوونەی زۆر بـۆ ئەم تێـڕوانینەی خـۆی دەێنێتەوە، ئەو خەیــاڵ و بیرکردنەوەکــانی وەک گەڕان بەدوای مــرواری لەنـاو دەریـادا لێک دەدایەوە. بەڕای ئەو مرۆڤـی ئـازاد، دەبێت ڕۆڵی هـاوڵاتی لە چوارچێوەی گشـتیدا ئەنجـام بـدات. لای هانـا ئارێنــت کــاری سیاســی لە فەزای گشــتییدا، مانــای ئــازادی مرۆڤەکانە. بەپێی بۆچوونەکانی ئەو لە دەرەوەی چوارچێوەی سیاسەت ژیـانی مـرۆڤ نەک لە بەرامـبەر توندووتیژی ئەوانـی دیــکەدا دەکەویــتە مەترســییەوە، بەڵکــو بێمانــا و بــێ ریشــە دەمێنێتەوە.

# گەڕان بەدوای ئەڕنەوازدا

ئیدی، تەواو دەبێ ئەو گەشتە بکەم، سەفەری گەڕان بەدوای ئەڕنەوازی کچی زەردەشتدا، دایکم بەشێوەیەک ناوی ئەڕنەوازی دەهێنا، کە هاوڕێی گیانی بەگیانی من بێت، وەکو ئەوەی من لە نزیکەوە ئاشنایبم و چەندان یادەوەری و ژیانی تاڵی و شیرینیمان بەیەکەوە بەسەربردبێت، خۆشی و ناخۆشیمان بۆ یەک بێت بیرمە دەیگوت، من لەو کچەوە زانیومە کە دارینی کوڕم بەنیازی نووسینی ڕۆمانێکە، یانی بەقسەی دایکم بێت ئەڕنەواز ئەو ناوەڕۆک و فکرو جیهانبینی نێو ڕۆمانەکەمی لای دایکم باسکردووە، بۆیە دایکم بەو جۆرە پەرێشان و نیگەرانی نووسینی ئەو ڕۆمانەم بووە، وەک خۆیباسیکردووە، ئەو کچە ئەوشتانەی لادرکاندووە بۆیە ئەویش بەو شێوەیە قسەم لەگەڵدەکات و بەو جۆرە مەترسی خۆی لە بلاوبوونەوەی رۆمانەکەم دەربڕیوە، بەڕاستی ئەوکاتە و ئێستاش ئەو دڵتەنگیەی دایکم بەلاوە سەیربوو، نەمدەزانی بۆچی دایکم نایەوێت ئەو ڕۆمانە بلاوببێتەوە، دەبێت چ شتێک، چ نیهێنیەک لە چاپنەکردنی دابێت، بۆ ئەوەندە پێداگری لەسەر بلاونەبوونەوەیەتی.

پـێش ئەوەی نیشـەکانی دایەم ببیـنم، زۆر بیـرم لەو قسـانەی دایکم دەکردەوە، کە لەبارەی ئەو کـچەوە دەیگوت، بەس ئێسـتا باشـتر لە نیـاز و مەبەسـتی دایکـم گەیشـتم، تێگەیشـتم دایەم بە ئەنقەسـت وتـوویەتی ئەو کـچە دۆسـتی دارینە، ئەو دەیزانـی لە ئاییندەدا دەبێـتە دۆسـتم، بینیتـان پـێش بینیەکـانی دایەم چـۆنە، ئەو هیچ شتێکی نەدەکـرد، نەدەگـوت، ئەگەر پێشـتر لێکدانەوەی بۆ نەکردایە. ناوهێنانی ئەڕنەوازیش، بەتایبەت ئەو ناوهێنـانەش وەکـو ئەوەی هـاوڕێ و دۆسـتی مـن بێـت، لەکاتێکـدا دایکـم دەیزانی مـن هـیچ هـاوڕێیەکی کچـم نییە بەو نـاوەوە، هەروەهـا برادەرەکانی منیش بە کچ و کوڕیانەوە دایکم لەنـزیکەوە دەیـان ناسـێت، هەرچەنـدە هاوڕێکـانی مـن بەپەنـچەی دەسـت دەژمێـردرێن، بەس دایکـم بـاش دەیـان ناسـێت، بـۆیە کەوتـمە وردبـوونەوە و لێکدانـەوەی ئەو کـارەی دایکـم، دەبـێ چ مەبەسـتێک لەو ناوهێـنانەی داهەبێت، تـا یاداشـتنامەکەی دایکـم بە وردی نەخوێندەوە، لە مەبەسـتی دایکـم تێنەگەیشـتم، بـۆ مـن کـارێکی ئاسـان نەبـوو، لەو نیـازەی دایەم بگەم، دەبێ بـۆ چـی بڵێـت ئەڕنەواز هـاوڕێی داریـنە و لەکاتێکـدا ئاشـنایەتیم لەگەڵ ئەڕنەوازی نییە و بەپێچەوانەوە لەیاداشت نامەکەیدا دایکم زۆر بە وردی باسـی ئەو ئەڕنەوازە دەکـات، وەکـو ئەوەی دەستەخوشکی یەکتری بن لەگەڵ دایکم، ئەوەنده جـوان باسـی ئەو کـچە دەکـات، بە کەسـێکی بلـیمەت و یـاخی نـاوی دەبـات، بەجۆرێک ناوی دەهێنێت، کە ئەو چاوەنواڕی من بێت، بۆیە لە

باســـــی ئەوەوە دایکـــــم نووســــــیویەتی، (ئەڕنەوازی کچـــــی زەردەشـت، لەبەرەبەیـانێکی تـازەی سـاڵ و ڕۆژێکـی نـوێ وە، "دیـارە مەبەسـتی نەورۆزە" لە خـۆرهەڵات، لە نزیـک شـاخی ڕاهـون ئاگـایی دەپشـکوێ و چـرۆ دەکـات. ئەو وتەی تـازە و ڕوانینـی تـازەی لەگەڵ خۆیـدا هەڵگرتـووە، پـێ بە پـێ، شـارەو شـــار ڕۆحـــی دێــت. هەزاران حیکـــایەت و سەرگوزەشـــتە و داسـتانی لایە، بەدوای کەسـێکدا دەگەڕێـت، بـۆی بخـوێنێتەوە، خەمەکانی لەگەڵ هەڵگرێت و وەک ئەو یاخیبێت.